# بنەماكانی فەرهەنگی فێركاری

## (هەراشان، هەرزە) بە نموونە

نامەیەكە

پێشكەش بە ئەنجومەنی كۆلێژی پەروەردە و زمانی زانكۆی چەرموو – چەمچەماڵ كراوە، وەك بەشێك لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی كوردیدا.

لەلایەن

**فاخر نەجمەدین قەرەمحەمەد**

بەكالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی كوردیدا، ساڵی (٢٠١٥) لە زانكۆی كەركوك

بە سەرپەرشتی

**د. سۆزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی**

كانوونی دووەمی ٢٠٢٣ زایینی                    بەفرانباری ٢٧٢٢ كوردی

## بەڵێننامە

بەڵێندەدەم کە ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی (بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری (هەراشان، هەرزە) بە نموونە) هەمووی بە ئەنجام گەیەنراوە لەلایەن خودی خۆمەوە، جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسین و ئەنجامەکانی توێژینەوە کاری سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاونەکراوەتەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە، بەڵێندەدەم، کە لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی خوێندکار: فاخر نەجمەدین قەرەمحەمەد

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٢

## بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی

ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی (بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری (هەراشان، هەرزە) بە نموونە)، کە لەلایەن (فاخر نەجمەدین قەرەمحەمەد) پێشکەشکراوە، لەلایەن خودی خۆمەوە لە ڕووی زانستییەوە پێداچوونەوەی بۆ کراوە، پشتگیری دەکەم و ڕەزامەندین، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ بکرێت.

واژوو:

هەڵسەنگێنەری زانستی: د. مستەفا ڕەزا مستەفا

نازناوی زانستی: مامۆستا

ڕێکەوت:     /     / ٢٠٢٢

**پشتگیری سەرپەرشت**

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتی من ئامادەکراوە و نووسراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی زمانی کوردی و پشتگیری دەکەم، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ بکرێت.

واژوو:

ناو: د. سۆزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی

سەرپەرشت

ڕێکەوت:   /   / ٢٠٢٢

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراون و بە پشتگیری سەرپەرشتی نامەکە ئەم نامەیە دەنێرم بۆ لیژنەی گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: د. ئاسۆ عومەر مستەفا

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت:   /   / ٢٠٢٢

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک لیژنەی گفتوگۆ، ماستەرنامەی خوێندکار (فاخر نەجمەدین قەرەمحەمەد)مان بە ناونیشانی (بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری (هەراشان، هەرزە) بە نموونە) خوێندەوە لەگەڵ خودی خوێندکاردا گفتوگۆمان کرد، بۆیە بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (            ) بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی (زمانی کوردی) پێبدرێت.

واژوو:
ناو: پ. د. بەکر عومەر عەلی
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: ١٦ / ١ / ٢٠٢٣

واژوو:
ناو: پ. د. عەبدولواحید موشیر دزەیی
ئەندام
ڕێکەوت: ١٦ / ١ / ٢٠٢٣

واژوو:
ناو: پ. د. شەهاب تەیب تاهیر
ئەندام
ڕێکەوت: ١٦ / ١ / ٢٠٢٣

واژوو:
ناو: د. سۆزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی
ئەندام و سەرپەرشت
ڕێکەوت: ١٦ / ١ / ٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردە و زمان - زانکۆی چەرموو پەسەندکرا.

ناو: پ. ی. د. سامان عەزەدین سەعدون

ڕاگری کۆلێژی پەروەردە و زمان- زانکۆی چەرموو- چەمچەماڵ

ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

## پێشکەش

ئەم نامەیە پێشکەشە بە:

- دایک و باوکم.

- خوشک و براکانم.

- خێزانەکەم.

## سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ:

- بەڕێز (د. سۆزان سەعدوڵلا عەبدولغەنی) مامۆستا و سەرپەرشتم، کە ئەرک و ماندووبوونی زۆری بینی، بەوەی لە سەرەتاوە بە ڕێنمایی و تێبینییەکانی کاری بۆ ئاسانکردم و تێبینییەکانی بەڕێزیان نامەکەی دەوڵەمەندکرد.

- بەڕێز (پ. د. شەهاب تەیب تاهیر) لە پێدانی سەرچاوە و بە ڕاوێژکردن لەم نامەیەدا هاوکاریکردووم.

- سەرجەم مامۆستاکانم لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن.

- سەرجەم ئەو هاوڕێیانەی لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە هاوکارییانکردووم.

## پوختە

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری (هەراشان، هەرزە) بە نموونە)یە، لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی ئاماری ڕەچاوکراوە و باس لە فەرهەنگسازی و فەرهەنگی فێرکاری کراوە، ئەو بنەمایانەی کە پێویستن لە فەرهەنگی فێرکاری تایبەت بە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی خراونەتەڕوو و تایبەتمەندی ئەم جۆرە فەرهەنگانە باسکراوە، پاشان خشتەی ئاماری لەسەر بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری و ڕێژەی بەکارهێنان و جێبەجێکردنی ئەو بنەمایانە لە فەرهەنگی فێرکاری خراونەتەڕوو لە (فەرهەنگی هەراشان)، کە فەرهەنگێکی (کوردی – کوردی)یە و تایبەتە بە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و (فەرهەنگی هەرزە)، کە فەرهەنگێکی (کوردی – کوردی)یە و تایبەتە بە قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی، کە هەردوو فەرهەنگەکە لە ڕوانگەی بەکارهێنانی بنەماکانی فەرهەنگەوە هەڵسەنگێنراون، پاشان ڕێژەی سەدی لە بەکارهێنانی بنەماکانی فەرهەنگ لە هەردوو فەرهەنگەکەدا خراونەتەڕوو.

کلیلی وشەکان: فەرهەنگی فێرکاری، بنەماکانی فەرهەنگ، دەروازەی فەرهەنگی، فەرهەنگنووسی.

# ناوەڕۆک


| | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | **پێشەکی** | **٢-١** |
| ١/٠ | ناونیشان و بواری توێژینەوەکە | ١ |
| ٢/٠ | هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە | ١ |
| ٣/٠ | ڕێبازی توێژینەوەکە | ١ |
| ٤/٠ | ئامانجی توێژینەوەکە | ١ |
| ٥/٠ | پێکهاتەی توێژینەوەکە | ٢-١ |
| | **بەشی یەکەم: فەرهەنگسازی و فەرهەنگی فێرکاری** | **٢٧-٣** |
| ١/١ | فەرهەنگسازی | ٤ |
| ١-١/١ | فەرهەنگناسی | ٨ |
| ٢-١/١ | فەرهەنگنووسی | ١٠ |
| ٢/١ | جۆرەکانی ڕێکخستنی فەرهەنگ | ١١ |
| ١-٢/١ | ڕێکخستنی دەنگی | ١٢ |
| ٢-٢/١ | ڕێکخستنی ئەلفبێی سەرەتایی | ١٢ |
| ٣-٢/١ | ڕێکخستنی ئەلفبێی کۆتایی | ١٣ |
| ٤-٢/١ | ڕێکخستنی واتایی | ١٤ |
| ٥-٢/١ | ڕێکخستنی بناغەیی | ١٥ |
| ٣/١ | چەمکی فەرهەنگی فێرکاری | ١٥ |
| ٤/١ | هەوڵەکانی دانانی فەرهەنگی فێرکاری | ١٨ |
| ٥/١ | جۆرەکانی فەرهەنگی فێرکاری بەپێی قۆناغەکانی خوێندن | ٢١ |
| ٦/١ | جۆرەکانی فەرهەنگی فێرکاری لە ڕووی زمانەوە | ٢٤ |
| ٧/١ | ڕەگەزەکانی فەرهەنگی فێرکاری | ٢٦ |
| | **بەشی دووەم: بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری بۆ قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی** | ٥٣-٢٨ |
| ١/٢ | بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری | ٢٩ |
| ١-١/٢ | پێشەکیی فەرهەنگی فێرکاری | ٣٠ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢-١/٢ | دەروازەکانی فەرهەنگی فێرکاری | ٣١ |
| ١-٢-١/٢ | هەڵبژاردنی دەروازەکان | ٣٢ |
| ٢-٢-١/٢ | ژمارەی دەروازەکان | ٣٣ |
| ٣-٢-١/٢ | جۆری دەروازەکان | ٣٤ |
| ٣-١/٢ | ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگی فێرکاری | ٣٥ |
| ١-٣-١/٢ | ڕێکخستنی دەرەکی | ٣٥ |
| ٢-٣-١/٢ | ڕێکخستنی ناوەکی | ٣٦ |
| ٤-١/٢ | زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگی فێرکاری | ٣٧ |
| ١-٤-١/٢ | زانیاریی ئاستەکانی زمان | ٣٧ |
| ١-١-٤-١/٢ | زانیارییە دەنگسازییەکان | ٣٨ |
| ٢-١-٤-١/٢ | زانیارییە وشەسازییەکان | ٣٩ |
| ٣-١-٤-١/٢ | زانیارییە ڕستەسازییەکان | ٤١ |
| ٤-١-٤-١/٢ | زانیارییە واتاسازییەکان | ٤٢ |
| ٢-٤-١/٢ | زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن | ٤٥ |
| ١-٢-٤-١/٢ | زانیاریی گشتگیری | ٤٥ |
| ٢-٢-٤-١/٢ | زانیاریی زاراوەی بوارەکانی خوێندن | ٤٦ |
| ٥-١/٢ | ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگی فێرکاری | ٤٧ |
| ١-٥-١/٢ | ئامرازە گۆکراوەکان | ٤٨ |
| ٢-٥-١/٢ | ئامرازە بینراوەکان | ٥٠ |
| ٣-٥-١/٢ | ئامرازە بیستراوەکان | ٥١ |
| ٦-١/٢ | پاشکۆکانی فەرهەنگی فێرکاری | ٥٢ |
| | **بەشی سێیەم: جێبەجێکردنی بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری لە فەرهەنگی هەراشان و هەرزە** | ١٠٠-٥٤ |
| ١/٣ | ناساندنی فەرهەنگی هەراشان | ٥٥ |
| ٢/٣ | بنەماکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان | ٥٥ |
| ١-٢/٣ | پێشەکیی فەرهەنگی هەراشان | ٥٦ |
| ٢-٢/٣ | دەروازەکانی فەرهەنگی هەراشان | ٥٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣/٢-٢-١ | هەڵبژاردنی دەروازەکان | ٦٠ |
| ٣/٢-٢-٢ | ژمارەی دەروازەکان | ٦٠ |
| ٣/٢-٢-٣ | جۆری دەروازەکان | ٦٢ |
| ٣/٢-٣ | ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگی هەراشان | ٦٣ |
| ٣/٢-٣-١ | ڕێکخستنی دەرەکی | ٦٣ |
| ٣/٢-٣-٢ | ڕێکخستنی ناوەکی | ٦٤ |
| ٣/٢-٤ | زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگی هەراشان | ٦٤ |
| ٣/٢-٤-١ | زانیاریی ئاستەکانی زمان | ٦٥ |
| ٣/٢-٤-١-١ | زانیارییە دەنگسازییەکان | ٦٥ |
| ٣/٢-٤-١-٢ | زانیارییە وشەسازییەکان | ٦٦ |
| ٣/٢-٤-١-٣ | زانیارییە ڕستەسازییەکان | ٦٧ |
| ٣/٢-٤-١-٤ | زانیارییە واتاسازییەکان | ٦٨ |
| ٣/٢-٤-٢ | زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن | ٦٩ |
| ٣/٢-٤-٢-١ | زانیاریی گشتگیری | ٧٠ |
| ٣/٢-٤-٢-٢ | زانیاریی زاراوەی بوارەکانی خوێندن | ٧١ |
| ٣/٢-٥ | ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگی هەراشان | ٧٤ |
| ٣/٢-٥-١ | ئامرازە گۆکراوەکان | ٧٤ |
| ٣/٢-٥-٢ | ئامرازە بینراوەکان | ٧٥ |
| ٣/٢-٥-٣ | ئامرازە بیستراوەکان | ٧٦ |
| ٣/٢-٦ | پاشکۆکان لە فەرهەنگی هەراشان | ٧٦ |
| ٣/٣ | ناساندنی فەرهەنگی هەرزە | ٧٨ |
| ٣/٤ | بنەماکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە | ٧٨ |
| ٣/٤-١ | پێشەکیی فەرهەنگی هەرزە | ٧٩ |
| ٣/٤-٢ | دەروازەکانی فەرهەنگی هەرزە | ٨١ |
| ٣/٤-٢-١ | هەڵبژاردنی دەروازەکان | ٨١ |
| ٣/٤-٢-٢ | ژمارەی دەروازەکان | ٨٢ |
| ٣/٤-٢-٣ | جۆری دەروازەکان | ٨٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣/٤-٣ | ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگی هەرزە | ٨٥ |
| ٣/٤-٣-١ | ڕێکخستنی دەرەکی | ٨٥ |
| ٣/٤-٣-٢ | ڕێکخستنی ناوەکی | ٨٥ |
| ٣/٤-٤ | زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگی هەرزە | ٨٦ |
| ٣/٤-٤-١ | زانیاریی ئاستەکانی زمان | ٨٧ |
| ٣/٤-٤-١-١ | زانیارییە دەنگسازییەکان | ٨٧ |
| ٣/٤-٤-١-٢ | زانیارییە وشەسازییەکان | ٨٨ |
| ٣/٤-٤-١-٣ | زانیارییە ڕستەسازییەکان | ٨٩ |
| ٣/٤-٤-١-٤ | زانیارییە واتاسازییەکان | ٩١ |
| ٣/٤-٤-٢ | زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن | ٩٢ |
| ٣/٤-٤-٢-١ | زانیاریی گشتگیری | ٩٢ |
| ٣/٤-٤-٢-٢ | زانیاریی زاراوەی بوارەکانی خوێندن | ٩٣ |
| ٣/٤-٥ | ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگی هەرزە | ٩٦ |
| ٣/٤-٥-١ | ئامرازە گۆکراوەکان | ٩٦ |
| ٣/٤-٥-٢ | ئامرازە بینراوەکان | ٩٨ |
| ٣/٤-٥-٣ | ئامرازە بیستراوەکان | ٩٨ |
| ٣/٤-٦ | پاشکۆکان لە فەرهەنگی هەرزە | ٩٨ |
| **ئەنجام** | | ١٠١ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | | ١٠٢-١٠٧ |
| **پاشکۆکان** | | ١٠٨-١١٢ |
| **Abstract** | | A |

## پێرستی هێڵکاری و خشتە و چارت و پاشکۆکان

### هێڵکارییەکان


| لاپەڕە | هێڵکارییەکان |
|---|---|
| ٥ | هێڵکاریی ژمارە (١) فەرهەنگسازی |
| ٧ | هێڵکاریی ژمارە (٢) فەرهەنگی گشتی |
| ١١ | هێڵکاریی ژمارە (٣) فەرهەنگنووسی |


### خشتەکان


| لاپەڕە | خشتەکان |
|---|---|
| ٥٨ | خشتەی ژمارە (١) هێما کورتکراوەکانی فەرهەنگی هەراشان |
| ٥٩ | خشتەی ژمارە (٢) ئەرکەکانی پێشەکی لە پێشەکیی فەرهەنگی هەراشان |
| ٦١ | خشتەی ژمارە (٣) دەروازەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان |
| ٦٣ | خشتەی ژمارە (٤) بەکارهێنانی دەروازەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان |
| ٦٤ | خشتەی ژمارە (٥) ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان |
| ٦٥ | خشتەی ژمارە (٦) زانیارییە دەنگسازییەکان لە فەرهەنگی هەراشان |
| ٦٧ | خشتەی ژمارە (٧) زانیارییە وشەسازییەکان لە فەرهەنگی هەراشان |
| ٦٨ | خشتەی ژمارە (٨) زانیارییە ڕستەسازییەکان لە فەرهەنگی هەراشان |
| ٦٩ | خشتەی ژمارە (٩) زانیارییە واتاسازییەکان لە فەرهەنگی هەراشان |
| ٧٣ | خشتەی ژمارە (١٠) زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن لە فەرهەنگی هەراشان |
| ٧٤ | خشتەی ژمارە (١١) زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان |
| ٧٦ | خشتەی ژمارە (١٢) ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان |
| ٧٦ | خشتەی ژمارە (١٣) پاشکۆکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان |
| ٧٧ | خشتەی ژمارە (١٤) جێبەجێکردنی بنەماکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان |
| ٨٠ | خشتەی ژمارە (١٥) هێما کرتکراوەکانی فەرهەنگی هەرزە |
| ٨١ | خشتەی ژمارە (١٦) ئەرکەکانی پێشەکی لە پێشەکیی فەرهەنگی هەرزە |

| | |
|---|---|
| خشتەی ژمارە (١٧) دەروازەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە | ٨٢ |
| خشتەی ژمارە (١٨) بەکارهێنانی دەروازەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە | ٨٤ |
| خشتەی ژمارە (١٩) ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە | ٨٦ |
| خشتەی ژمارە (٢٠) زانیارییە دەنگسازییەکان لە فەرهەنگی هەرزە | ٨٧ |
| خشتەی ژمارە (٢١) زانیارییە وشەسازییەکان لە فەرهەنگی هەرزە | ٨٩ |
| خشتەی ژمارە (٢٢) زانیارییە ڕستەسازییەکان لە فەرهەنگی هەرزە | ٩٠ |
| خشتەی ژمارە (٢٣) زانیارییە واتاسازییەکان لە فەرهەنگی هەرزە | ٩١ |
| خشتەی ژمارە (٢٤) زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن لە فەرهەنگی هەرزە | ٩٥ |
| خشتەی ژمارە (٢٥) زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە | ٩٦ |
| خشتەی ژمارە (٢٦) ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە | ٩٨ |
| خشتەی ژمارە (٢٧) پاشکۆکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە | ٩٩ |
| خشتەی ژمارە (٢٨) جێبەجێکردنی بنەماکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە | ٩٩ |

## چارتەکان

| چارتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| چارتی ژمارە (١) جێبەجێکردنی بنەماکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان | ٧٧ |
| چارتی ژمارە (٢) جێبەجێکردنی بنەماکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە | ١٠٠ |
| چارتی ژمارە (٣) جێبەجێکردنی بنەماکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان و هەرزە | ١٠٠ |

## پاشکۆکان

| پاشکۆکان | لاپەڕە |
|---|---|
| پاشکۆی ژمارە (١) وێنە بەکارهاتووەکان لە فەرهەنگی هەراشان | ١٠٨ |
| پاشکۆی ژمارە (٢) هێما ئاماژە پێنەکراوەکان لە فەرهەنگی هەرزە | ١٠٩ |
| پاشکۆی ژمارە (٣) ژمارەی شیعرە بەکارهاتووەکان لە فەرهەنگی هەرزە | ١١٠ |
| پاشکۆی ژمارە (٤) ژمارەی پەندە بەکارهاتووەکان لە فەرهەنگی هەرزە | ١١١ |

# پێشەکی

## ١/٠) ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری (هەراشان، هەرزە) بە نموونە)یە، بواری توێژینەوەکە لە بواری فەرهەنگسازییە و تایبەتە بە بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری بۆ قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی و ئەو بنەمایانەی کە لەم جۆرە فەرهەنگانەدا هەیە دەخرێنەڕوو.

## ٢/٠) هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

بواری فەرهەنگسازی و فەرهەنگە پسپۆڕییەکانی زمانی کوردی و فەرهەنگە فێرکارییەکان بە کەمی توێژینەوەیان لەسەر کراوە بەراورد بە هەندێک زمانی تر، لەبەر کەمی ئەم جۆرە توێژینەوانە بە گرنگی دەزانین، کە توێژینەوەیەک لەم جۆرە ئەنجامبدرێت و دوو فەرهەنگی فێرکاری (کوردی – کوردی) بە نموونە وەربگیرێت.

## ٣/٠) ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی دەچێتە چوارچێوەی ڕێبازی پەسنی و ئاماری، کە ئەو دوو ڕێبازە بۆ بەشە تیۆریی و ئامارییەکانی ئەم توێژینەوەیە پەیڕەوکراون.

## ٤/٠) ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە یارمەتیدانی فەرهەنگنووسان و لیژنە تایبەتەکانی دانانی فەرهەنگ بۆ مەبەستی دانانی فەرهەنگی فێرکاری (کوردی – کوردی) بە شێوەیەکی زانستی و دروست و هاوچەرخ بۆ قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی بە ڕەچاوکردنی بەکارهێنانی بنەماکانی فەرهەنگ.

## ٥/٠) پێکهاتەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی.

**بەشی یەکەم: فەرهەنگسازی و فەرهەنگی فێرکاری**

ئەم بەشە لە چەند تەوەرێک پێکهاتووە و باس لە فەرهەنگسازی و فەرهەنگی فێرکاری و لقەکانی فەرهەنگسازی دەکات، کە لە دوو لق پێکدێن، بریتین لە (فەرهەنگناسی و فەرهەنگنووسی) و شێوەکانی ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ باسکراون، کە چەند شێوەیەکی هەیە، هەروەها چەمک و پێناسەی فەرهەنگی فێرکاری و گرنگی و ڕۆڵی ئەم جۆرە فەرهەنگانە و هەوڵەکانی دانانی فەرهەنگی فێرکاری لە زمانی کوردیدا، هەروەها فەرهەنگی فێرکاری بەپێی قۆناغەکانی خوێندن و فەرهەنگی فێرکاری بەپێی زمان، هەروەها ڕەگەزەکانی فەرهەنگی فێرکاری باسکراون و ڕوونکراونەتەوە.

**بەشی دووەم: بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری بۆ قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی**

لەم بەشەدا ئاماژە بە بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری دراوە و بە تێروتەسەلی باسکراون، کە بریتین لە: پێشەکیی فەرهەنگی فێرکاری و ئەو ئەرکانەی کە پێویستن لە پێشەکیی فەرهەنگی فێرکاریدا هەبن، دەروازەکانی فەرهەنگی فێرکاری لە ڕووی هەڵبژاردنی دەروازەکانی فەرهەنگ و ژمارەی دەروازەکانی فەرهەنگ و جۆری دەروازەکان، هەروەها ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگی فێرکاری، کە دوو جۆر لە ڕێکخستن هەیە، بریتین لە: (ڕێکخستنی دەرەکی و ڕێکخستنی ناوەکی)، هەروەها زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگی فێرکاری، وەک: زانیاریی ئاستەکانی زمان (دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی) و زانیاریی گشتگیری (ئینسکلۆپیدی) و زاراوەی بوارەکانی خوێندن، کە لە کتێبەکانی قوتابخانە وەردەگیرێن، هەروەها ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگی فێرکاری، وەک: ئامرازی گۆکراو، وەک: ڕستە و شیعر و پەندی پێشینان و دەوروبەر (سیاق) و ئامرازە بینراوەکان، وەک: وێنە و هێڵکاری... هتد و ئامرازە بیستراوەکان، پاشان پاشکۆکانی فەرهەنگی فێرکاری، وەک: پاشکۆی وێنەیی و پاشکۆی وشە هاوواتا و دژواتاکان... هتد باسکراون.

**بەشی سێیەم: جێبەجێکردنی بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری لە فەرهەنگی هەراشان و هەرزە**

ئەم بەشە بەشێکی کارەکییە و تایبەتە بە جێبەجێکردنی بنەماکانی فەرهەنگ لەسەر دوو فەرهەنگی فێرکاری، کە بریتین لە (فەرهەنگی هەراشان)، کە تایبەتە بە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و (فەرهەنگی هەرزە)، کە تایبەتە بە قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی، هەروەها ڕێژەی سەدی بەکارهێنانی بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری بە خشتەی ئاماری لەم دوو فەرهەنگەدا دەخرێنەڕوو.

# بەشی یەکەم:

# فەرهەنگسازی و فەرهەنگی فێرکاری

# بەشی یەکەم:
# فەرهەنگسازی و فەرهەنگی فێرکاری

## ١/١) فەرهەنگسازی:

فەرهەنگسازی ئەو زانستەیە، کە لە ڕووی واتا و مێژوو و بەکارهێنانەوە توێژینەوە لە وشە دەکات، بە یەکێک لە لقەکانی زمانەوانی دادەنرێت و لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی هاوچەرخ و گرنگی بە توێژینەوە و پۆلێنکردنی یەکەکانی زمان، یان یەکە فەرهەنگییەکان دەدات و واتا فەرهەنگییەکانیان شیدەکاتەوە و لێکدەداتەوە. (لشهب، ٢٠١٠- ٢٠١١ : ٤٩).

فەرهەنگسازی وەک لقێکی زمانەوانی پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، لەوانە فەرهەنگسازی بەم جۆرە پێناسەدەکرێت: ((فەرهەنگسازی لقێکە لە زمانەوانی گرنگی بە لێکۆڵینەوەی تاکە وشەکان دەدات و شییان دەکاتەوە و لە واتای فەرهەنگییان دەکۆڵێتەوە و پۆلێنیان دەکات وەک ئامادەباشییەک بۆ دانانی فەرهەنگ)). (دزەیی، ٢٠١١: ١٧).

زاراوەی فەرهەنگسازی لە ساڵی (١٨٢٨) پێناسەی بۆ کراوە و دابەشدەبێت بۆ دوو بەش، کە بریتین لە: فەرهەنگناسی و فەرهەنگنووسی. (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ١٦). لە زمانی کوردیدا زاراوەکانی (لێکسیکۆلۆژی و فەرهەنگسازی و زانستی وشە)ی بۆ بەکارهاتووە و ((لە ڕووی زاراوەکەوە فەرهەنگسازی، کە بە وشەی لێکسیکۆلۆجی (lexicology) لە زمانی یۆنانی وەرگیراوە و پێکهاتووە لە (lexikos) بە واتای وشەکانی زمان، یان وشەی فەرهەنگی و (logos) بە واتای (زانست) دێت، بەم جۆرە بە واتای زانستی وشە دێت)). (حاجی مارف، ١٩٧٥: ١).

ئەم زانستە لە دوو لق پێکدێت، لقی یەکەم لقێکی تیۆرییە، کە بە فەرهەنگسازی تیۆری (lexicology) ناودەبرێت و لقی دووەم کارەکییە، کە بە زانستی کارەکی فەرهەنگ، یان هونەری دروستکردنی فەرهەنگ (lexicography) دادەنرێت. (لشهب، ٢٠١٠- ٢٠١١: ٤٩- ٥٠).

(هەرچەندە لە فەرهەنگسازیدا ناتوانرێت پەیوەندی نێوان هەردوو لقی فەرهەنگناسی و فەرهەنگنووسی بۆ لایەنی تیۆری و کارەکی کورتبکرێنەوە، چونکە فەرهەنگنووسی تەنیا لایەنی کارەکی ناگرێتەوە). (Hartmann, Gregory, 2002: 86). هەروەها دەتوانین فەرهەنگسازی (Meta-Lexicography) بکەین بە دوو لقەوە، کە بریتین لە: فەرهەنگناسی و فەرهەنگنووسی، وەک لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەردەکەوێت. (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ١٧).

فەرهەنگسازی (المعجمية) (Meta-Lexicography)

فەرهەنگناسی
علم المعاجم (Lexicology)

فەرهەنگنووسی
صناعة المعجم (Lexicography)

هێڵكاریی ژمارە (١) فەرهەنگسازی

فەرهەنگسازی لە وشەكانی زمان دەكۆڵێتەوە لە چەند لایەنێكەوە لەوانە:

١- گرنگیدان بە واتای وشە و ڕوونكردنەوەی واتای وشەكانی زمان.

٢- شوێنیان لە یاسای گشتیی زماندا.

٣- پەیدابوون و بەكارهێنانی وشەكان.

٤- دەرفەتی جێكردنەوەیان لە ئاخاوتندا.

٥- جۆری دەربڕین و شێوەی چەسپاندنیان لە ڕەوانبێژیدا. (حاجی مارف، ١٩٧٥: ٣).

ئەو كەسەی كە گرنگی بەم بوارە دەدات بە فەرهەنگساز ناودەبرێت و بەم شێوەیە پێناسەدەكرێت: ((فەرهەنگساز ئەو كەسەیە، كە كاری فەرهەنگ بە هەردوو لایەنی تیۆری و كارەكی دەكات، واتە شارەزایی لە بواری فەرهەنگناسی و فەرهەنگنووسی هەیە)). (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ١٤).

فەرهەنگسازی لەلایەنی تیۆرەكانی زمانەوە پشتگوێخراوە و گرنگی بەم بوارە نەدراوە و بابەتی گفتوگۆی فەرهەنگ لە ناو تیۆرەكانی زمان دوو بابەتە، كە بریتین لە:

یەكەم: لە قۆناغەكانی سەرەتای زمانەوانی گرنگی بە فەرهەنگ نەدراوە، لەم بوارەدا (ئیبراهیم بن مراد) دەڵێت: تیۆری فەرهەنگ، تا ئیستا جێگەی لاوازییە لە زمانەوانی نوێدا، چونكە بونیادگەرەكان لە نیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەیەم مافی تەواویان بە توێژینەوەی فەرهەنگسازی نەداوە، لە دوای بونیادگەرەكان قوتابخانەی بەرهەمهێنان لە چل ساڵی ڕابردوودا لە توێژینەوەی زمانەوانیدا فەرهەنگیان پشتگوێخستبوو، هەروەها فەرهەنگی زمانی و فەرهەنگی

تۆمارکراو تێکەڵکرابوو و تیۆری زمانی تێڕوانینی بۆ فەرهەنگ بەم جۆرە بووە و بەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ فەرهەنگ دەکەن:

فەرهەنگ پەیوەندی بە ڕستەسازییەوە هەیە و بە پاشکۆی ڕستەسازی دادەنرێت و لایەنێکی پەراوێزییە لە پێکهاتەی ناوەکی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە و سەربەخۆ نییە و هیچ پێکهاتە و سیستەمێکی لە زماندا نییە.

دووەم: تیۆرەکانی زمان گرنگییان بە لەخۆگرتنی واتا نەداوە و واتایان بۆ واتاسازی پشتگوێخستووە. (بلخيري، ٢٠١٨: ١٠٥).


هەروەها ((لە قوتابخانەی ئەرکیدا سێ ئاست بۆ شیکردنەوەی زمان دادەنرێت، بریتین لە: (سیمانتیک و فۆنۆلۆجی و ڕێزمانی فەرهەنگی)، کە بە مۆدێلی سێ چینی زمان ( tri- stratall model) ناودەبرێت، بە جۆرێک زمان پێناسەدەکەن، کە زمان بریتییە لە چەمکی شیانەکان، کە بە سیستەمی داخراو دادەنرێت و قوتابخانەکە فەرهەنگ بە سیستەمی کراوە دادەنێت، کە بە بەردەوامی لە زماندا وشەی بۆ زیاددەبێت و وشەی لێ دەردەچێت)). (محمدامین، ٢٠١٥: ٤١). ((هەرچەندە هەر قوتابخانەیەک بۆچوونی جیاوازی بۆ فەرهەنگسازی هەیە، بەڵام ئەم زانستە تا ئێستا چوارچێوەکەی بە باشی ڕووننەبووەتەوە بە بەراورد بە زانستەکانی تری زمان، وەک واتاسازی)). (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ٢٠).

تیۆری کێڵگە واتاییەکان یەکێکە لەو تیۆرانەی گرنگییان بە توێژینەوەی واتا داوە ئەم تیۆرە ڕەنگدانەوەی لە فەرهەنگدا هەبووە و گرنگی بە لایەنی فەرهەنگی و واتای وشەکانی زمان دەدات، (تیۆری کێڵگە واتاییەکان) یەکێکە لە تیۆرە دیارەکانی واتاسازی و گرنگی لە بوارەکانی فەرهەنگسازی و واتاسازیدا هەیە، کە تایبەتە بە ڕێکخستنی یەکە واتاییەکانی زمان لە چەند کێڵگەیەک، ئەم تیۆرە بۆ بواری فەرهەنگسازی و بەتایبەتی فەرهەنگنووسی سوودی زۆری هەبوو، ئەم بۆچوونە جێگای بایەخی سیمانتیکی وەسفی و پراکتیزەکردنی بوو و توانی تێڕوانینێکی نوێ بۆ چارەسەرکردن و سنووردانانی نێوان تاکە وشەکان پێشکەشبکات) ڕۆڵی ئەم تیۆرە لە بواری فەرهەنگسازی بوو بە هۆی دانانی چەندین فەرهەنگ لە ئەوروپا. (دزەیی، ٢٠١٤: ٨٤).

((کاکڵە و کەرەستەی فەرهەنگسازی بەر لە هەموو شتێک وشەیە، بەڵام جیاوازتر لە وشەسازی (مۆرفۆلۆژی)، کە گرنگی بە وشە دەدات و دەبێتە هۆ بۆ توێژینەوە لە دەستوور و ڕێزمان، بەڵام لە فەرهەنگسازی کاری پێویست و گرنگ زانین و ناسینی وشەکانی زمانە)).

(حاجی مارف، ١٩٧٥: ١- ٢). فەرهەنگی هەموو زمانێک لە گەشەسەندندایە ((زمان بە بەردەوامی وەک ژیان لە فراوان بووندایە و وشەکان و دەربڕینەکان وشە و دەربڕینی نوێیان لێ دەبێتەوە وشەکان وشەی تر دەخەنەوە و پێداویستییەکان وامان لێ دەکەن، کە ناوی نوێ و دەربڕینی نوێمان هەبێت)). (عەبدوڵلا، ٢٠١٣: ١٠). لە فەرهەنگدا هەندێکجار لە پاڵ زانیاری لەسەر واتای وشەکان ئاماژە بە زانیاریی مێژوویی (ئیتیمۆلۆژی)ی وشەکان دەدرێت و گرنگی بە ڕەچەڵەکی وشەکانی زمان دەدرێت و شیدەکرێنەوە.

((پۆلێنی جیاواز لەسەر بنەمای واتایی یان بەپێی پلەی چەسپاوی و نەچەسپاوی وشەکان بۆ فەرهەنگ لەلایەن زمانەوانانەوە کراوە، بە تێکڕای وشەکانی زمان دەوترێت فەرهەنگی گشتی زمان، کە فەرهەنگی بنەڕەتی و زاراوە دروستکردن و وەرگرتنی وشە و زاراوە دەگرێتەوە، فەرهەنگی هەموو زمانێک هاوشێوەی ئەم هێڵکارییەی خوارەوەیە)). (عەبدوڵلا، ٢٠١٣ : ١٠).




هێڵکاریی ژمارە (٢) فەرهەنگی گشتی

لە ڕووی تایبەتی و گشتییەوە وشەکانی زمان دوو جۆرن، فەرهەنگی گشتی سەرجەم وشەکانی زمان دەگرێتەوە، بەڵام ((فەرهەنگی بنەڕەتی زیاتر لە وشەی پەتی و خۆماڵی پێکدێت، کە کۆمەڵانی خەڵک لەسەری ڕێککەوتوون بە شێوەیەکی گشتی ئەو وشانەی فەرهەنگی بنەڕەتی لە توانایاندا هەیە ببنەوە بە بناغەی دروستکردنی وشە و زاراوەی نوێ، کە دەچنە ناو فەرهەنگی گشتی زمانەوە)). (حسين - شنۆ، ٢٠٢٠: ٥٩١). (فەرهەنگی بنەڕەتی ئەم جۆرە فەرهەنگە سەرجەم وشە ڕەسەن و بنجییەکانی زمان دەگرێتەوە، کە بە خۆماڵی دادەنرێن، یان سەرجەم ئەو وشانەی کە لە دێر زەمانەوە لە زمانێکدا بەکارهاتوون و دەزانرێت بۆچی و لە چی کات و شوێنێکدا بەکاردەهێنرێن). (حەمەئەمین – سەلام، ٢٠١٩: ٨٣)، هەروەها (فەرهەنگی گشتی وشە و زاراوە وەرگیراوەکان و خواستراوەکانیش دەگرێتەوە، کە بەهۆی کارتێکردنی زمانەکان دەچنە

ناو زمانێکەوە، بۆ نموونە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی، کە کاریگەرییان لەسەر زمانی کوردی هەبووە لەبەر کۆمەڵێک هۆکار، بۆیە گەلێک وشە و زاراوە لەم زمانانە وەرگیراون، هەروەها لەم سەردەمەدا زمانی ئینگلیزی، وەک زمانێکی جیهانی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر زمانی کوردی هەیە لە وەرگرتنی وشە و زاراوە). (عەبدولغەنی، ٢٠١٩: ٣٥). فەرهەنگ هەموو کاتێک لە گەشە و زیادبوون و گۆڕان بەردەوامە، فەرهەنگ کۆگای وشە و زانیاریی جۆراوجۆری زمانییە و پێناسەی جۆراوجۆری لەلایەن فەرهەنگسازان و زمانەوانانەوە بۆ کراوە، لەوانە: (ئەوڕەحمانی حاجی مارف) بەم شێوەیە پێناسەی فەرهەنگ دەکات: ((فەرهەنگ ئەو کتێبەیە کە وشەی تێدا تۆماردەکرێت جگە لە ڕیزکردنی وشە هەروەها لێی کۆڵراوەتەوە و مانای ڕوون کراوەتەوە و لێکدراوەتەوە و شیکراوەتەوە و زانیاری دەربارەی چۆنیەتی نووسینیان و بە دەمەوەهاتنیان و پەیدا بوونیان... دراوە)). (حاجی مارف، ١٩٧٥: ٦٩). دەتوانین بڵێین فەرهەنگ لە وشە و زاراوە و یەکە مۆرفۆلۆژییەکان پێکدێت، کە واتا و مێژوو و چۆنیەتی دروستبوونیان و زانیاریی ئاستەکان و بوارەکانی زمان لەخۆدەگرێت.

فەرهەنگ بە شێوەی چاپکراو کۆپی فەرهەنگی ئاوەزی ئاخێوەری زمانە و فەرهەنگی ئاوەزی بریتییە لەو زانیارییانەی کە کەسی ئاخێوەر دەیزانێت لە بارەی وشەکان و تێکڕا ئەو وشانەی ئاخێوەری زمان دەیزانێت لە فەرهەنگی ئاوەزیدا هەیە، بەپێی بۆچوونی زمانەوانە دەروونییەکان ئەو زانیارییانەی کە ئاخێوەری زمان لە بارەی وشەکانەوە دەیزانن، بریتین لە:

١- زانینی گۆکردنی وشەکان.

٢- شێوەی ڕێزمانی و بەکارهێنانی وشەکان.

٣- واتا یان واتاکانی وشەکان. (Rechards, John, Heidi, 1992: 212 -213).

## ١-١/١) فەرهەنگناسی (علم المعاجم) (Lexicology):

فەرهەنگناسی لقێکی فەرهەنگسازییە، کە گرنگی بە لایەنی تیۆریی فەرهەنگسازی دەدات، فەرهەنگناسی بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دەروونی توێژینەوە لە یەکە فەرهەنگییەکان و وشەکانی زمان دەکات. (لشهب، ٢٠١٠- ٢٠١١: ٥٠).

هەروەها فەرهەنگناسی بەم شێوەیە پێناسەدەکرێت: ((فەرهەنگناسی توێژینەوە لە وشەکانی زمان (وشەکاری) لێکسیمەکانی زمان دەکات، لەوانە واتا و پەیوەندییەکانی نێوانیان و

گۆڕانی شێوەکانیان بە تێپەڕبوونی کات، هەروەها دۆزینەوەکانی فەرهەنگناسەکان بۆ فەرهەنگنووسەکان گرنگ و بەسوودن)). (Rechards, John, Heidi, 1992: 212). ئەم لقەی فەرهەنگسازی لایەنی تیۆریی زانستەکە دەگرێتەوە لەناو فەرهەنگدا و مامەڵە لەگەڵ وشەکان دەکات. (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ١٥).

فەرهەنگناسی لە چەند ڕوویەکەوە گرنگی بە دەربڕینەکانی زمان دەدات، لەوانە:

١- لە ڕووی مێژوویی و داڕشتن و دروستکردنی وشەکان.

٢- جۆرەکانی پەیوەندی نێوان دەربڕین و واتا لە وشەدا.

٣- توێژینەوە لە وشەکان دەکات و شییاندەکاتەوە، لە ڕووی شێوە و پێکهاتە و گەشە و گۆڕانەوە، هەروەها زانیاری لەسەر وشەکان دەدات.

فەرهەنگناسی لایەنی تیۆریی زانستی فەرهەنگسازییە، ئەم زانستە هەندێکجار لەگەڵ واتاسازی تێکەڵدەبێت، لەبەر لێکچوون و هاوبەشی لە هەندێک ڕووەوە، بەڵام بواری ئەم زانستە لە بواری واتاسازی تەسکترە، لەبەرئەوەی فەرهەنگناسی تیۆری واتاسازی دانانێت، تەنیا توێژینەوە لە واتای وشە و جۆرەکانی دەکات. (مامە، ٢٠١٣: ٤).

فەرهەنگناسی توێژینەوە لەلایەنی تیۆریی فەرهەنگ دەکات و دانانی بنەما و ڕەگەز و چۆنییەتی دانانی فەرهەنگ تاوتوێدەکات، بۆئەوەی ئەو بنەمایەنە ڕەچاوبکرێن لە دانانی فەرهەنگدا، هەروەها ئەو کەسەی گرنگی بەم بوارە دەدات بە فەرهەنگناس ناودەبرێت، کە بەم شێوەیە پێناسەدەکرێت: ((فەرهەنگناس ئەو کەسەیە، کە زانیاری لە بواری تیۆری زانستی فەرهەنگ هەیە، مەرج نییە شارەزایی لە بواری کارەکی دانانی فەرهەنگ هەبێت، کەواتە فەرهەنگناس ئەو کەسەیە لە بواری فەرهەنگناسی شارەزا بێت و کاربکات)). (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ١٥).

سەرەڕای ئەوەی فەرهەنگ گرنگی بە وشەکان دەدات و زانیاریی بوارەکانی تری زمانی تێدا ڕەنگدەداتەوە، لەم ڕووەوە فەرهەنگسازی و زمانەوانی دوو جۆر واتا لە یەکتر جیادەکەنەوە، گرنگترین دابەشکردنی جۆرەکانی واتا بریتییە لە دابەشکردنی (لاینز و لیچ)، کە (لاینز) دوو جۆر واتا لە یەکتر جیادەکاتەوە، کە بریتین لە:

١- واتای فەرهەنگی: مەبەست لە واتای بنچینەییە، کە کۆمەڵ بۆ وشەکانی داناوە و لە سەری ڕێککەوتوون.

٢- واتای لاوەکی: ئەو واتایەیە، ئەگەرچی گرنگی وەک واتای فەرهەنگی نابێت، بەڵام بە بۆچوونی زۆربەی زمانەوانان بە تەواوکەری واتای فەرهەنگی دادەنرێت و بەپێی کات و کەس و کۆمەڵ دەگۆڕێت و تێکەڵی هەست و سۆز و بۆچوونی ئاخێوەرە. (دزەیی، ٢٠١٤: ١٠٣- ١٠٥). لە پاڵ واتای فەرهەنگی لە فەرهەنگدا، هەندێکجار ئاماژە بە واتای لاوەکی وشەکان دەدرێت.

### ٢-١/١) فەرهەنگنووسی (صناعة المعجم) (Lexicography):

فەرهەنگنووسی لە ڕووی زاراوەوە لە (وشەی (lexiko) بە واتای (وشە) و (graphy) بە واتای (نووسی) دێت، واتە فەرهەنگنووسی پێکهاتووە لە وشەی (فەرهەنگ) و (نووسین) و فەرهەنگنووسی بریتییە لە پاراستن و ئەرشیفکردنی یەکەکانی زمان لە دوو توێی کتێبێک). (عەلی، ٢٠١٨: ٥٦٩).

فەرهەنگنووسی توێژینەوە لە چۆنیەتی دانانی فەرهەنگ دەکات و بە زانستی کارەکی، یان هونەری دروستکردنی فەرهەنگ (صناعة المعجم) دادەنرێت و گرنگی بە دروستکردنی فەرهەنگ دەدات و بە لقی کارەکی بۆ فەرهەنگسازی تیۆری دادەنرێت، هەروەها توێژینەوە لە هونەری دروستکردنی فەرهەنگ دەکات، لایەنی شێوەی ڕێکخستنی وشەکان و هەڵبژاردنی دەروازەکان و دانانی پێناسە و شیکردنەوەکان و وێنە و نموونەی شیکردنەوە، تا دەرچوون و چاپکردنی فەرهەنگ دەگرێتەخۆ. (مامە، ٢٠١٣: ٤).

هەروەها فەرهەنگنووسی (lexicography) بە هونەری کارەکی (هونەری دانانی فەرهەنگ) دادەنرێت نەک بە زانست، بەڵام فەرهەنگناسی (lexicology) توێژینەوە لە یەکەکانی زمان دەکات لە ڕووی پێکهاتن و واتاوە . (عمر، ٢٠٠٩: ٢٠).

(فەرهەنگنووسی دوو ڕێچکەی هەیە، کە دوو لایەنی تەواوکەری یەکترن، کە بریتین لە: یەکەم: لەلایەنی تیۆری لەسەر شێوازی توێژینەوەی زانستی ڕێڕەوێکی تیۆری بەرهەمدەهێنێت و دووەمش لایەنی کارەکییە، کە لە دانانی فەرهەنگدا ئەو ڕێڕەوە جێبەجێدەکات). (حاجی مارف، ١٩٨٧: ١٠٤)، فەرهەنگنووسی تەنیا بە لایەنی کارەکیی فەرهەنگسازی دانانرێت، بەڵکو فەرهەنگنووسی دوو دابەشکردنی بنەڕەتی هەیە، کە بریتین لە فەرهەنگنووسیی کارەکی، یان دروستکردنی فەرهەنگ و فەرهەنگنووسیی تیۆری، یان توێژینەوە لە فەرهەنگ، وەک لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەردەکەوێت. (Hartmann, Gregory, 2002: 86).

فەرهەنگنووسی

تویژینەوە لە فەرهەنگ — دروستکردنی فەرهەنگ

لایەنی تیۆری — لایەنی کارەکی

هێڵکاریی ژمارە (٣) فەرهەنگنووسی

(هەروەها لە فەرهەنگنووسیدا چەند هەنگاوێک هەیە، وەک: کۆکردنەوەی زانیاری و هەڵبژاردنی دەروازەکان و ڕێکخستنی بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو و نووسینەوەی بابەتەکان و بڵاوکردنەوەی کۆتایی فەرهەنگەکە). (القاسمي، ١٩٩١: ٣). (فەرهەنگنووسی بە لقێکی زمانەوانی کارەکی دادەنرێت، کە گرنگی بە نووسین و دانانی فەرهەنگ دەدات). (ناوخۆش- نەریمان، ٢٠١٠: ٣١٨)، هەروەها ئەو کەسەی کە گرنگی بەم بوارە دەدات بە فەرهەنگنووس ناودەبرێت و بەم شێوەیە پێناسەدەکرێت: (فەرهەنگنووس ئەو کەسەیە، کە گرنگی بە کاری نووسینی فەرهەنگ دەدات و مەرج نییە شارەزاییەکی تەواوی لەلایەنی فەرهەنگناسی هەبێت). (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ١٥). (بواری فەرهەنگنووسی بە یەکێک لە بوارەکانی زمانەوانی کارەکی دادەنرێت، هەندێک لە زمانەوانان فەرهەنگنووسی بە زانست دانانێن، بەڵکو بە هونەر دایدەنێن، لەوانە: فەرهەنگسازی ئەمریکی (گۆڤ) (Gove) باسیدەکات و دەڵێت: تا ئێستا پیشەی فەرهەنگنووسی نەبووە بە زانست، لەوانەیە هەرگیز نەبێت بە زانست، بەڵکو هونەرێکی ورد و ئاڵۆز و زۆر سەختە، هەندێکجار پێویستی بە شیکردنەوەیەکی ورد و بڕیاری هەڕەمەکی و هەڵهێنجانی هەستی هەیە). (البار، ٢٠١٤: ٦٩)، هەروەها لە فەرهەنگنووسی چەند بنەمایەک هەیە، کە دەبێت لە دانانی فەرهەنگدا ڕەچاوبکرێن، کە لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بەو بنەمایانە دەدرێت و ڕووندەکرێنەوە.

### ٢/١) جۆرەکانی ڕێکخستنی فەرهەنگ:

ئەو ڕێگە و شێوازانەیە، کە بۆ ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ بەکاردەهێنرێن، فەرهەنگنووس لە ڕێگەیەوە دەروازەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگدا ڕێکدەخات و بۆ ئاسانی گەڕان و دۆزینەوەی وشە و زاراوەکان لە فەرهەنگدا، چەند جۆرێک لە ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ هەیە، وەک: (ڕێکخستنی دەنگی، ئەلفبێی سەرەتایی، ئەلفبێی کۆتایی، واتایی، بناغەیی).

### ١-٢/١) ڕێکخستنی دەنگی:

جۆرێک لە جۆرەکانی ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگە، ئەم جۆرە لە ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ (فەرهەنگنووس بە گرنگ لە دەنگی زمانی دەڕوانێت بۆ ڕێکخستن و دانانی وشە و هەموو گۆڕانکارییەکان، کە لە بەهێزترین دەنگ لە سازگەی دەنگی (مخرج صوت) بۆ دەنگەکانی تر دەستپێدەکات، ئەم جۆرە لە ڕێکخستنی فەرهەنگ لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا هەیە، لە نموونەی ئەم جۆرە فەرهەنگانە، وەک: (العین)ی (خەلیل کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی) و (البارع)ی (اسماعیل بن القاسم القالي البغدادي) و (تهذیب اللغة)ی (الأزهري) لە نموونەی ئەم شێوە ڕێکخستنەن). (مامە، ٢٠١٣: ٦٠). ئەم جۆرە ڕێکخستنە لە سەرەتادا لە زمانی عەرەبی لە کتێبی (العین)، لەلایەن (خەلیل کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی) بەکارهاتووە و وشەکانی بەپێی سازگەی دەنگی دەنگەکان ڕیزکردووە و ڕێکخستووە، بەپێی ڕیزکردنی دەنگەکان، کە هەر لە کۆتایی زمانەوە بەم دەنگانە (ع، ح، هـ ، خ، غ) دەستپێدەکەن بۆ دەنگەکانی تر، تا دەگاتە دەنگەکانی (و، ا، ي، ء) ڕێکخراون. (محمد، ٢٠١٦: ١٠١). ئەم جۆرە لە ڕێکخستنی فەرهەنگی عەرەبی دەبینرێت، بەڵام لە ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا نییە. (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ١٣٢).

### ٢-٢/١) ڕێکخستنی ئەلفبێی سەرەتایی:

جۆرێک لە جۆرەکانی ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگە (بەپێی ئەم پەیڕەوە دەروازەکانی فەرهەنگ بەپێی ئەلفبێی سەرەتایی ڕیزدەکرێن بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ دۆزینەوەی وشە و زاراوەکان، کە بە پیتی یەکەم دەستپێدەکات و دواتر دووەم و سێیەم و ئەوانی تر). (محمدصالح، ٢٠٢١: ٥٦). (ڕێکخستنی ئەلفبێی سەرەتایی ئەم جۆرە لە ڕێکخستنی فەرهەنگ بەپێی ئەلفبێی سەرەتایی لە هەموو جۆرەکانی تر زۆرترە و لە ئێستادا فەرهەنگەکان بە زۆری بەم جۆرە ڕیزدەکرێن و دەروازەکانیان بەپێی ئەلفبێی فەرهەنگی دادەنرێن). (عمر، ٢٠٠٩: ٣٨).

هەرچەندە هەندێکجار ئەلفبێی زمانی بەپێی تایبەتمەندی زمانەکە جیاوازە لە ئەلفبێی فەرهەنگی و وەک یەک نین و لە زمانی کوردیدا ئەلفبێی زمانی کوردی ژمارەیان زۆرترە و هەموو پیتەکانی زمان دەگرێتەوە، بەڵام ئەلفبێی فەرهەنگی لە چەند فۆنێمێک پێکدێت و هەموو پیتەکانی زمان ناگرێتەوە، چونکە هەندێک فۆنێم لە سەرەتای ئەلفبێی فەرهەنگی نایەن، وەک: (ڵ، ر)، کە دوو فۆنێمی زمانی کوردین، هەروەها فۆنێمە بزوێنەکان (ا، ۆ، ێ، ی، وو، و، ە، بزرۆکە).

(ناوخۆش – نەریمان، ۲۰۱۰: ۳۰)، هەروەها (لە ڕێکخستنی دەرەکی پیتی هیجایی، کە گۆدەکرێن لە زمانی کوردیدا بریتین لە: (ئ ، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، م، ن، ھ ، و، ی)، کە ژمارەیان (۲۷) پیتە، چونکە هەندێک پیت لە سەرەتای وشەوە نایەن، وەک: پیتەکانی (ر) و (ڵ)). (مامە، ۲۰۱۳: ۱۷٦). لە نموونەی ئەم جۆرە ڕێکخستنە لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا، وەک: (أساس البلاغة)ی (الزمخشري) و (المصباح المنير)ی (الفيومي). (مامە، ۲۰۱۳: ٦۳).

دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە بە زۆری لە ڕێکخستنی دەروازەکان لە فەرهەنگی کۆن و نوێی زمانی کوردیدا دەبینرێت. لە نموونەی ئەم جۆرە ڕێکخستنە لە فەرهەنگی کوردیدا، وەک: (فەرهەنگی خاڵ)ی (شێخ محەمەدی خاڵ) و (فەرهەنگی کوردستان)ی (گیوی موکریانی) و (فەرهەنگی هەراشان).

### ۳-۲/۱) ڕێکخستنی ئەلفبێی کۆتایی:

جۆرێک لە جۆرەکانی ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگە، کە فەرهەنگنووس هەوڵدەدات وشەکانی زمان بەپێی ئەلفبێی کۆتایی (سەرواکان) ڕێکبخات، ئەم جۆرە لە ڕێکخستنی فەرهەنگدا تایبەتە بە ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ بە شێوەی سەروایی، واتە دەروازەکان بەپێی کۆتا دەنگی وشەکان ڕیزدەکرێن، ئەم شێوەیە لە ڕێکخستنی فەرهەنگ بە زۆری لە فەرهەنگی کۆندا دەبینرێت، ڕێکخستنی ئەلفبێی کۆتایی، کە لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم جۆرە فەرهەنگانە بە فەرهەنگی سەروایی (rhyming dictionary)، یان بە فەرهەنگی پێچەوانەیی (reverse dictionary) ناودەبرێن و ئەم جۆرە ڕێکخستنە لە چەند زمانێکدا هەیە و لە ئێستادا بە زۆری بەکارنایەت.

ئەم شێوەیە لە ڕێکخستنی فەرهەنگ چەند سوودێکی هەیە، لەوانە:

۱- بۆ شیکردنەوەی پاشگرەکان و کۆتاییە وشەکارییەکان و بۆ زانینی ئەوەی کامیان زۆر بڵاون بەسوودە.

۲- شیکردنەوەی ئەو وشانەی بە یەک شێوە دەنووسرێن و بە دوو شێوە دەخوێنرێنەوە و پۆلێنکردنی ئەو وشانەی یەک کۆتاییان هەیە.

۳- دەتوانرێت بۆ ڕێکخستنی کۆتایی شیعری سوودی هەبێت. (عمر، ۲۰۰۹: ۳۸).

له نموونەی ئەم جۆرە ڕێکخستنە، کە بەپێی ئەلفبێی کۆتایی دەروازەکان، واتە بەپێی سەرواکان ڕێکدەخرێت، لە فەرهەنگی زمانی عەرەبی، وەک: فەرهەنگی (الصحاح)ی (ابي منصور اسماعيل بن حماد الجوهري) و (لسان العرب)ی (ابن منظور) و (القاموس المحيط)ی (فيروزأبادي). (مامە، ٢٠١٣: ٦٢).

**٢/١-٤) ڕێکخستنی واتایی:**

جۆرێک لە جۆرەکانی ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگە، کە فەرهەنگنووس هەوڵدەدات وشەکانی زمان بەپێی واتاکانیان ڕێکبخات (شێوەی ڕێکخستنی واتایی لە ڕێکخستنی فەرهەنگدا بەو شێوەیە دەوترێت، کە وشەکان لە فەرهەنگدا بە شێوەی سیستەمی ڕێکخستنی بابەتی دادەنرێن و هەوڵدەدرێت بۆ کۆکردنەوەی وشەکانی زمان و ڕێکخستنیان بەپێی واتا نەک بە شێوەی ڕێکخستنی پیت). (بوقنة، ٢٠١٤- ٢٠١٥: ٢١).

یەکێک لە تیۆرەکانی واتاسازی، کە ڕەنگدانەوەی لە بواری فەرهەنگسازیدا هەیە، بریتییە لە (تیۆری کێڵگە واتاییەکان) کێڵگە واتاییەکان یەکێکە لە تیۆرەکانی واتاسازی، دەتوانین واتای وشەکانی زمان بە وردی و گشتگیری بزانین، ئەویش لە چوارچێوەی کێڵگە واتاییەکان.

لەم چەرخەدا ناودارترین کار لەم بوارەدا ئەو توێژینەوەیە بوو، کە توێژەری فەرهەنگی (پیتەر مارک ڕۆجێت) ئەنجامیدا (ڕۆجێت)، دەڵێت: یەکە واتاییەکانی فەرهەنگ لەسەر بنچینەی کۆمەڵێک چەمک پێکهاتوون، کە پەیوەندییەکی بەتینیان بەیەکەوە هەیە، هەروەها (ترایر) بۆ کێڵگە واتاییەکان گەیشت بە چەند خاڵێک، کە بریتین لە:

١- فەرهەنگ لەسەر بنچینەی کۆمەڵێک چەمک پێکهاتووە، کە پەیوەندییەکی بەتینیان بەیەکەوە هەیە و ئەم کۆمەڵە وشانە لە گشتەوە بۆ تایبەت ڕیزدەبن و واتای هەر وشەیەک بەپێی ئەو بوارەیە، کە دەچێتە ناویەوە لەگەڵ چەند وشەیەکی تر.

٢- هەر بوارێکی واتایی پێکهاتووە لە دوو بەش، کە بریتین لە:

ا- بواری چەمکی.

ب- بواری فەرهەنگی، کە بواری چەمکی دایدەپۆشێت.

٣- بواری چەمکی جیاوازی هەیە لەگەڵ بواری فەرهەنگی، چونکە بواری چەمکی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، یان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت.

لە نموونەی ئەم جۆرە ڕێکخستنە، وەک: (فەرهەنگی ڕۆجێت) (Roget)ی ئینگیزی و فەرهەنگی ئیسپانی (Cassares) و فەرهەنگی فەڕەنسی کورتکراوە. (دزەیی، ٢٠١٤: ٨١- ٨٤).

### ٥-٢/١) ڕێکخستنی بناغەیی:

جۆرێک لە جۆرەکانی ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگە، کە فەرهەنگنووس هەوڵدەدات وشەکانی زمان بە شێوەی بناغەیان ڕێکبخات (ڕێکخستنی بناغەیی بریتییە لە ڕێکخستنی کەرەستەکانی زمان، کە کۆکراونەتەوە و بناغەی وشەکان ڕەچاودەکرێت و هەموو ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە داڕێژراون و یەک بناغەیان هەیە). (تۆفیق، ٢٠٠٨: ٢٣). (ئەو وشانەی یەک ڕەگیان هەیە و لەسەر یەک ڕەگ داڕێژراون و دروستکراون، ئەم جۆرە ڕێکخستنە یەکەی زمانی لە چوارچێوەی دیاردەی مۆرفۆلۆژی ڕیزدەکات، ئەم جۆرە ڕێکخستنە لە زمانی عەرەبیدا چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە: شێوەی ڕێکخستنی تایبەت بە بناغەی کار، یان ڕێکخستنی تایبەت بە نێرینە و مێینە... هتد). (عبدالجلیل، ٢٠١٤: ٤٩). لە زمانی عەرەبی نموونەی ئەم جۆرە ڕێکخستنە دەبینرێت، وەک: (دیوان الأدب)ی (فارابي). (مامە، ٢٠١٣: ٦٤).

### ٣/١) چەمکی فەرهەنگی فێرکاری:

بێگومان فەرهەنگی فێرکاری پێویستی ئەم سەردەمەیە و فەرهەنگ وەک یەکێک لە هۆکارەکانی فێربوون و فێرکردن دادەنرێت، یان بە هۆکاری یاریدەدەری فێربوون و فێرکردن دادەنرێت و قوتابی بۆ دۆزینەوە و تێگەیشتن لە واتا و بەکارهێنانی وشە و زاراوەکان لە زماندا و بۆ چەند مەبەستێکی تر سوود لە فەرهەنگ وەردەگرێت، (ئەم جۆرە فەرهەنگانە ڕۆڵی گرنگیان بۆ قوتابی هەیە، چونکە کۆمەڵێک زانیاریی بەسوود پێشکەش بە قوتابی دەکەن و قوتابی پشت بە فەرهەنگی فێرکاری دەبەستێت بۆ ڕوونکردنەوەی وشەیەک، کە واتاکەی لەلا قورس و لێڵە). (تارش، ٢٠١٢- ٢٠١٣: ٢٩).

فەرهەنگ لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردندا بە یەکێک لە هۆکارە فێرکارییەکان دادەنرێت، کە یارمەتیدەرە لە فێربوون و فێرکردنی زمانی دووەم، هەروەها بە گەشەپێدەری توانای زمانی یەکەم دادەنرێت، بەم شێوەیە فەرهەنگ یەکێکە لەو هۆکارە یارمەتیدەرانە و پەیوەندییەکی پتەوی بە ئاستەکانی زمانەوە هەیە و زانیاریی ئاستەکانی زمان لەناو فەرهەنگدا ڕەنگدەداتەوە، (کتێبی فەرهەنگ جۆری زۆرە و هەر یەک بۆ مەبەست و ئامانجێک دادەنرێن، بەڵام فەرهەنگی فێرکاری لە ڕووی زاراوەکەوە لە (فەرهەنگ) بە هۆی دیارخەری (فێرکاری) پێکهاتووە، کە جۆری فەرهەنگەکە و چینی بەکارهێنەرانی فەرهەنگەکە دیاریدەکات). (بن مدور، ٢٠٠٥- ٢٠٠٦: ٤٣). ئەم جۆرە فەرهەنگانە (لە ناوەکەیدا دیارە، کە مەبەست و ئامانجی فێرکارییە، هەروەها چەند زاراوەیەکی بۆ بەکارهاتووە، لەوانە: (فەرهەنگی قوتابخانەیی، فەرهەنگی قوتابی، فەرهەنگی فێرکاری... هتد)، کە هەموویان یەک مەبەست دەگەیەنن). (تارش – لبوخ، ٢٠١٥: ١٥٨).

کۆمەڵێک پێناسەی جۆراوجۆر بۆ فەرهەنگی فێرکاری کراوە، لەوانە:

(سليمة بن مدور) بەم جۆرە پێناسەیدەکات: (فەرهەنگی فێرکاری هۆکارێکە لە هۆکارەکانی پەروەردە و فێرکاری، کە قوتابی لە خوێندن و توێژینەوە پێویستی پێی دەبێت و یاریدەی سەرکەوتنی کردەی فێرکاری دەدات ئەم جۆرە فەرهەنگانە، یان یەکزمانین یان جووتزمانین). (بن مدور، ٢٠٠٥- ٢٠٠٦: ٤٦).

(سەنگەر عەلی مامە) بەم جۆرە پێناسەیدەکات: (فەرهەنگی فێرکاری ئەم جۆرە فەرهەنگانە ماددەی فەرهەنگی فێرکارییەکەی زمانە، کە گرنگی بە چۆنیەتی توانای خوێندنەوەی دەق و نووسین و قسەکردن و تێگەیشتن دەدەن لە گرنگترین جیاوازی ئەم جۆرە فەرهەنگانە ئەوەیە زنجیرەیەکن، ڕەچاوی گەشەی زمانی لەلای بەکارهێنەری فەرهەنگ دەکەن لەلایەنی ڕەگەزە هەڵبژێردراوەکانی و پلەداری وشەکان، هەروەها پشت بە وێنە و وێنەکێشان دەبەستن). (مامە، ٢٠١٣: ٢٨).

(عبدالمالک بلخیري) بەم جۆرە باسیدەکات: (فەرهەنگی فێرکاری فەرهەنگێکی تایبەتە بە چینێکی دیاریکراو و ئەم جۆرە فەرهەنگانە پێویستی بەوەیە ژمارەیەکی زۆر لە وشە و زاراوە تایبەتەکانی بۆ هەڵببژێرێت، کە پەیوەندی بە بابەتەکانی خوێندنەوە هەبێت و ئەو زاراوانەی کە لە چوارچێوەی پرۆگرامەکانی قوتابخانە دەخوێنرێن و بۆ قۆناغێکی پەروەردەیی بگونجێت و لە دانانی فەرهەنگی فێرکاریدا کۆگایەکی گەورە لە زاراوەکان و واتاکانیان بەکاردەهێنرێن). (بلخیري، ٢٠١٨: ١٠٨- ١٠٩).

لە کۆی ئەو پێناسانەوە دەتوانین بگەین بە پێناسەیەک، ئەویش ئەوەیە، کە فەرهەنگی فێرکاری جۆرێکی تایبەتی فەرهەنگە بۆ مەبەست و ئامانجی دیاریکراو و بۆ قۆناغێکی تایبەتی لە قۆناغەکانی خوێندن و پێویستی ئەو قۆناغە دادەنرێت، کە ڕەچاوی گەشەی زمانی لەو قۆناغەدا دەکرێت و یاریدەدەرێکی باشە بۆ قوتابی لە پرۆسەی خوێندندا.

فەرهەنگی فێرکاری چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانە:

١- جەختکردنەوە لە گرنگیدان بە پێداویستییەکانی قوتابی: فەرهەنگی فێرکاری جەخت لە پێداویستییە سەرەکییەکانی قوتابی دەکاتەوە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی خوێندندا.

٢- ئاسانکردن و ڕوونکردنەوە: فەرهەنگی فێرکاری دەبێت لە دانان و شیکردنەوەی واتاکان ڕوون و ئاسانکراو بێت.

٣- نوێکردنەوەی بەردەوام: فەرهەنگی فێرکاری دەبێت لە ڕووی شێوە و پێکهاتەکەی لە هەر چاپێک بەپێی ئەو سەردەمە و پرۆگرامەکانی خوێندن نوێبکرێتەوە.

٤- گرنگیدان بە لایەنی چاپ: لە فەرهەنگی فێرکاریدا گرنگی بە شێوەی گونجاوی لاپەڕە و لایەنی چاپ دەدرێت، لە ڕووی بەکارهێنانی ڕەنگ و وێنە، کە بۆ تەمەنی منداڵ سەرنجڕاکێش بێت.

٥- دانانی زانیاریی گشتگیری: لە ناوەڕۆکی فەرهەنگ، یان پاشکۆکان دادەنرێن، سەرەڕای ئەوەی هەندێک لە زمانەوانان ئەم زانیارییانە لە دەرەوەی زانیاییە زمانەوانییەکان دادەنێن. (بوشنة، ٢٠١٨- ٢٠١٩: ٤٣- ٤٤).

فەرهەنگی فێرکاری لە ڕووی قەبارەوە چەند جۆرێکی هەیە، ئەم جۆرە فەرهەنگانە کورتکراوەی یەکتر نین، بەڵکو فەرهەنگی هەر قۆناغێک جیاوازە لە فەرهەنگی قۆناغێکی تر و ژمارەی جیاواز لە دەروازەی فەرهەنگی لەخۆدەگرن، بۆ نموونە فەرهەنگی باخچەی ساوایان لە ڕووی ژمارە و جۆری دەروازەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی قۆناغەکانی تر جیاوازترە و دەروازەکانی کەمترە لەبەر سروشت و ئاست و توانای زمانی لەلای منداڵانی ئەم قۆناغە، هەروەها دەبێت فەرهەنگی فێرکاری لە هەر قۆناغێکدا لە ڕووی قەبارەوە بگونجێت بۆ هەڵگرتن و گواستنەوە، فەرهەنگەکان لە ڕووی قەبارەوە چەند جۆرێکیان هەیە، لەوانە:

١- فەرهەنگی گیرفانی.

٢- فەرهەنگی بچووک (تۆکمە).

٣- فەرهەنگی ناوەند.

٤- فەرهەنگی گەورە. (عمر، ٢٠٠٩: ٤٧).

بێگومان ئەرکی فەرهەنگ شیکردنەوەی وشە لێڵەکانی تێپەڕاندووە بۆ پێشکەشکردنی کۆزانیاری (معرفة)ی جۆراوجۆر بۆ بەکاهێنەری فەرهەنگ، کە توانای فەرهەنگ لە بەکارهێنان و گەیاندنی زانیاری بە لایەنی کەم دوو ڕەهەندی هەیە، کە بریتین لە:

ڕەهەندی یەکەم: توانای زمانەوانی و تێگەیشتنی زمان و توانای بەکارهێنانی زمان لەلایەنی نووسین و زارەکی بە دروستی زیاددەکات.

ڕەهەندی دووەم: گەشە بە لایەنی ڕۆشنبیریی بەکارهێنەری فەرهەنگ دەدات. (أمرير، ٢٠٢٠: ٢٥٠).

توانای وشەکانی زمان لەلای تەمەنی قوتابی لە قۆناغە جیاوازەکاندا جیاوازە، کە (تێکڕای گەنجی وشە لەلای قوتابی لە قۆناغی ناوەندی نزیکەی (١٠٠٠٠) وشە دەبێت و تێکڕای گەنجی وشە لەلای دەرچوویەکی زانکۆ نزیکەی (٢٠٠٠٠) وشە دەبێت، هەروەها تێکڕای گەنجی وشە لەلای کەسێکی پێگەیشتوو لە نێوان (٤٥٠٠٠) بۆ (٦٥٠٠٠) وشە دەبێت، کە بە فەرهەنگی ئاوەزی (Mental Lexicon) ناودەبرێت). (عبدولڕەحیم، ٢٠١٤: ١١).

فەرهەنگی فێرکاری لە ڕوونکردنەوەی واتای وشەکاندا ڕۆڵی لە یارمەتیدانی قوتابیدا هەیە، دەتوانین ڕۆڵی فەرهەنگی فێرکاری لە چەند خاڵێکدا ڕوونبکەینەوە، لەوانە:

١- لادانی لێڵیی وشەی قورس و نادیار: فەرهەنگی فێرکاری لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئاسانەوە، واتاکان ئاساندەکات بە پێچەوانەی کتێبی قوتابخانەکان، کە هەندێکجار تێگەیشتن لێی قورسترە.

٢- گەشەپێدان و دەوڵەمەندکردنی توانای زمانیی قوتابی: فەرهەنگی فێرکاری کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر گەشە و دەوڵەمەندکردنی توانای زمانی هەیە، لە ڕێگەی ژمارەی زۆری وشە و زاراوەکان و پێناسە و شیکردنەوەکانەوە.

٣- فراوانکردنی ڕۆشنبیریی زمانیی قوتابی: فەرهەنگی فێرکاری، جگە لە شیکردنەوە و پێناسە بۆ وشەکان لەگەڵ ئەوەشدا زانیاریی گشتی و جۆراوجۆر پێشکەشدەکات و لایەنی زمانەوانی دەوڵەمەنددەکات و هەندێک بابەت ڕووندەکاتەوە، کە پێشتر قوتابی نەیزانیوە.

٤- فێربوونی ڕۆشنبیریی گەڕانی قوتابی: لە ڕێگەی گەڕان بۆ وشەکان لە فەرهەنگدا قوتابی کارامەیی لە بەکارهێنانی فەرهەنگ و گەڕان لەناو فەرهەنگدا بەدەستدەهێنێت و ڕێگەی دەستکەوتنی زانیاری فێردەبێت و دەتوانێت بەشێوەی دروست فەرهەنگ بەکاربهێنێت. (تارش، ٢٠١٢- ٢٠١٣: ٣٠- ٣١).

### ٤/١) هەوڵەکانی دانانی فەرهەنگی فێرکاری:

هەوڵەکانی دانانی فەرهەنگی فێرکاری لە زمانی کوردیدا لە سەرەتادا بۆ مەبەستی فێربوون و فێرکردنی زمان بووە، کە لەلایەن نووسەر و زمانەوانان و شاعیرانەوە دانراون و یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری فێرکاری ئەوەیە بۆ لەبەرکردن ئاسانە، دواتر بە شێوەی فەرهەنگی فێرکاری بۆ مەبەستی یارمەتیدانی قوتابی لە خوێندنی قوتابخانەیی دانراون، وەک دەبینین پێداویستییەکانی فێربوون لە قۆناغە جیاوازەکاندا بەپێی سەردەم دەگۆڕێن، ئەم جۆرە

فەرهەنگانە بە دوو شێوە دەرکەوتوون، یەکەم: بە شێوەی شیعری فێرکاری، دووەم: بە شێوەی فەرهەنگی فێرکاری.

دەتوانرێت هەوڵەکانی دانانی فەرهەنگی فێرکاری بۆ دوو بەش دابەشبکرێن، کە بریتین لە:

**١- فەرهەنگ بە شێوەی شیعری فێرکاری:**

ئەم جۆرە لە زمانی کوردیدا بۆ مەبەستی فێربوونی زمانی بیانی دانراون، ئەم جۆرە فەرهەنگانە بۆ مەبەستی فێربوونی زمانی دووەم لەلایەن شاعیر، یان نووسەرانەوە نووسراون کە بۆ مەبەستی فێربوونی زمانی عەرەبی و بە شێوەی شیعری فێرکاری (الشعر التعليمي) (Didactic Poetry)، لەبەر هۆکاری تایبەتی دانراون، لە زمانی کوردیدا چەند فەرهەنگێک لەم جۆرە فەرهەنگانە دەخەینەڕوو، لەوانە:

سەرەتای ئەم جۆرە هەوڵانە دەگەڕێتەوە بۆ شاعیری کورد (ئەحمەدی خانی)، کە لە فەرهەنگی (نەوبهارا بچووکان) لە ساڵی (١٦٨٢- ١٦٨٣) بۆ منداڵانی کوردی داناوە بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی بە شێوەی شیعری فێرکاری. (مامە، ٢٠١٣: ٢٠). (فەرهەنگۆکی ئەحمدی)ی (شێخ مارفی نۆدێیی) لە ساڵی (١٧٩٥) ئەم فەرهەنگە بە شێوەی شیعری فێرکاری دانراوە، بۆ منداڵان بە مەبەستی فێربوونی زمانی عەرەبی، هەروەها فەرهەنگی (الهدية الحميدية في اللغة الكردية)ی (زیائەدین پاشا)، کە فەرهەنگێکی (کوردی – عەرەبی)یە لە (٣٦٦) لاپەڕە پێکهاتووە لە ساڵی (١٨٩٢) لە ئاستانە چاپکراوە و جارێکی تر لە ساڵی (١٩٧٥) لە بەیروت چاپکراوەتەوە. (عەلی، ٢٠١٨: ٥٨١). ئەم جۆرە هەوڵانە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ مەبەستی فێربوونی زمانی دووەم بە شێوەی شیعری فێرکاری دانراون، بەڵام (فەرهەنگی یەکزمانی بە شێوەی فەرهەنگ بۆ زیاتر لە سێ سەدە دواکەوت، لەبەر هەندێک هۆکاری دەرەوەی دەسەڵاتی فەرهەنگنووسان). (مامە، ٢٠١٣: ٢٠).

**٢- فەرهەنگ بە شێوەی فەرهەنگی فێرکاری:**

دانانی فەرهەنگی فێرکاری بە شێوەی فەرهەنگ لە دوای هەوڵەکانی دانانی فەرهەنگی فێرکاری بە شێوەی شیعری فێرکاری لەلایەن شاعیران و نووسەرانەوە دێت، ئەم جۆرە هەوڵانە بریتین لە دانانی فەرهەنگ بۆ قوتابییان، وەک مێژووی فەرهەنگی کوردی لە زمانی کوردیدا یەکەم فەرهەنگی یەکزمانی، کە لەلایەن نووسەر و زمانەوانانی کوردەوە دانرابێت، دەگەڕێتەوە بۆ (شێخ محەمەدی خاڵ) بە ناوی (فەرهەنگی خاڵ) لە ساڵی (١٩٣٥) دایناوە و لە ساڵی (١٩٦٠) چاپکراوە و دوای ئەوە فەرهەنگنووسان دەستیان بە دانانی فەرهەنگی یەکزمانی

کرد. (مامه، ٢٠١٣: ٢١). فەرهەنگی خاڵ فەرهەنگێکی گشتییە و دواتر ((فەرهەنگنووسیی کوردی لە گەشەسەندندا بووە بە تایبەتی لە دوای ساڵی (١٩٩١) بە هۆکاری کرانەوەی چاپخانە و ڕاگەیاندن لە باشووری کوردستان)). (محمدصالح، ٢٠٢١: ٣٤).

هەوڵدان بۆ دانانی فەرهەنگی فێرکاری لەلایەن زمانەوانان و فەرهەنگنووسانی کوردەوە بە شێوەی فەرهەنگی فێرکاری بۆ کردنەوەی قوتابخانەکان دەگەڕێتەوە و هەوڵەکانی دانانی فەرهەنگی فێرکاری لە سەرەتادا هەوڵی تاکەکەسی بووە، پاشان هەوڵی کۆڕێکی زمانەوانی و هەوڵی کۆمەڵێک زمانەوان بەیەکەوە بۆ دانانی ئەم جۆرە فەرهەنگانە، کە لە هەندێک لەم فەرهەنگانەدا ئاستی خوێندن دیاریکراوە، کە بۆ کام قۆناغی خوێندن دانراون، بەڵام لە هەندێکیاندا ئاماژە بە قۆناغی خوێندن نەدراوە.

دەتوانرێت هەوڵەکانی فەرهەنگنووسی لە بواری فەرهەنگی فێرکاری بە شێوەی فەرهەنگ لە زمانی کوردیدا بۆ چەند جۆرێک پۆلێنبکرێن، کە بریتین لە:

١- هەوڵی تاکەکەسی: ئەم هەوڵانە بریتین لە دانانی فەرهەنگی فیرکاری بە هەوڵی تاکەکەسی، کە لەلایەن نووسەران و فەرهەنگنووسانەوە نووسراون.

لە نموونەی ئەم جۆرە هەوڵانە ((فەرهەنگی ڕابەر) فەرهەنگێکی (عەرەبی و کوردی)یە نزیکەی (١٥) هەزار وشەی لەخۆگرتووە، کە لەلایەن (گیوی موکریانی) لە ساڵی (١٩٥٠) لە هەولێر چاپکراوە). (حاجی مارف، ١٩٧٥: ٧٨- ٧٩).

٢- هەوڵی کۆڕی زمانەوانی: ئەم هەوڵانە بریتین لە ئامادەکردنی فەرهەنگی فێرکاری بە هەوڵی کۆمەڵێک کەسی شارەزا لە دەزگایەکی ئەکادیمیی تایبەت.

لە نموونەی ئەم جۆرە هەوڵانە، وەک: (فەرهەنگی هەراشان) فەرهەنگێکی (کوردی – کوردی)یە، کە بۆ تەمەنی نۆ ساڵ و بەرەو ژوور لەلایەن کۆڕی زانیاری کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٧) دانراوە و بڵاوکراوەتەوە، لە (٣٢٩) لاپەڕە پێکهاتووە و یەکەم فەرهەنگی فێرکارییە، کە بە هەوڵی دەستەیەک لە کۆڕێکی زمانەوانی لە عێراق دانرابێت. (مامە، ٢٠١٣: ٢٢).

هەروەها (فەرهەنگی هەرزە) فەرهەنگێکی (کوردی – کوردی)یە لە ساڵی (٢٠١٢) چاپکراوە، کە لە (٢٦٨) لاپەڕە پێکهاتووە بۆ قوتابییانی ناوەندی و ئامادەیی دانراوە، ئەم فەرهەنگە بە هاوکاری لیژنەی فەرهەنگی کۆڕی زانیاری کوردستان و لیژنەی فەرهەنگی ئەکادیمیای کوردی و کاری هەرەوەزی کۆمەڵێک مامۆستا ئامادەکراوە و دانراوە. (هەرزە، ٢٠١٢: ٣- ٤).

**٥/١) جۆرەکانی فەرهەنگی فێرکاری بەپێی قۆناغەکانی خوێندن:**

فەرهەنگی فێرکاری جۆرێکی تایبەتە لە فەرهەنگ، بۆ یارمەتیدانی قوتابی لە پرۆسەی خوێندندا، کە بەپێی قۆناغەکانی خوێندن دادەنرێن (لە فەرهەنگی فێرکاریدا پێویستە ئەو قۆناغە دیاریبکرێت، کە فەرهەنگەکەی بۆ دانراوە، چونکە ناکرێت فەرهەنگی فێرکاری بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن دەستبدات، لە فەرهەنگی فێرکاریدا هەندێکجار ئاماژە بەوە دەدرێت، کە فەرهەنگەکە بۆ هەموو ئاستەکانی خوێندنە، یان ئاماژە بەوە دەدرێت ئەم فەرهەنگە بۆ قوتابیانە، واتە تایبەت ناکرێت بۆ کام ئاستی خوێندن دانراوە). (طاهر، ٢٠٢٠: ٤٨٦).

(فەرهەنگی فێرکاری دوو جۆر پۆلێنکردنی هەیە (بەپێی تەمەنی بەکارهێنەر) و (بەپێی ئاستی خوێندنی بەکارهێنەر) فەرهەنگ بەپێی ئاستی خوێندنی بەکارهێنەری فەرهەنگ بەپێی پلەداری ئاستەکانی خوێندن ڕێکدەخرێن بۆ قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن بە جیاوازی پێداویستی زمانیی قوتابی لە هەر قۆناغێکی خوێندندا). (بن مدور، ٢٠٠٥- ٢٠٠٦: ٥٢). لەلایەن هەندێک خانەی چاپەوە، وەک: خانەی لاڕوس (larousse) و خانەی هاچێت (hachette) و خانەی فلۆرۆس (fleurus) لە فەڕەنسا بە شێوەی زنجیرەیی ئەم جۆرە فەرهەنگانە بۆ تەمەن و قۆناغە جیاوازەکان دادەنرێن، وەک فەرهەنگ بۆ باخچەی ساوایان و قۆناغی سەرەتایی و قۆناغەکانی تر، کە تەمەنی بەکارهێنەر و ژمارەی دەروازە بەکارهاتووەکان لە فەرهەنگەکەدا دەخەنەڕوو. (بن مدور، ٢٠٠٥- ٢٠٠٦: ٥٠- ٥١).

جۆرەکانی فەرهەنگ بەپێی ئاستی خوێندن لە هەر قۆناغێکدا کۆمەڵێک تایبەتمەندی تێدایە و جیاوازە لە قۆناغەکانی تر لە ڕووی ژمارە و جۆری دەروازەکان و بەکارهێنانی وێنە و وێنەکێشان و جۆری شیکردنەوەی دەروازەکانی فەرهەنگ، کە بە شێوەیەک لەگەڵ ئەو ئاستەی خوێندندا بگونجێت، کە فەرهەنگەکەی بۆ دانراوە و ئەم جۆرە فەرهەنگانە بۆ چەند ئاستێک دابەشدەکرێن.

فەرهەنگی فێرکاری بەپێی ئاستەکانی خوێندن دابەشدەبن بۆ چەند جۆرێک: (عمر، ٢٠٠٩: ٤٢- ٤٩).

**یەکەم: فەرهەنگی پێش قۆناغی قوتابخانە:**

ئەم فەرهەنگانە تایبەتن بەو منداڵانەی کە هێشتا نەچوونەتە قوتابخانە، ئەم فەرهەنگانە پشت بە وێنە دەبەستن زیاتر لە وشە و دەربڕین، بە هۆی تایبەتمەندی و توانای تێگەیشتنی منداڵ لەم قۆناغەدا. (تارش، ٢٠١٢- ٢٠١٣: ١٨). ئەم جۆرە فەرهەنگانە مامەڵە لەگەڵ قۆناغی

سەرەتایی لە وەرگرتنی زماندا دەکەن، چونکە بەکارهێنەرانی فەرهەنگ، کە منداڵانی باخچەی ساوایانن کارامەیی بەکارهێنان و خوێندنەوەی پێناسەکانیان لە فەرهەنگدا نییە. (عمر، ٢٠٠٩: ٤٣).

(فەرهەنگی ئەم قۆناغە بە فەرهەنگی ئامادەکاری، یان فەرهەنگی وێنەیی ناودەبرێت و وشەکان لەگەڵ وێنەکان دادەنرێن و بە زۆری پشت بە وێنە دەبەستن، چونکە منداڵ بە زۆری لەگەڵ شتی هەستپێکراودا مامەڵەدەکات). (بن مدور، ٢٠٠٥– ٢٠٠٦: ٥٣).

ئەم جۆرە فەرهەنگانە چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە، لەوانە:

١- ژمارەی دەروازەکانی کەمترە بەراورد بە فەرهەنگی قۆناغەکانی تر، چونکە فەرهەنگی فێرکاری بۆ قۆناغەکانی تر ژمارەیەکی زۆرتر لە وشە و زاراوە لەخۆدەگرن.

٢- بەکارهێنانی ڕەنگ و جۆری باشی کاغەز و دیزاینی بەرگ بە شێوەیەکی ڕەنگاوڕەنگ لەم جۆرە فەرهەنگانەدا کارێکی پێویستە.

٣- بەکارهێنانی وێنە لە فەرهەنگی ئەم قۆناغەدا کارێکی سەرەکییە، چونکە هۆکارێکی باشە بۆ سەرنجڕاکێشانی منداڵ، هەروەها هۆکارێکە بۆ تێگەیشتنی منداڵ.

**دووەم: فەرهەنگی قۆناغی سەرەتایی:**

ئەم فەرهەنگانە تایبەتن بە قوتابییانی قۆناغی سەرەتایی و ئەم قۆناغە لە دوای قۆناغی باخچەی ساوایان دێت، ئەم جۆرە فەرهەنگانە، تەنیا کورتکردنەوەی فەرهەنگی گەورە نییە، بەڵکو جۆرێکی تایبەتن لە فەرهەنگەکان و دەبێت لەم جۆرە فەرهەنگانەدا کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەبێت، کە گرنگترینیان ئاسانکردنی زۆری پێناسەکانە لە شیکردنەوەی واتای وشەکان، چونکە منداڵی بچووک ناتوانێت لەگەڵ شێوە و دەربڕینی ئاڵۆز، یان لێکدراودا مامەڵەبکات و دەبێت زانیارییەکان بۆ پێویستییەکانی ئەو تەمەنە بگونجێت بە لەبەرچاوگرتنی پێشکەوتنی زمانیی ئەو تەمەنە. (عمر، ٢٠٠٩: ٤٣). (قوتابی لەم قۆناغەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەست بە وەرگرتنی وشەی نوێ دەکات). (بن مدور، ٢٠٠٥– ٢٠٠٦: ٥٥)، هەروەها (دەکرێت فەرهەنگی (قۆناغی سەرەتایی و قۆناغی ناوەندی) کۆبکرێنەوە لەژێر ناوی فەرهەنگی بچووک (قوتابی)). (عمر، ٢٠٠٩: ٤٢).

دەتوانرێت فەرهەنگ بۆ قوتابییانی قۆناغی بنەڕەتی دابنرێت، کە لە پۆلی (یەکەم) دەستپێدەکات، تا پۆلی (نۆیەم) و فەرهەنگێک بێت، بگونجێت بۆ ئەو قۆناغە و یارمەتیدەری قوتابییان بێت لە شیکردنەوەی واتای وشە و زاراوەکان، هەروەها پێداویستییەکانی ئەم قۆناغەی خوێندن ڕەچاوبکات.

فەرهەنگی فێرکاری لەم قۆناغەدا چەند تایبەتمەندی و جیاکەرەوەیەکی هەیە، لەوانە:

١- ئاسانکردنی زۆر لە پێناسەکان، چونکە منداڵ ناتوانێت لەگەڵ شێوە و دەربڕینی لێکدراو و ئاڵۆز مامەڵەبکات.

٢- دەبێت زانیارییەکانی ئەم جۆرە فەرهەنگانە بگونجێن بۆ ئەم قۆناغە.

٣- پێویستە پێشکەوتنی توانای زمانی و گەشەسەندنی توانای وەرگرتنی واتای وشەکان ڕەچاوبکرێن.

٤- شیکردنەوەی واتای وشەکان و خۆلادان لە زانیاریی وشەسازی و ڕستەسازی و ئەو زانیارییانەی کە ناچنە چوارچێوەی گرنگی منداڵەوە. (عمر، ٢٠٠٩: ٤٣- ٤٤).

**سێیەم: فەرهەنگی پێش زانکۆیی:**

ئەم جۆرە فەرهەنگانە تایبەتن بە قۆناغی پێش زانکۆیی، فەرهەنگی ئەم قۆناغە بۆ ئاستێکە، کە لە دوای قۆناغی سەرەتایی دەستپێدەکات، تا قۆناغی زانکۆیی، پێویستە فەرهەنگی ئەم قۆناغە زاراوەی بوارەکانی خوێندن لەخۆبگرێت، توانای زمانی و توانای وەرگرتنی واتای وشەکان لەلایەن بەکارهێنەرانی فەرهەنگ لەم قۆناغەدا زیادیکردووە بە شێوەیەک، کە دەتوانن لەگەڵ شێوە و دەربڕینی ئاڵۆز مامەڵەبکەن. فەرهەنگی قۆناغی پێش زانکۆیی، هەندێکجار بۆ دوو قۆناغ دابەشدەکرێت، کە بریتین لە:

یەکەم: فەرهەنگی قۆناغی ناوەندی، دووەم: فەرهەنگی قۆناغی ئامادەیی.

فەرهەنگی فێرکاری لەم قوناغەدا چەند تایبەتمەندی و جیاکەرەوەیەکی هەیە، لەوانە:

١- دەبێت ژمارەی دەروازەکان دیاریبکرێن و واتای وشەکان کورتبکرێنەوە .

٢- ڕەچاوکردنی پێوەری (دووبارە بەکارهێنان) لە هەڵبژاردنی دەروازەکان و واتاکان.

٣- دەبێت لایەنی ئەرکی لە پێناسەی ناوەکاندا بەسەر لایەنی هەستیدا پێشبخرێت.

٤- خۆلادان لە ئاماژەدان بە گەشەکردنی واتای وشە، تەنیا ئاماژە بە واتای ئێستای وشە بدرێت.

٥- ڕێکخستنی واتا لە هەر دەروازەیەک و ڕێکخستنی پێناسەکان. (عمر، ٢٠٠٩: ٤٤).

## چوارەم: فەرهەنگی قۆناغی زانکۆیی:

ئەم فەرهەنگانە تایبەتن بە قۆناغی زانکۆیی (فەرهەنگی زانکۆیی) تایبەتن بە خوێندکاران و توێژەران، ئەم جۆرە فەرهەنگانە کۆمەڵێک وشەی جۆراوجۆر لەخۆدەگرن و کۆمەڵێک وشە و زاراوەی بوارەکانی ژیانی تێدایە و زاراوەی بوارەکانی زانستی و هونەری لەخۆگرتووە. (تارش، ٢٠١٢- ٢٠١٣: ٢٠)، هەندێکجار بە (فەرهەنگی کۆلێژی) ناودەبرێت، ئەم جۆرە فەرهەنگانە دەبێتە نموونەی پێشەنگ بۆ فەرهەنگی خوێندکار، ئەم جۆرە فەرهەنگانە خاوەن ئامانجی فێرکارین و لە بناغەدا نوێن. (عمر، ٢٠٠٩: ٤٦)، هەروەها دەکرێت وشە و زاراوەی تایبەتی و پسپۆڕی لەخۆبگرێت، کە خزمەتی خوێندکاری زانکۆ بکات لە بواری پسپۆڕییەکەی و خزمەتی توێژەر لە بواری توێژینەوەکەی بکات، سەرەڕای ئەوە زانیارییە سەرەکییەکانی وەک زانیاریی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی لەخۆدەگرێت. (تارش، ٢٠١٢- ٢٠١٣: ٢٠). (ئەم فەرهەنگانە تایبەتن بەو چینەی کە ئاستی زمانییان گەشەیسەندووە، هەروەها فەرهەنگی قۆناغی زانکۆیی ژمارەیەکی زۆر وشە و دەربڕینی ژیانی ڕۆژانەشی لەخۆگرتووە). (صدیقی – زینب، ٢٠١٩- ٢٠٢٠: ١٣).

## ٦/١) جۆرەکانی فەرهەنگی فێرکاری لە ڕووی زمانەوە:

مەبەست لە زمانی بەکارهاتووە لە فەرهەنگی فێرکاریدا و جۆرەکانی فەرهەنگ لە ڕووی زمانەوە مەبەست لەوەیە وشەکانی زمانێک بە هەمان زمان، یان بە زمانێکی جیاواز، یان بە دوو زمانی جیاواز لە فەرهەنگدا ڕووندەکرێنەوە و چەند جۆرێکیان هەیە، کە بریتین لە: (فەرهەنگی یەکزمانی و فەرهەنگی جووتزمانی و فەرهەنگی فرەزمانی). (عمر، ٢٠٠٩: ٤١).

فەرهەنگی فێرکاری لە ڕووی زمانەوە چەند جۆرێکن، کە بریتین لە:

١- **فەرهەنگی یەکزمانی:** ئەو فەرهەنگانەن، کە دەروازەکانی فەرهەنگ تیایاندا بە زمانێک دانراون و ڕوونکردنەوەی واتاکان بە هەمان زمانە، بە شێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە فەرهەنگانە بۆ ئاخێوەرانی نیشتمانی دادەنرێن، کە هەوڵدەدرێت واتای وشەکان بە وشەی هەمان زمان، یان دوو زاری جیاواز، یان زیاتر ڕوونبکرێنەوە. (عمر، ٢٠٠٩: ٤١). (ئامانج لە نووسینی ئەم فەرهەنگانە بۆ کەسی خاوەن زمانە و دەروازەی فەرهەنگی گونجاو هەڵدەبژێردرێت و بە شێوەیەکی گونجاو و ئاسان ڕووندەکرێنەوە، هەروەها زانیاری لەسەر وشەکان دەدرێت). (بن مدور، ٢٠٠٥- ٢٠٠٦: ٤٧).

له نموونەی ئەم جۆرە فەرهەنگە فێرکارییانە لە زمانی کوردیدا، بریتین لە: فەرهەنگی هەراشان (٢٠٠٧) فەرهەنگێکی (کوردی – کوردی)یە بۆ تەمەنی نۆ ساڵ و بەرەو ژوور دانراوە و فەرهەنگی هەرزە (٢٠١٢) فەرهەنگێکی (کوردی – کوردی)یە بۆ قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی دانراوە.

**٢- فەرهەنگی جووتزمانی:** ئەو جۆرە فەرهەنگانەن، کە دەروازەکان بە زمانێک دادەنرێن و زمانی شیکردنەوەی دەروازەکان جیاوازە لە زمانی دەروازەکان و زیاتر گرنگی بە زمانە شیکراوەکە دەدرێت، هەروەها گرنگی بە پێشکەشکردنی زانیارییەکان لەسەر زمانە شیکراوەکە دەدرێت، ئەگەر شیکردنەوە لە یەک زمانی جیاواز زیاتر بوو، ئەو جۆرە فەرهەنگە بە فەرهەنگی جووتزمانی ناودەبرێت. (عمر، ٢٠٠٩: ٤١).

ئەم جۆرە فەرهەنگانە دەتوانرێت بۆ دوو جۆر دابەشبکرێن، وەک:

١- فەرهەنگی (نەتەوەیی – بیانی): ئەو فەرهەنگانەن، کە وشەکانی بە زمانی نەتەوەیی دەستپێدەکەن لە بەرانبەردا وشەی زمانی بیانی دانراون و شیکراونەتەوە،

له نموونەی ئەم جۆرە فەرهەنگانە، وەک: فەرهەنگی مەهاباد فەرهەنگێکی (کوردی – عەرەبی)یە، کە لەلایەن (گیوی موکریانی) لە ساڵی (١٩٦١) دانراوە. (حاجی مارف، ١٩٨٧: ٥٠).

٢- فەرهەنگی (بیانی – نەتەوەیی): ئەو فەرهەنگانەن، کە وشەکانی بە زمانی بیانی دەستپێدەکەن و لە بەرانبەردا وشەی زمانی نەتەوەیی دانراون و ئەو وشانە شیدەکرێنەوە. (خۆشناو، ٢٠١٦: ٩٠-٩١). لە نموونەی ئەم جۆرە فەرهەنگانە، وەک:

(فەرهەنگی قوتابی) فەرهەنگێکی (ئینگلیزی – عەرەبی) و (ئینگلیزی – کوردی)یە لە ساڵی (١٩٨٥) لەلایەن لیژنەیەکەوە لە بەغداد ئامادەکراوە و دانراوە.

**٣- فەرهەنگی فرەزمانی:** ئەم جۆرە فەرهەنگانە زیاتر لە دوو زمانیان تێدا بەکارهاتووە و وشە و زاراوەکان بۆ مەبەستی فێرکاری لێکدراونەتەوە، کە وشەی زمانی نەتەوەیی لە بەرانبەردا بە دوو زمانی جیاواز واتاکانیان شیکراونەتەوە و لێکدراونەتەوە.

له نموونەی ئەم جۆرە فەرهەنگانە لە زمانی کوردیدا، وەک: (فەرهەنگی تریفە) فەرهەنگێکی سێ زمانی (کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی)یە لە ساڵی (٢٠٠٨) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی و نەتەوەکانی تری وەزارەتی پەروەردەی کۆماری عێراق دانراوە.

### ٧/١) ڕەگەزەکانی فەرهەنگی فێرکاری:

مەبەست لەو لایەنە هونەرییانەیە، کە لە فەرهەنگدا بە گشتی و لە فەرهەنگی فێرکاریدا ڕەچاودەکرێن، وەک چاپ و دەرهێنان و جۆر و ڕەنگی کاغەزی فەرهەنگ و قەبارەی فەرهەنگ و نووسین و بەکارهێنانی ڕەنگەکانی فەرهەنگ و نووسین لە ڕووی قەبارە و ڕەنگ و (کاڵی و تۆخی)، کە لە دانانی فەرهەنگدا ڕەچاودەکرێن. (طاهر، ٢٠٢٠: ٤٩٧).

ڕەگەزەکانی فەرهەنگی فێرکاری، بریتین لە:

**یەکەم: چاپ و دەرهێنانی بەرگ:**

لە دانانی فەرهەنگدا دیزاینی بەرگی فەرهەنگی فێرکاری، یان بەرگی هەر کتێبێک کاریگەری لەسەر منداڵ هەیە و هاندەرێکە بۆ سەرنجڕاکێشانی منداڵ و ئارەزووی بەکارهێنان لەلای قوتابی زیاددەکات. (بن مدور، ٢٠٠٥- ٢٠٠٦: ١٠٦). بەرگی فەرهەنگ دەروازەیەکە و ڕووخساری سەرەتاییە لە فەرهەنگدا، کە قوتابی دەیبینێت، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی قوتابی و بە تایبەتی بۆ تەمەنی منداڵ لایەنێکی سەرەکی و هاندەرە، هەروەها دەبێت ڕەنگ و وێنەی تێدا بەکاربهێنرێت. (صدیقي – زینب، ٢٠١٩- ٢٠٢٠: ٢٧).

**دووەم: جۆری کاغەز و ڕەنگەکەی:**

یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی فەرهەنگی فێرکاری، بریتییە لە بەکارهێنانی جۆری باشی کاغەز بە جۆرێک، کە لە هەردوو دیوی کاغەزەکانی فەرهەنگەکە نووسینەکان دەرنەکەون، بۆئەوەی قوتابی بتوانێت بە ئاسانی نووسینەکانی فەرهەنگەکە بخوێنێتەوە. (تارش - مسعود، ٢٠٢٠: ١١٥٦). پێویستە جۆری کاغەزی بەکارهاتوو لە فەرهەنگدا بە جۆرێک بێت، کە ڕەنگەکەی زۆر سپی نەبێت و ئازاری چاو نەدات. (طاهر، ٢٠٢٠: ٤٩٩).

**سێیەم: قەبارەی فەرهەنگ:**

لە فەرهەنگە فێرکارییەکاندا، کە بۆ قۆناغێکی تایبەتی قوتابخانە دادەنرێن دەبێت ڕەچاوی قەبارەی فەرهەنگ بکرێت و قەبارەی فەرهەنگ بە جۆرێک بێت، کە بۆ هەڵگرتن و گواستنەوە لەلایەن قوتابییەوە گونجاو بێت، قەبارەی فەرهەنگ پەیوەستە بە چەند لایەنێکەوە، لەوانە:

١- ڕێژەی بابەتە زمانییەکانی ناو فەرهەنگ.

٢- قەبارەی پیتە بەکارهاتووەکان.

٣- ڕیژەی سپێتی نێوان ستوون و ڕیزەکان.

٤- ئەستووری کاغەزەکە. (طاهر، ٢٠٢٠: ٥٠٤).

**چوارەم: ڕەنگە بەکارهاتووەکان:**

بەکارهێنانی ڕەنگی جۆراوجۆر لە وێنەی کێشراو و فۆتۆگرافی لە فەرهەنگی فێرکاریدا دەبێت بە مایەی سەرنجڕاکێشانی قوتابی و منداڵ و ئەرکی سەرەکی بەکارهێنانی ڕەنگەکان لە فەرهەنگدا یارمەتیدانی بەکارهێنەرەکەیەتی لە تێگەیشتن، بەڵام نابێت ڕەنگەکان لە وێنەکانی ناو فەرهەنگدا، تەنیا بۆ ڕەنگکردن و جوانکاری بەکاربهێنرێن، بەڵکو دەبێت بە دروستی بەکاربهێنرێن، واتە ڕەنگەکە گونجاو بێت و ڕەنگی ڕاستەقینە و سروشتی خۆی بێت. (طاهر، ٢٠٢٠: ٥٠٣)، وەک: وێنەی (پرتەقاڵ) دەبێت بە ڕەنگی پرتەقاڵی ڕەنگبکرێت، کە ڕەنگی ڕاستەقینەی خۆیەتی، ڕەنگەکان لە چاپەمەنیدا ئامرازێکی گرنگن و لە دەزگاکانی بڵاوکردنەوە بەکاردێن و لە پرۆسەی دانانی کتێب، یان فەرهەنگدا ئەرکی سەرەکییان بۆ تێگەیشتنە. (طاهر، ٢٠٢٠: ٥٠٣). لە سێ باردا ڕەنگەکان بەکاردەهێنرێن، کە بریتین لە:

ا- هێما: پێویستە ڕەنگە بەکارهاتووەکان لەسەر بەرگی فەرهەنگەکە لەگەڵ تەمەن و باری دەروونی بەکارهێنەر بگونجێت، چونکە هەر ڕەنگێک ئاماژە بۆ واتایەک دەکات.

ب- ئامرازی ڕوونکردنەوە: پێویستە وێنە و وێنەکێشراوەکان بە ڕەنگە ڕاستەقینەکەی خۆیان ڕەنگبکرێن.

ج- ئامرازی جەختکردنەوە. (طاهر، ٢٠٢٠: ٥٠٤).

**پێنجەم: نووسین:**

نووسین لە فەرهەنگەکاندا ڕەگەزێکی گرنگە، دەبێت لە ڕووی شێوەی پیتەکان و قەبارەی پیتەکان و درێژی ڕیزەکان و ژمارەی ستوون و ڕێژەی سپێتی نێوان وشەکان و ڕیزەکان گرنگی بە شێوەی نووسین بدرێت، هەروەها قەبارەی نووسین ڕۆڵی گرنگی لە خوڵقاندنی کەشێکی گونجاو بۆ بەکارهێنەری فەرهەنگ هەیە. (طاهر، ٢٠٢٠: ٤٩٩). پێویستە قەبارەی نووسین گونجاو بێت و دەروازەکان لە فەرهەنگی فێرکاریدا دەبێت بە گەورەکراوی و بە شێوەی ڕەنگی جیاواز لە ڕەنگی نووسینی فەرهەنگەکە دابنرێن، پاشان واتای وشە و زاراوەکان شیبکرێنەوە و لێکبدرێنەوە و ئەم کارە پێویستە لە فەرهەنگدا، چونکە گەڕانی قوتابی لە فەرهەنگەکەدا بۆ ئەو وشانەی کە دەیەوێت واتاکەی بزانێت ئاساندەکات. (تارش- مسعود، ٢٠٢٠: ١١٥٥).

# بەشی دووەم:

# بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری بۆ قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی

## بەشی دووەم:

## بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری بۆ قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی

### ١/٢) بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری:

فەرهەنگساز لە دانانی فەرهەنگدا ڕەچاوی کۆمەڵێک بنەما و دەستووری تایبەت دەکات بە تایبەتی لە دانانی فەرهەنگی فێرکاری بۆ قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی، کە ئەم قۆناغە یەکێکە لە قۆناغەکانی خوێندن لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی دەستپێدەکات، بۆ قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی، کە قۆناغێکی تایبەتە لە پەروەردە و فێرکردندا. (بنەماکانی فەرهەنگ لە کاری فەرهەنگنووسیدا بریتین لە کۆمەڵێک دەستوور و یاسا دەبێت ڕەچاوبکرێن و فەرهەنگساز لە دانانی فەرهەنگدا پشت بەو دەستوور و یاسایانە دەبەستێت لە کارەکەیدا لە پێناو دانانی فەرهەنگێکی نوێ و هاوچەرخ). (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ٨٣). بنەماکانی فەرهەنگ سەرەکی و پێویستن و لە فەرهەنگی فێرکاریدا ڕەچاودەکرێن، کە بریتین لە: (بن دخان، ٢٠١٥- ٢٠١٦: ٢٨- ٣٠).

١- پێشەکیی فەرهەنگ.

٢- دەروازەکانی فەرهەنگ.

٣- ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ.

٤- زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگ.

٥- ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگ.

٦- پاشکۆکان. (القاسمی، ٢٠٠٢: ١١٥- ١٣١).

بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری هەمان ئەو بنەمایانەن، کە لە فەرهەنگنووسیدا لە دانانی فەرهەنگدا بەکاردەهێنرێن، سەرەڕای بنەماکانی فەرهەنگ پێویستە چەند تایبەتمەندییەک لە فەرهەنگی فێرکاری بۆ قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی ڕەچاوبکرێن، کە دانانی فەرهەنگ بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن تایبەتمەندی خۆی هەیە.

دەتوانین لێرەدا بە چەند خاڵێک ئەو تایبەتمەندییانە کورتبکەینەوە، لەوانە:

١- زانیاریی ئاستەکانی زمان و زانیاریی گشتگیری (ئینسکلۆپیدی) و زاراوەی بوارەکانی خوێندن ڕەچاودەکرێن، کە بۆ ئەم جۆرە فەرهەنگانە پێویست و گرنگن.

٢- بەکارهێنانی ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگ، وەک ئامرازە بینراوەکان و ئامرازە بیستراوەکان بە تایبەتی لەم سەردەمەدا بۆ فەرهەنگی فێرکاری پێویست و گرنگن.

٣- لەم جۆرە فەرهەنگانەدا پێویستە پاشکۆی تایبەت بە وانەکانی خوێندن دابنرێن و بۆ قوتابی ڕوونبکرێنەوە، تا بتوانێت سوودی زانستی و زمانی و ڕۆشنبیری بۆ ئەم قۆناغەی خوێندن لە پرۆسەی فێرکردندا هەبێت و لە تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی زاراوەی وانەکانی خوێندندا یارمەتیدەرێکی باش بێت.

### ١-١/٢) پێشەکیی فەرهەنگی فێرکاری:

پێشەکیی فەرهەنگ بۆ هەموو جۆرە فەرهەنگێک پێویستییەکی سەرەکییە و فەرهەنگی فێرکاری پێویستە پێشەکییەکی کورت، یان درێژی هەبێت و یارمەتی بەکارهێنەری فەرهەنگەکە بدات، (عەلی قاسمی) دەڵێت: پیویستە قوتابی پیشەکیی فەرهەنگ بخوێنێتەوە و پلانی دانەری فەرهەنگ بزانێت و شارەزای کورتکراوەکان و هێما و زاراوە بەکارهاتووەکانی فەرهەنگەکە بێت. (ضیاف، ٢٠١٩: ١١٥).

پێشەکیی فەرهەنگ باس لە ئامانجی فەرهەنگ و تەمەنی بەکارهێنەر و پسپۆڕی و لیستی وشە و زاراوە کورتکراوەکان دەکات. (فەرهەنگساز یان فەرهەنگنووس، لە پێشەکیی فەرهەنگەکەیدا دەتوانێت کۆمەڵێک خاڵی گرنگ و پێویست بۆ مەبەستی خزمەتکردنی بەکارهێنەری فەرهەنگ دیاریبکات، بۆئەوەی بەکارهێنەری فەرهەنگ شارەزایی پێشوەختە لە بارەی فەرهەنگەکەوە پەیدابکات). (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ٨٦).

(فەرهەنگ پێویستە زانیاریی بەسوود پێشکەشبکات، بۆئەوەی قوتابی بۆ کتێبی تایبەت بە ڕێزمانی زمانەکە نەگەڕێتەوە، بۆیە بەشێکی زۆر لە زمانەوانان بۆچوونیان وایە لە پێشەکیی فەرهەنگدا پێویستە کورتەیەک لەسەر ڕێزمانی زمانەکە دابنرێت، بۆئەوەی قوتابی بتوانێت زانیارییە گرنگەکانی ڕێزمانی ئەو زمانە بزانێت). (البار، ٢٠١٤: ٧١). (لە پێشەکیی فەرهەنگدا پێویستە ئاماژە بە لیژنە و گروپی کارکردنی دانانی فەرهەنگەکە بدرێت و ئاماژە بە گرنگترین ئەو سەرچاوانە بدرێت، کە لە دانانی فەرهەنگەکەدا سوودیان هەبووە). (ضیاف، ٢٠١٩: ١١٦).

لە پێشەکیی فەرهەنگدا ئاماژە بە چەند ئەرکێک دەدرێت، ئەو ئەرکانەی کە پێویستە لە پێشەکیی فەرهەنگی فێرکاریدا ڕەچاوبکرێن، بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە: (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ٨٦).

**١- ئاماژەدان بە هێما و کورتکراوەکانی فەرهەنگ:** لە پێشەکیی فەرهەنگدا دەبێت لیستی هێما و کورتکراوەکان دابنرێت و بۆ ئاسانی کاری نووسین و چاپ لە فەرهەنگدا کارێکی پێویستە.

**٢- ئاماژەدان بە ئامانجی فەرهەنگ:** مەبەست لەو ئامانجەیە، کە فەرهەنگنووس دەیەوێت بیخاتەڕوو، کە چی ئامانجێکی لە نووسینی فەرهەنگەکەدا هەیە؟

**٣- ئاماژەدان بە قەبارەی فەرهەنگ:** لە فەرهەنگدا پێویستە ئاماژە بە قەبارەی فەرهەنگ بدرێت و ئاماژە بەوە بدرێت، کە فەرهەنگەکە لە چەندە لاپەڕە پێکهاتووە.

**٤- ئاماژەدان بە ژمارەی دەروازەکانی فەرهەنگ**: لە فەرهەنگدا پێویستە ئاماژە بە ژمارەی دەروازەکانی فەرهەنگەکە بدرێت، کە فەرهەنگەکە لە چەند دەروازەی فەرهەنگی پێکهاتووە.

**٥- ئاماژەدان بە چینی بەکارهێنەری فەرهەنگ:** لە پێشەکیی فەرهەنگدا پێویستە ئاماژە بەو چینە بدرێت، کە فەرهەنگەکەی بۆ دانراوە.

**٦- ناوەڕۆکی فەرهەنگ:** زانیاریی ناوەڕۆکی فەرهەنگ مەبەست لە زانیاریی تایبەت بە فەرهەنگە، کە پێویستە لە پێشەکیی فەرهەنگدا کورتەیەک لە پێناسەی زمانی فەرهەنگەکە دابنرێت، هەروەها زانیاریی ڕێزمانی و زانیاریی ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و زانیاریی مێژووی وشەکان بخرێنەڕوو.

**٢-١/٢) دەروازەکانی فەرهەنگی فێرکاری:**

دەروازەی فەرهەنگی لە زمانی عەرەبی بە (المدخل المعجمي) ناودەبرێت و لە زمانی ئینگلیزی بە (lexical entry) ناودەبرێت ((مەبەست لە دەروازەکانی فەرهەنگ ئەو وشانەن، کە لە فەرهەنگدا بە خەتێکی گەورە یان بچووک یان تۆخ یان کاڵ یان ڕەنگێکی جیاواز لە ڕەنگی نووسینی فەرهەنگەکە دەنووسرێن)). (طاهر، ٢٠١٩: ٥٤٣). دەروازەی فەرهەنگ یەکەی فەرهەنگییە لە فەرهەنگدا ((لێکسیم دانەیەکی نادیاری ناو فەرهەنگە، واتە نواندنێکی ئەبستراکتی هەیە، دەتوانرێت لە ڕێگای بەرجەستەکردنەکەیەوە، واتا تیا هەڵگیراوەکە بزانرێت، واتە لێکسیمەکان وەکو یەکەیەکی واتایی لە زمانەکاندا سەیر دەکرێن و بۆ ئەو مەبەستە بچووکترین یەکە لە بەرچاو دەگیرێت و بە لێکسیم دەژمێرێت و لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێت)) هەموو وشەیەک لە

فەرهەنگدا لەگەڵ شێوە جیاوازەکانی، کە لە فەرهەنگدا هەن بە لێکسیم دادەنرێت بۆ نموونە وشەی (بردن) و شێوە جیاوازەکانی، کە ئەمانەن: برد، دەبرد، بردووە، دەبات، ببە... هتد. (سەعید، ٢٠١٥: ٤١). کەرەستەی سەرەکیی فەرهەنگ وشەیە و وشەکان تایبەتمەندییان هەیە، کە بریتین لە: یەکە فەرهەنگییەکان (وشەکان) جێگیر نین و وشەی نوێ لە هەموو کاتێکدا سەرهەڵدەدەن و وشەی کۆن و سواو ڕووبەڕووی لەناوچوون دەبنەوە. (عبدولڕەحیم، ٢٠١٤: ٣).

## ١/٢-٢-١) هەڵبژاردنی دەروازەکان:

هەڵبژاردنی دەروازەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی فێرکاریدا (فەرهەنگنووس کتێبە قوتابخانەییەکان دەکات بە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی دەروازەکان لە وەرگرتنی وشە و زاراوەکان و نموونە وەرگرتن، بەم ڕێگەیە ماددەی خاوی ئەم جۆرە فەرهەنگە دەستدەکەوێت، ئینجا فەرهەنگنووس وشەی نوێ بۆ فەرهەنگەکە زیاددەکات، بە شێوازێک لەگەڵ ئاستی قوتابی بگونجێت، بەو جۆرە ئاستی زانیاری و توانای زمانی لەلای قوتابی فراواندەکات). (تارش، ٢٠١٢- ٢٠١٣: ٣٣).

فەرهەنگنووس لە هەڵبژاردنی دەروازەکانی فەرهەنگدا بەپێی مەبەست و ئامانجی تایبەت بە دانانی فەرهەنگەکە دەروازەی فەرهەنگی پێویست هەڵدەبژێرێت ((لە هەڵبژاردنی دەروازەکانی فەرهەنگ (ل. ڤ. شێربا) وای بۆ دەچێت، کە کێشەی هەڵبژاردنی وشە بۆ فەرهەنگ یەکێکە لە کێشە زەحمەتەکانی فەرهەنگنووسین)). (حاجی مارف، ١٩٨٧: ١٠٦)، هەروەها لە هەڵبژاردنی ماددەی فەرهەنگدا پێویستە فەرهەنگی فێرکاری وشەی کۆن و نوێ و ئەو وشانەی کەم بەکاردێن لەم سەردەمەی ئێستامان لەخۆبگرێت، ئەم جۆرە فەرهەنگانە دەبێت پەیوەندی لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا هەبێت، لە ڕێگەی لەخۆگرتنی وشەی کۆن و نوێ و هاوچەرخەوە. (تارش - مسعود، ٢٠٢٠: ١١٤٣). ئەو کەرەستانەی لەم جۆرە فەرهەنگانە دادەنرێن، دەبێت بۆ مەبەست و ئامانجی فێرکاریی قۆناغەکە بێت، کە لەگەڵ پرۆگرامی خوێندندا بگونجێت و وشە و زاراوەی ناو پرۆگرامەکە لە فەرهەنگەکەدا شیبکاتەوە و لێکبداتەوە و کەلتوور و دابونەریتی ئەو کۆمەڵگەیە ڕەچاوبکات، سەرەڕای ئەوەش دەبێت جۆری شیکردنەوە و لێکدانەوە و ڕوونکارییەکانی ناو فەرهەنگەکە بۆ مەبەستی فێرکاری بگونجێن.

وشە و زاراوەی تایبەت بە کتێبەکانی خوێندن لەو قۆناغە دەبێت بە سەرچاوەی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی دەروازە فەرهەنگییەکانی ئەم جۆرە فەرهەنگانە، کەرەستە (ماددە) سەرەکییەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگێک بۆ فەرهەنگێکی تر بەپێی ئەو ئامانجەی فەرهەنگنووس

مەبەستێتی دەگۆڕدرێت و ئەمەش دەبێت بە هۆی جۆری جیاوازی فەرهەنگ لە ڕووی جۆر و قەبارە و ژمارەی دەروازەکانەوە. (مامە، ٢٠١٣: ٤٦).

دەروازەکانی فەرهەنگی فێرکاری بە چەند ڕێگەیەک دادەنرێن، لەوانە:

١- لە ڕێگەی گەڕان و کۆکردنەوەی لیستی وشە و زاراوە زۆر بەکارهاتووەکان لە کتێبەکانی قوتابخانە، کە لە پڕۆگرامی خوێندندا بەکاردەهێنرێن، بەم ڕێگەیە ماددەی خاوی ئەم جۆرە فەرهەنگە دەستدەکەوێت، لەگەڵ وشە و زاراوەی نوێ، کە فەرهەنگنووس بە گونجاوی دەبینێت بۆ دەوڵەمەندکردنی ئاستی قوتابییان لەلایەنی زمانی و فراوانکردنی ئاستی زانیاریی قوتابییان. (تارش، ٢٠١٢- ٢٠١٣: ٣٣).

٢- سوودوەرگرتن لە کتێبی چیرۆکی منداڵانی تایبەت بەو قۆناغە، چونکە وەرگرتنی وشەی گونجاو لەو کتێبانە گرنگە و بەشێکن لە پێویستی ئەو قۆناغە، کە منداڵ پێویستی بە ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنی ئەو وشە و زاراوانە هەیە.

٣- سوودوەرگرتن لە فەرهەنگی فێرکاری و کتێبی زمانانی تر بۆ وەرگرتنی وشە و زاراوەکان، بە تایبەتی وشە و زاراوەی بوارەکانی تەکنەلۆجیا، کە وشە و زاراوەی جیهانین و بەشێکن لە فەرهەنگی گشتیی زمانی کوردی. (هەراشان، ٢٠٠٧: ٦- ٨).

### ٢-١/٢-٢) ژمارەی دەروازەکان:

دەروازەکان مەبەست لەو یەکانەیە، ((کە لە فەرهەنگدا لە سایەیدا هەموو یەکە فەرهەنگییەکانی تر ڕووندەکرێنەوە، یان ئەو کەرەستە فەرهەنگییانەی کە لە فەرهەنگە زمانییەکاندا لەو وشانەی کە وشەی تریان لێ دادەڕێژرێت یان ئەو وشانەش کە وشەی تریان لێ داناڕێژرێت پێکدێت)). (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ٩١).

ژمارەی دەروازەکان بەپێی جۆری فەرهەنگ دەگۆڕدرێت، بۆ نموونە فەرهەنگی فێرکاری لە فەرهەنگی توێژەران جیاوازە و فەرهەنگ هەیە ژمارەی دەروازەکانی دیاریکراون و فەرهەنگ هەیە بە هەزاران دەروازەی فەرهەنگی لەخۆدەگرێت، بۆیە قەبارەی فەرهەنگ لەسەر ژمارەی دەروازەکان و ژمارەی واتای جیاواز لە ڕوونکردنەوەی دەروازەکانی فەرهەنگ دەوەستێت. (مامە، ٢٠١٣: ١٠٠). (ژمارەی دەروازەکان لە فەرهەنگێک بۆ فەرهەنگێکی تر بەپێی مەبەست و ئامانجی فەرهەنگ و جۆری فەرهەنگ دەگۆڕدرێت، وەک فەرهەنگی کشتوکاڵی لە ڕووی ژمارەی دەروازەکانی فەرهەنگ و جۆری دەروازەکانی فەرهەنگەوە لە فەرهەنگی فیزیایی

جیاوازە، فەرهەنگ هەیە ژمارەی دەروازە فەرهەنگییەکانی دیاریکراوە و هەیە لە هەزاران دەروازە زیاترە، بۆیە قەبارەی فەرهەنگ بەندە بە ژمارەی دەروازەکان و ژمارەی واتا جیاوازەکانی هەر دەروازەیەک و دیاریکردنی بڕێکی زانیاریی زمانی و ژیاری بەسوود بۆ خوێنەر). (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ٩٢).

### ١/٢-٢-٣) جۆری دەروازەکان:

لە فەرهەنگدا چەند جۆرێک لە دەروازەی فەرهەنگی دیاریدەکرێن، کە بریتین لە: (یەکە مۆرفۆلۆژییەکان و وشە و ئیدیۆم). (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ٩٣). جۆرەکانی دەروازەکان لە فەرهەنگدا بەم جۆرە پۆلێندەکرێن:

**١- دەروازەی یەکە مۆرفۆلۆژییەکان:**

بریتییە لە زانیارییە ڕێزمانییەکان و دیاریکردنی مۆرفیمە سەربەخۆ و بەندەکان و ئامرازەکان، وەک: ئامرازی پەیوەندی (preposition)، وەک: (بۆ، بە، لە... هتد) و ئامرازی لێکدەر (adjunction)، وەک: (و، بەڵام... هتد) و ئامرازی سەرسوڕمان و بانگکردن.

**٢- دەروازەی وشەکان:**

جۆرێکی سەرەکین لە جۆری دەروازەکان لە فەرهەنگدا، ئەو دەروازانەی کە وشەن لە ڕووی پێکهاتنەوە چەند جۆرێکن، وەک: وشەی سادە (دار)، وشەی داڕێژراو (خوێنەر) و وشەی لێکدراو (لێکدراو بە ئامرازی لێکدەر و لێکدراو بێ ئامراز)، وشەی لێکدراو (بێ ئامراز)، وەک: (ژێرپیاڵە)، وشەی لێکدراو (بە ئامراز)، وەک: (گوڵەگەنم) و هەندێکجار لە فەرهەنگدا وشە بە شێوەی دیارخەر و دیارخراو بە هۆی ئامرازی دانەپاڵ دادەنرێت، وەک: (شاری سلێمانی)، یان وشەی بە لێکسیمبوو.

**٣- دەروازەی ئیدیۆم:**

مەبەست لە ئیدیۆم ئەو دەروازانەیە، کە ((وەک وشە یان ڕستە بەکاردێن یان ئەو ئاخاوتنەیە، کە لە وشە و دەربڕاوی ڕستەی ئاسایی لە کاتی قسەکردن ڕیزدەکرێن و دەردەبڕێن پێکنایەن، بەڵکو زۆر جار لە گفتوگۆکردن و تەنانەت نووسینیشدا بە مەبەستی گەیاندنی چڕترین و قووڵترین مەبەست بە کەمترین یەکەی زمانی پەنا دەبرێتە بەر دەربڕاوی ئامادەکراو لە زماندا، کە بە (ئیدیۆم) ناسراوە)). (حسەین، ٢٠٠٩: ١١). ئیدیۆم واتاکەی پەیوەندی بە

پێکهاتەکانییەوە نییە و واتاکەی لە ڕووی پێکهاتەکانییەوە دیار نییە و پێویستە لە فەرهەنگدا واتاکەی ڕوونبکرێتەوە.

### ٣-١/٢) ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگی فێرکاری:

ڕێکخستنی دەروازەکان کارێکی گرنگە بۆ ئاسانی دۆزینەوەی وشە و زاراوەی مەبەست لە فەرهەنگدا و گەڕان بە دوای واتای وشە و زاراوەکان بۆ قوتابییان ئاساندەکات، (لە فەرهەنگدا دوو جۆر ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ هەیە، کە بریتین لە ڕێکخستنی دەرەکی و ڕێکخستنی ناوەکی). (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ٩٥).

### ١-٣-١/٢) ڕێکخستنی دەرەکی:

مەبەست لەم جۆرە ڕێکخستنە ڕێکخستنی دەروازەکانە بەپێی پیتەکانی زمان بەشێوەی (ڕێکخستنی ئەلفبێی سەرەتایی) ئەمەش بۆ ئاسانکردنی گەڕان بە دوای وشەی مەبەست ئەم کارە لە فەرهەنگدا کارێکی پێویستە، لە قۆناغی ئێستادا ئەم جۆرە ڕێکخستنە گشتییە، لە دەروازەکانی فەرهەنگدا و دەروازەکان بە شێوەی ڕەنگی جیاواز لە ڕەنگی دەقی فەرهەنگەکە چاپدەکرێن، (پێویستە لە فەرهەنگدا ڕێکخستنێکی ئاسان هەبێت، کە هیلاکی و ماندووبوونی نەوێت بۆ دۆزینەوە و گەڕان بە دوای وشەکان، لەم ڕووەوە زۆربەی توێژەران و پسپۆڕانی بواری دروستکردنی فەرهەنگ ئاماژە بەوە دەکەن، کە (ڕێکخستنی ئەلفبێی سەرەتایی) گونجاوترین و باشترین ڕێگەی نموونەییە لە ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگی فێرکاری). (تارش - مسعود، ٢٠٢٠: ١١٤٦). بێگومان هەر زمانێک لە ڕیزکردنی ئەلفبێی زمانەکەی تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە زمانی کوردیدا ئەلفبێی فەرهەنگی لە ئەلفبێی زمانی جیاوازە، (هەموو زمانێک ئەلفبێیەکی هەیە، بەپێی ئەو ئەلفبێیە زمانەکەی دادەڕێژێت، ئەم جۆرە ئەلفبێیە لە ناو قوتابییان بە (ا، ب، ج، د) ناسراوە و تەواوی پیتەکانی زمانێک دەردەخات، کە لەم جۆرە ئەلفبێیەدا هەردوو جۆرەکانی پیت وەک: (بزوێن و نەبزوێن) لەخۆدەگرێت، هەرچی ئەلفبێی فەرهەنگییە لە زۆر ڕووەوە لە ئەلفبێی زمانی جیاوازە، ئەلفبێی فەرهەنگی هەموو ئەلفبێی زمانی ناگرێتەوە، چونکە هەموو پیتێک لە سەرەتای وشەکانی زمانی کوردییەوە نایەن، لەوانە پیتە بزوێنەکان و پیتەکانی وەک: (ڵ، ر) لە سەرەتای وشەوە نایەن و ناتوانن ببن بە ئەلفبێی فەرهەنگی، لەو ڕووەوە فەرهەنگنووسانی کورد هەردوو ئەلفبێکەیان تێکەڵکردووە و لەسەر ژمارەی پیتەکان کۆک نین، لەوانە: (شێخ محمدی خاڵ) لە سێ بەرگی فەرهەنگەکەیدا (٢٧) پیتی دیاریکردووە.

(مامۆستا فازل نیزامەدین) (٤) پیت بە کوردی دانانێت، کە بریتین لە (ح، ع، ق، غ) و ژمارەی پیتەکان بە (٢٣) پیت دادەنێت، مامۆستا هەژار (٣١) و گیوی موکریانی (٢٧) پیتیان دیاریکردووە، فەرهەنگی کوردی ڕەچاوی ئەلفبێی فەرهەنگی نەکردووە، ئەم تێکەڵییە لەنێوان فەرهەنگێک بۆ فەرهەنگی تر جیاوازە، کە زۆر گرنگە فەرهەنگ لەسەر بنەمای ئەلفبێی فەرهەنگی دابنرێت و لەسەر ڕیزبەندی یەک ئەلفبێ هاوئاهەنگ بن). (ناوخۆش – نەریمان، ٢٠١٠: ٣١- ٣٢).

## ٢-٣-١/٢) ڕێکخستنی ناوەکی:

مەبەست لە ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگە (ڕێکخستنی ناوەوەی فەرهەنگ بە ڕێکخستنی بچووک ناودەبرێت، لە ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگدا (ئەحمەد موختار عومەر) دەڵێت: ئەم جۆرە ڕێکخستنە بەربەستێکی قورسە لە پێش دانەری فەرهەنگ لە فەرهەنگدا). (طريلي، ٢٠١١- ٢٠١٢: ٥١). لە ڕێکخستنی ناوەکیدا (پێویستە واتای ڕاستەقینە پێش واتای مەجازی بکەوێت و مەبەست لەوەیە نەژادەکە پێش لاوەکییەکان بکەوێت، سادە پێش لێکدراو و گشتی پێش تایبەتی و تاک پێش کۆ و گرنگترین پێش گرنگتر بکەوێت). (مامە، ٢٠١٣: ٤٩). ڕێکخستنی ناوەکی دەروازەکانی فەرهەنگ، کە بە شێوەی ڕێکخستنی (ئەلفبێی زمانی) ڕێکدەخرێن، ئەم جۆرە ڕێکخستنە بۆ دوو جۆر ڕێکخستن دابەشدەبێت، کە بریتین لە: (ڕێکخستنی هاوبەشی و ڕێکخستنی هاوبێژی). (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ٩٦).

### ١- ڕێکخستنی هاوبەشی:

(شێوەیەکی ڕێکخستنی دەروازەی ناوەکی فەرهەنگە و بە ڕێکخستنی (فرەواتا)ش ناودەبرێت، کە مەبەست لەو وشانەیە زیاتر لە یەک واتایان هەیە، واتە دیاریکردنی یەک دەروازەی هاوبەش، کە دەربڕین لە چەندین واتای جیاواز دەکات و ئەو واتا جیاوازانەی لە یەک دەروازەوە دەردەچن، کە لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی واتای دەروازەکانی فەرهەنگدا بەکاردێن). (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ٩٦).

ئەم جۆرە ڕێکخستنە ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە زیاتر لە یەک واتایان هەیە و یەک دەروازەی هاوبەش بۆ واتا جیاوازەکانیان دادەنرێت و وشەکە چەند واتای جیاوازی هەبێت بە شێوەی خاڵی ١- ٢- واتاکانیان ڕووندەکرێنەوە و دادەنرێن، وەک:

ڕۆژ (ن.) ١- ڕۆژ (پێچەوانەی شەو). ٢- ڕۆژ بە واتای خۆر.

### ٢- ڕێکخستنی هاوبێژی:

ڕێکخستنی هاوبێژی بریتییە لە بەکارهێنانی دەروازەی جیاواز لە فەرهەنگدا بۆ شیکردنەوەی واتای ئەو وشانەی کە واتای جیاوازیان هەیە، هەرچەندە واتا فەرهەنگییەکەی زیادبکات دەروازەی جیاوازیان بۆ دیاریدەکرێت.

واتە (ئەو وشانەی هاوبێژن لە فەرهەنگدا هەر یەکە دەروازەیەکی بۆ دادەنرێت و بۆ هەر وشەیەک ژمارە دادەنرێت بۆ جیاکردنەوە و ئەژمارکردنیان، وەک وشەی جیاواز لە فەرهەنگدا، هەندێکجار ژمارە دانانرێت، تەنیا بە جیا دەنوسرێن و واتاکانیان شیدەکرێنەوە، چونکە ئەو جۆرە وشانە بە نووسین و گۆکردن وەک یەکن، بەڵام لە واتادا جیاوازن). (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ٩٧). بە شێوەی دەروازەی سەربەخۆ دادەنرێن، وەک:

- بیر بە واتای (بیر و هۆش).
- بیر بە واتای (بیری ئاو).

### ١/٢-٤) زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگی فێرکاری:

زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگ جۆراوجۆرن، ئەو زانیارییانە لە تێگەیشتنی زمان و دەربڕین و وەرگرتنی زماندا خزمەتی بەکارهێنەری فەرهەنگ دەکەن و ئەم جۆرە زانیارییانە لە فەرهەنگدا بەسوود و پێویستن. (مامە، ٢٠١٣: ١٠١). دەتوانین زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگی فێرکاری بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەشبکەین، کە بریتین لە:

یەکەم: زانیاری لە بارەی ئاستەکانی زمان.

دووەم: زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن.

### ١/٢-٤-١) زانیاریی ئاستەکانی زمان:

زانیاریی ئاستەکانی زمان بریتین لە زانیاریی ئاستەکانی (دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی)، کە زانیاریی گرنگن لە فەرهەنگدا و بە تایبەتی لە فەرهەنگی فێرکاریدا، پێویستە فەرهەنگی فێرکاری ڕێژەیەک لە زانیاریی ئاستەکانی زمان لەخۆبگرێت، چونکە زانیاریی ئاستەکانی زمان زانیاریی گرنگن بۆ قوتابی لە پرۆسەی خوێندندا.

**١/٢-٤-١-١) زانیارییە دەنگسازییەکان:**

ئاماژەدان بە زانیارییە دەنگسازییەکان لە فەرهەنگی فێرکاریدا پێویستە، کە لە ڕووی تێگەیشتنی زمان و وەرگرتن و دەربڕین سوودێکی زۆر بە بەکارهێنەری فەرهەنگ دەگەیەنێت، لەو زانیارییانە زانیاریی (فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژی)یە، یان سیستەمی نووسینی دەنگەکان (فۆنێم) و دابەشکردنی هێز و ئاوازە و دەرخستنی چۆنیەتی گۆکردنی دەروازەکانی فەرهەنگ و ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان وشە و نووسین، ئەم جۆرە زانیارییانە لە فەرهەنگە نوێیەکاندا کارێکی زۆر گرنگ و پێویستن. (مامە، ٢٠١٣: ١٠١- ١٠٢).

لە فەرهەنگدا هێماکانی خاڵبەندی بۆ ئاوازەی ڕستەکان دادەنرێن، ئاوازە (بریتییە لە گۆڕینی لەرینەوەی ژێیەکان، کە دەبنە هۆی گۆڕانی ئاوازەی ڕستە و ئەمەش واتای جیاواز بە ڕستە دەبەخشێت). (ئەمین، ٢٠٠٩: ٢٨٩). و (ئاوازە بریتییە لە گۆڕینی (نەغمە)ی ڕستەیەک بەبێ گۆڕینی وشە و فۆنێم و مۆرفیمەکان و دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای ڕستە و ئاوازەش دوو جۆری هەیە، یەکەم: ئاوازەی ڕستە، دووەم: ئاوازەی وشە (تۆن)). (وەیس، ١٩٨٤: ٩٣). لە فەرهەنگدا پێویستە چۆنیەتی گۆکردن و هێزی سەرەکی وشەکان دیاریبکرێن. (فەتاح، ٢٠٠١: ١٧١). بۆ دیاریکردنی ئاوازەی ڕستەکان بۆ ڕستەی هەواڵی، کە هەواڵێک دەگەیەنێت هێمای (.)ی بۆ دادەنرێت، ڕستەی پرسیاری بە هۆی وشەی پرسیاری، یان ئاوازە دروستدەبێت و هێمای (؟)ی بۆ دادەنرێت، ڕستەی سەرسوڕمان بە وشەی سەرسوڕمان، یان ئاوازە دروستدەبێت و هێمای (!)ی بۆ دادەنرێت.

ئەو زانیارییە دەنگسازییانەی لە فەرهەنگدا دیاریدەکرێن، بریتین لە:

**١- ئاماژەدان بە خوێندنەوەی وشە و زاراوەکانی ناو فەرهەنگ:**

لە فەرهەنگدا ئاماژە بە چۆنیەتی خوێندنەوەی وشە و زاراوەکان دەدرێت، لە فەرهەنگی کوردی – کوردیدا چۆنیەتی خوێندنەوەی دەروازەکانی فەرهەنگ بە زۆری دیاریناکرێن، چونکە (لە زمانی کوردیدا خوێندنەوە و نووسین تاڕادەیەک یەکسانن، بەڵام هەندێک زمان ڕێنووس و خوێندنەوەیان جیاوازە، وەک: (زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی... هتد). (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ٩٩- ١٠٠)، چونکە ڕێنووسی کوردی بە پێچەوانەی هەندێک زمان ژمارەی نیشانەکان و فۆنێمەکانی تاڕادەیەک یەکسانن، هەر وشەیەک چۆن گۆدەکرێت ئاوا دەنوسرێت، واتا نووسینی کوردی تاڕادەیەک فۆنێمییە. (عەلی، ٢٠١٤: ٦٦). لە هەندێک زماندا نووسین و قسەکردن یەکسانە، بەڵام لە هەندێک زمانی تر، چونکە نووسین ماوەیەکی زۆری بەسەردا ڕۆیشتووە و نەگۆڕدراوە، بۆیە

نیشانەکان و فۆنیمەکان یەکسان نین، زمانی کوردی لەم ڕووەوە لە نێوان ئەو زمانانەدایە. (فتاح، ٢٠١١: ٢٢٦).

**٢- ئاماژەدان بە هێز:**

لە فەرهەنگدا پێویستە ئاماژە بە شوێنی هێز بکرێت، چونکە دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا و بەم جۆرە پێناسەی هێز دەکرێت: (هێز بریتییە لە زیادە وزەییێکی دەنگی، کە لە پڕ لەسەر یەکێک لە بڕگەکانی وشە سەرهەڵدەدات). (ئەمین، ٢٠٠٩: ٢٨٤). بە گۆڕینی هێز واتا دەگۆڕێت، وەک: لە وشەی (خەوتن)، ئەگەر هێز لەسەر بڕگەی کۆتایی بوو، ئەوە (چاوگ)ە، بەڵام ئەگەر هێز لەسەر بڕگەی یەکەم بوو ئەوە بە واتای (خەوت+ (ن) جێناوی لکاو)ە، بە واتای (ئەوان خەوتن.)، یان (ئێوە خەوتن.) دێت، هێز واتای وشەکانی زمان دەگۆڕێت، لە زمانی کوردیدا هێزی سەرەکی لە وشە سەرەکییەکانی وەک (ناو، هاوەڵناو، هاوەڵکار، کار) لەسەر بڕگەی کۆتایی وشەکانە. (غەریب، ٢٠١٩: ١٢٤)، سەرەڕای ئەوەی لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی وشە، بەڵام هەندێک ناوێزە دەردەکەون، وەک: (چونکە، بەڵام، هێشتا... هتد) لەم وشانەدا هێز کەوتووەتە سەر بڕگەی یەکەم. (ئەمین، ٢٠٠٩: ٢٨٥).

**١/٢-٤-١-٢) زانیارییە وشەسازییەکان:**

زانیارییە وشەسازییەکان لە فەرهەنگدا زانیاریی گرنگ و پێویستن، کە دەبێت لە فەرهەنگدا لێکدانەوەی وشە بە وشە نەبێت، بەڵکو دەبێت ئاماژە بە زانیاریی بەسوود بدرێت، کە قوتابی لە خوێندنی قوتابخانەیی پێویستییەتی. (تارش، ٢٠١٢- ٢٠١٣: ١٢٧).

لە فەرهەنگی کوردی - کوردی ئەم زانیارییانە پێویست و گرنگن بۆ قوتابی بۆ وانەی زمانی کوردی و زانیاری لە بارەی ڕێزمانی زمانی کوردییەوە، کە لە هەر فەرهەنگێکدا بەپێی مەبەست و ئامانجی فەرهەنگەکە ئاماژە بە زانیاریی وشەسازی دەدرێت، هەندێکجار لە فەرهەنگی فێرکاریی یەکزمانی (کوردی – کوردی)دا وشە سادەکانی ژیانی ڕۆژانە دانانرێن، وەک: وشەی زۆر سادەی ژیانی ڕۆژانە، کە لەلای منداڵ ئەو وشانە ڕوونن، وەک: ئافرەت، برا، پیاو، خوشک، کوڕ، یاری... هتد. (هەراشان، ٢٠٠٧: ٤)، بەڵام لە فەرهەنگی جووتزمانی و فرەزمانی پێویستە ئەم وشانە دابنرێن، بۆیە دەبێت فەرهەنگی فێرکاری لە هەر قۆناغێکدا پێداویستی ئەو قۆناغە لە بواری وشەسازی دیاریبکات.

زانیارییە وشەسازییەکان، کە لە فەرهەنگدا دیاریدەکرێن، بریتین لە: (تارش – لبوخ، ٢٠١٥: ١٦٤)

**١- دیاریکردنی بەشەکانی ئاخاوتن:**

لە فەرهەنگدا بەشەکانی ئاخاوتن دیاریدەکرێن، کە گرنگە قوتابی بتوانێت بەشە جیاوازەکانی ئاخاوتن بناسێتەوە و لە یەکتریان جیابکاتەوە، بەم جۆرە بەشەکانی ئاخاوتن لە قوتابخانەی زمانەوانی ئینگلیزی بە هەشت بەش دانراون، کە بریتین لە: (ناو، جێناو، هاوەڵناو، کار، هاوەڵکار، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی سەرسوڕمان و بانگکردن، ئامرازی لێکدەر)، بەڵام لە قوتابخانەی زمانەوانی ڕووسی بە (دە) بەش دیاریدەکرێن، واتە دوو بەشە ئاخاوتنی (ژمارە) و (پارتیکل)، وەک دوو بەشە ئاخاوتنی سەربەخۆ دادەنێن. (خۆشناو، ٢٠٠٩: ٩).

بەشەکانی ئاخاوتن لە فەرهەنگدا بە شێوەی کورتکراوە دەنووسرێن لە ناو دوو کەوانە لە بەردەم دەروازەکان دادەنرێن، وەک: دار (ن.).

**٢- دیاریکردنی پێکهاتنی وشەکان:**

لە فەرهەنگدا ئاماژە بە پێکهاتنی وشەکان دەدرێت، کە گرنگە بۆ قوتابی بتوانێت وشەی سادە و داڕێژراو و لێکدراو لە یەکتر جیابکاتەوە، لە زمانی کوردیدا وشە لە ڕووی پێکهاتنەوە چەند جۆرێکن، کە بریتین لە:

(وشەی سادە، وشەی ناسادە (وشەی داڕێژراو، وشەی لێکدراو)). لە فەرهەنگدا هەندێکجار ئاماژە بە جۆری وشەکە دەدرێت و لە تەنیشت دەروازە فەرهەنگییەکە دادەنرێت، وەک: دار (سادە)یە و نووسەر (داڕێژراو)ە و دارتاش (لێکدراو)ە، یان بە شێوەی کورتکراوە ئاماژە بە پێکهاتنی وشەکان دەدرێت.

**٣- ناو لەڕووی ڕەگەزەوە (ناوی نێرینە و مێینە):**

هەندێکجار لە فەرهەنگدا ئاماژە بە ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە وەک (ناوی نێرینە و مێینە) دەدرێت، پێویستە لە فەرهەنگدا ئەم زانیارییانە هەبن و قوتابی دەبێت ناوەکان لە ڕووی ڕەگەزەوە لە یەکتر جیابکاتەوە، جۆرەکانی ناو لە زمانی کوردیدا لە ڕووی ڕەگەزەوە بریتین لە: ناوی نێرینە، ناوی مێینە، ناوی دوولایەن، ناوی بێلایەن.

(لە زمانی کوردیدا هیچ نیشانەیەکی سەربەخۆ بۆ ڕەگەز نییە، تەنیا لایەنی واتا جیاوازی لە نێوان نێرینە و مێینە و دوولایەن و بێلایەن دەردەخات). (سەعید، ٢٠١٣: ١٧)، هەندێکجار ناو یان جێناوی سەربەخۆ یان جێناوی نیشانە، یان ئاوەڵناوی نیشانە لە ڕووی ڕەگەزەوە لە فەرهەنگدا دیاریدەکرێن.

**٤- ناو لە ڕووی ژمارەوە (ناوی تاک و کۆ):**

لە فەرهەنگدا هەندێکجار لە تەنیشت دەروازەکاندا ئاماژە بە ناوی تاک و کۆ دەدرێت، ئەم جۆرە زانیارییانە بۆ قوتابی گرنگن، کە ناوی تاک و کۆ لە یەکتر جیابکاتەوە و لە زمانی کوردیدا دوو جۆر ناو لە ڕووی ژمارەوە هەیە، کە بریتین لە: ناوی تاک و ناوی کۆ.

**٥- ناو لە ڕووی ناسراوی (ناوی ناسراو و نەناسراو):**

لە فەرهەنگدا هەندێکجار ئاماژە بە ناوی ناسراو و نەناسراو دەدرێت، بۆئەوەی قوتابی ئەم دوو جۆرە ناوە لە یەکتر جیابکاتەوە و لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی سەرەکی ناوی ناسراو بە ئامرازی ناسراوی (ەکە) و ناوی نەناسراوی بە ئامرازی (ێک) دیاریدەکرێن.

**١/٢-٤-١-٣) زانیارییە ڕستەسازییەکان:**

زانیاریی ڕستەسازی لە فەرهەنگدا پێویستن (ئەم جۆرە زانیارییانە یارمەتیدەری تێگەیشتنن و لە فەرهەنگی فێرکاریدا گرنگن، وەک: ئاماژەدان بە گەردانکردنی کار و (کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو)... هتد). (بن مدور، ٢٠٠٥- ٢٠٠٦: ٨١). زانیاریی ڕستەسازی لە گرنگترین زانیارییەکانی فەرهەنگی فێرکارین، بۆیە ئەم جۆرە زانیارییانە بۆ سروشتی زانستی و فێربوون لەلای قوتابی بەسوود و گرنگن.

ئەو زانیارییە ڕستەسازییانەی لە فەرهەنگدا بە پێویست دەزانرێن، بریتین لە:

**١- ئاماژەدان بە جۆرەکانی کار لە ڕووی کاتەوە (کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو):**

لە فەرهەنگدا ئاماژە بە کار لە ڕووی کاتەوە (کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو) دەدرێت و کار لە ڕووی کاتەوە بریتین لە: کاری ڕابردوو و کاری ڕانەبردوو.

کاری ڕانەبردوو بەم جۆرە پێناسەدەکرێت: (کاری ڕانەبردوو ئەو کارەیە، کە ڕوودانێک لە دەمی ئاخاوتن، یان دوای ئاخاوتن نیشاندەدات). (حاجی مارف، ٢٠١٤: ١٩٢)، بەڵام کاری ڕابردوو بەم جۆرە پێناسەدەکرێت: (کاری ڕابردوو ئەو کارەیە، کە ڕوودانی کارەکە پێش ئاخاوتن بکەوێت). (حاجی مارف، ٢٠١٤: ٢٠٠). لە فەرهەنگدا هەندێکجار لە تەنیشت دەروازەکە ئاماژە بە جۆری کارەکە لە ڕووی کاتەوە دەدرێت، کە قوتابی پێویستە کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو لە یەکتر جیابکاتەوە.

**٢- ئاماژەدان بە کار لە ڕووی هێزەوە (کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ):**

ئاماژەدان بە جۆرەکانی کار لە ڕووی هێزەوە (کاری تێپەڕ و کاری تێنەپەڕ) بۆ قوتابی لە فەرهەنگی فێرکاریدا گرنگ و پێویستە. (بن مدور، ٢٠٠٥- ٢٠٠٦: ٨٢).

کار لە ڕووی هێزەوە بریتییە لە کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ، کاری تێپەڕ بەم جۆرە پێناسەدەکرێت: (مەبەست لەو کارانەیە، کە هێزی کارەکە دەکەوێتە سەر کەرەستەیەکی ناو ڕستەکە و پێویستی بە بەرکارە). (خۆشناو، ٢٠١٤: ٩٦)، بەڵام کاری تێنەپەڕ بەم جۆرە پێناسەدەکرێت: (مەبەست لەو کارانەیە، کە هێزی کارەکە ناکەوێتە سەر کەرەستەیەکی ناو ڕستەکە و پێویستی بە بەرکار نییە). (خۆشناو، ٢٠١٤: ١٠٧). لە فەرهەنگدا هەندێکجار لە تەنیشت دەروازەکە بە شێوەی کورتکراوە ئاماژە بە کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ دەدرێت و قوتابی پێویستە زانیاری لەسەر جۆری کارەکان لە ڕووی هێزەوە هەبێت و لە یەکتریان جیابکاتەوە.

**٣- زانیاریی ڕێزمانی لە بەکارهێنانی دەروازەکان:**

لە فەرهەنگدا ئاماژە بە زانیاریی ڕێزمانی لە بەکارهێنانی وشە و ئامراز و زاراوەکان دەدرێت، وەک زانیاریی ڕێزمانی لە بەکارهێنانی وشەکان و یەکە مۆرفۆلۆژییەکان لە شیکردنەوەی واتای دەروازەکاندا لە ڕێگەی ڕستە و دەوروبەر، یان لە چۆنیەتی بەکارهێنانی وشەکان و ئامرازەکان لە ڕستەدا، وەک: (بۆچی) ئامرازی پرسیارییە بۆ پرسیارکردن بەکاردێت، لە ڕوونکردنەوەی واتای دەروازەکان زانیاریی ڕێزمانی و چۆنیەتی بەکارهێنانیان ڕووندەکرێتەوە، ئاماژە بە ئەرکی وشە ئەرکییەکان دەدرێت لە چۆنیەتی بەکارهێنانیاندا، پێویستە واتا و ئەرکە ڕستەسازییەکانیان دیاریبکرێن، وەک: جێناو، جێناوی نیشانە، ئامرازی گەیەنەر، ئامرازی پەیوەندی... هتد. (تارش، ٢٠١٢- ٢٠١٣: ٧٤). بۆ نموونە هێنانەوە لە ڕوونکردنەوەی دەروازەکانی فەرهەنگدا، هەروەها بۆ پێدانی زانیاریی ڕێزمانی جۆری جیاوازی ڕستە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، وەک: (ڕستەی هەواڵی و پرسیاری و سەرسوڕمان) و ڕستە لە ڕووی پێکهاتنەوە، وەک: (ڕستەی سادە و لێکدراو و ئاڵۆز) بەکاردەهێنرێن.

**١/٢-١-٤-٤) زانیارییە واتاسازییەکان:**

زانیارییە واتاسازییەکان لە فەرهەنگی فێرکاری بۆ قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی زانیاریی بەسوودن و (زانیارییە واتاسازییەکان یەکێکە لە کارە گرنگەکانی فەرهەنگ، لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی واتای وشە لە فەرهەنگدا، کە چەند ڕێگەیەک بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی واتای

وشەکانی فەرهەنگ هەیە و ئامانجی سەرەکی فەرهەنگی زمان دەرخستن و لێکدانەوەی واتای وشەکانی زمانە، هەرچەندە وشەکانی زمان لە توانایاندا هەیە لە بری یەکتر بەکاربهێنرێن و پەیوەندی ئاڵوگۆڕ و لە جیاتی دانان لە نێوانیاندا هەیە). (تۆفیق، ۲۰۰۸: ۲۵).

(لە زانیاریی واتاسازیدا مەبەست لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی واتای وشەکان نییە، بەڵکو ئەو زانیارییانەی چواردەوری وشەکان و پەیوەندی نێوانیانە و پێویستە فەرهەنگی فێرکاری گرنگی بە دیاریکردنی هاوواتا و دژواتا بدات، هەروەها ئاماژە بە پەیوەندی وشە و ئەو بوارانە بدات، کە وشەکەی تێدا بەکاردەهێنرێت). (تارش، ۲۰۱۲- ۲۰۱۳: ۷۵).

لە فەرهەنگدا ئاماژە بە زانیارییە واتاسازییەکان دەدرێت، وەک: یەکە واتاییەکان، لەوانە:

**١- ئاماژەدان بە هاوواتا:**

ئاماژەدان بە وشەی هاوواتا لە فەرهەنگدا پێویستە و هاوواتا بەم شێوەیە پێناسەدەکرێت: (بریتییە لە دوو وشە یان زیاتر، کە یەک واتایان هەبێت، زۆربەی بیروڕاکان لەو باوەڕەن، کە دوو وشە نییە یەک واتایان هەبێت، چونکە واتا لاوەکییەکان ڕێگرن لەبەردەم هاوواتابوون، بەڵام نکۆڵی لە هاوواتای ناتەواو ناکرێت). (دزەیی، ۲۰۱٤: ۱۳۵). مەبەست لە شیکردنەوەی وشە و زاراوەکان بە هاوواتا ئەوەیە، کە بۆ ڕوونکردنەوەی واتای دەروازەکە دەربڕاوی (هاوواتا) بەکاردەهێنرێت، ئەم شێوەیە ڕێگەیەکی کورتە لە فەرهەنگدا بەکاردەهێنرێت. (تارش، ۲۰۱۲- ۲۰۱۳: ۱۰۱)، بەڵام لەم جۆرە فەرهەنگانە مەرج نییە فەرهەنگنووس بتوانێت هەموو هاوواتاکان بهێنێتەوە، چونکە لە توانادا نییە، هەروەها بە پێویست نازانرێت هەموو واتاکانی وشە بخرێنەڕوو. (حاجی مارف، ۱۹۸۷: ۱۱٦).

وشە هاوواتاکان بە چەند ڕێگەیەک لە زماندا دروستدەبن، وەک: ڕێگەی ڕاستەوخۆ بە هۆی هەڵهێنجانی وشەی کوردی ڕەسەن لەناو زارە کوردییەکانی زمانی کوردی و ڕێگەی ناڕاستەوخۆ بە هۆی وەرگرتنی وشە لە زمانی بێگانە. (حاجی مارف، ۱۹۷۵: ۲٦)، یان شێوازی دەربڕینی جیاواز، وەک بواری زانستی و بواری ئاسایی. (فتاح، ۲۰۱۱: ۱٦۸).

**٢- ئاماژەدان بە دژواتا:**

ئاماژەدان بە دژواتا کارێکی گرنگ و پێویستە بۆ ڕوونکردنەوەی واتا لە فەرهەنگی فێرکاریدا و دژواتا بەم جۆرە پێناسەدەکرێت: (بەو وشانە دەوترێت، کە دژ و پێچەوانەی یەکترن). (دزەیی، ۲۰۱٤: ۱٤۲). لە فەرهەنگی کوردیدا لە ڕوونکردنەوەی واتای وشە

بەکاردەهێنرێت، کە ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی ڕوونکردنەوەی واتاکانی وشەکان، دەکرێت لە پێشەکیی فەرهەنگدا هێمایەک دابنرێت بۆ ئاماژەدان بە دژواتاکان و لەناو فەرهەنگەکەدا هێماکە بەکاربهێنرێت، هەندێکجار لە فەرهەنگدا بە شێوەی هێمای (×) دادەنرێت، یان هەندێکجار بە وشەی (پێچەوانە) ئاماژە بە دژواتا دەدرێت و بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە لە ڕوونکردنەوەی واتا بۆ قوتابی بەسوودە، بەڵام هەندێکجار ئەم ڕێگەیە واتاکە ڕووننااکاتەوە و کاتێک قوتابی دەیەوێت واتای وشەیەک بزانێت، دەبێت وشە شیکراوەکە لە ڕێگەی واتای دژواتاکەی تێبگات، بەڵام هەندێکجار ئەم دژواتایە خۆی پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، بەم جۆرە قوتابی پێویستی بە زانینی واتای دژواتاکە دەبێت و لەم حاڵەتەدا تێگەیشتنی واتاکەی دەکەوێتە سەر توانای کەسێتی قوتابی. (تارش، ٢٠١٢- ٢٠١٣: ١٠٦).

سەرەڕای هاواتا و دژواتا لە فەرهەنگدا فەرهەنگنووس بە کەمی ئاماژە بە وشە هاوبێژ و فرەواتاکان دەدات، هاوبێژ (المشترک اللفظي) (homonym) بەم جۆرە پێناسەدەکرێت: (هاوبێژ ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە واتاکانیان لە یەک دوورن و واتاکانیان لە بنەڕەتدا لە دوو وشەوە هاتوون، کە هەڵقوڵاوی یەک ڕەگەز نین، لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان بە ڕەگەزدۆزی تەواو ناسراون). (دزەیی، ٢٠١٤: ١٢٩).

فەرهەنگنووس لە نووسینی فەرهەنگدا دەبێت ڕەچاوی ڕوونکردنەوەی وشە هاوبێژەکان بکات، لە شیکردنەوەی واتای دەروازەکاندا ئاماژە بە وشە هاوبێژەکان بدات و لە ڕێکخستنی ناوەکی فەرهەنگیش بە شێوەی جیا ڕیزیانبکات.

فرەواتا (المتعدد المعاني) (polysemy): بەم شێوەیە پێناسەدەکرێت: (فرەواتا وشەیەکە زیاتر لە واتایەکی هەیە و واتاکانیان لە بنجەوە لە یەک نزیکن لە فەرهەنگدا، وەک یەک دەنووسرێن، وەک: ڕۆژ ١- (ڕۆژ) پێچەوانەی شەوە. ٢- ڕۆژ بە واتای (خۆر) دێت.). (دزەیی، ٢٠١٤: ١٢٧).

فەرهەنگنووس لە نووسینی فەرهەنگدا، دەبێت ڕەچاوی ڕوونکردنەوەی وشە فرەواتاکان بکات، لە شیکردنەوەی واتای دەروازەکاندا ئاماژە بە وشە فرەواتاکان بدات و لە ڕێکخستنی ناوەکی فەرهەنگدا وشە فرەواتاکان ڕیزبکات، هەروەها واتاکانیان لە ڕێگەی ڕستە و ئامرازە گۆکراوەکانەوە ڕوونبکاتەوە. (فەرهەنگە سەردەمییەکان بایەخ بە جیاوازی نێوان هاوبێژی و فرەواتایی دەدەن و لەیەکیان جیادەکەنەوە و جیاکردنەوەی نێوانیان کارێکی ئاسان نییە، سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان لەو کارە زانستییەدا یارمەتیدەرن و ئەو لێکسیمانەی لە دوو لێکسیمی جیاوە وەرگیراون بە (هاوبێژ) ناودەبرێن و ئەو لێکسیمانەی لە یەک لێکسیم

وەرگیراون بە (فرەواتا) ناودەبرێن، زمانەوان و فەرهەنگنووسەکان ئەم پێوەرە بەکاردەهێنن، بەڵام لە زانستی زمانی ئێستایی (سینکرۆنی) بایەخی پێ نادرێت و نەبوونی سەرچاوەی ڕاستەوخۆی ئیتیمۆلۆژی لە زمانی کوردی ئەم کارەی بۆ زمانەوانە کوردەکان ئاڵۆز و گرانکردووە). (مەحویی، ۲۰۰۹: ٥۱- ٥۲).

## ۱/۲-٤-۲) زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن:

ئەم جۆرە زانیارییانە لە فەرهەنگی فێرکاریدا بریتین لە: ناوی کەس و شوێن و ڕووەک و ئاژەڵ و ڕووداوی مێژوویی و چەندین ناوی تر، هەروەها زانیاریی زاراوەی بوارەکانی خوێندن، کە لەم جۆرە فەرهەنگانەدا تۆماردەکرێن زانیاریی بەسوودن بۆ بەکارهێنەری فەرهەنگ، دەتوانرێت ئەم زانیارییانە بۆ دوو بەش دابەشبکرێن، کە بریتین لە:

یەکەم: زانیاریی گشگیری.

دووەم: زانیاریی زاراوەی بوارەکانی خوێندن.

## ۱/۲-٤-۲-۱) زانیاریی گشتگیری:

زانیاریی گشتگیری (ئینسکلۆپیدی) مەبەست لە زانیاریی جۆراوجۆرە لە فەرهەنگی فێرکاری ئەم جۆرە زانیارییانە پڕکردنەوەی زانیاریی زیادەی جیهانی دەرەکی نییە، بەڵکو پێویستییەکی گرنگی فەرهەنگە و زانیاریی گشتگیری بۆ هەموو جۆرە فەرهەنگێک گرنگ و پێویستە بە تایبەت بۆ فەرهەنگی فێرکاری بۆ قوتابییان، لە نموونەی ئەو زانیارییانە، وەک: ناوی کەسایەتی و ناوی باڵندە و ناوی ڕووک و درەخت و ئاژەڵ و ناوی ئامرازەکان و کۆمەڵێک ناوی تر. (عمر، ۲۰۰۹: ۱٦۰).

لە فەرهەنگی فێرکاریدا دەکرێت لە پاشکۆکان، یان ناوەڕۆکی فەرهەنگ ئاماژە بە زانیاریی گشتگیری و ڕۆشنبیری بدرێت، کە گرنگ و بەسوودن بۆ قوتابی، وەک: زانیاریی مێژوویی و ئاینی و زانستی... هتد و ئەم جۆرە زانیارییانە لە ژیانی قوتابیدا گرنگی خۆی هەیە. (تارش، ۲۰۱۲- ۲۰۱۳: ۷٦).

زانیاریی گشتگیری (ئینسکلۆپیدی) چەند جۆرێکن، وەک:

١- ناوی کەسەکان یان شتەکان یان ناوی کەسایەتی دیار و بەناوبانگ و ناوی شوێنەکان و ناوی ڕووەکەکان و ناوی ئاژەڵەکان.

٢- زانیاری لەسەر هەندێک ڕووداوی مێژوویی و دیاردەی دەرەوەی زمان.

٣- زانیاری لەسەر هەندێک زاراوەی زانستی. (عمر، ٢٠٠٩: ١٦٠).

**١/٢-٤-٢-٢) زانیاریی زاراوەی بوارەکانی خوێندن:**

زانیاریی زاراوەی بوارەکانی خوێندن لە فەرهەنگی فێرکاریدا پێویستییەکی سەرەکی ئەم جۆرە فەرهەنگانەن، کە لە فەرهەنگی فێرکاریدا تۆماردەکرێن و زاراوە بەم جۆرە پێناسەدەکرێت: (زاراوە وشەیەکە، کە سنوورێکی تەنگەبەری هەیە و بەکارهێنانی لەلایەن کۆمەڵێک لە خەڵکی، سنووری بۆ کێشراوە و لە وشەی فەرهەنگی وەرگیراوە و هەموو زاراوەیەک وشەیە، بەڵام هەموو وشەیەک زاراوە نییە). (البصیر، ١٩٧٩: ١٦- ١٧). فەرهەنگی فێرکاری زاراوەی جۆراوجۆری بوارەکانی خوێندن لەخۆدەگرێت، بەپێی پێویستی قۆناغەکە دەبێت زاراوەی بوارەکانی خوێندن لە فەرهەنگی فێرکاریدا ڕوونبکرێنەوە و واتاکانیان لێکبدرێنەوە، هەروەها پێویستە لە شیکردنەوەی واتای زاراوەکاندا ئاماژە بە زانیاریی گرنگی بواری زمانەوانی و زانستی بدرێت، کە بۆ قوتابییانی ئەو قۆناغە بەسوود بێت، لە فەرهەنگی فێرکاری بۆ قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی دەبێت ڕەچاوی بابەتەکانی ئەو قۆناغە بکرێت، کە بابەتەکانی ناو پرۆگرامەکانی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی، بریتین لە:

**١- بابەتی زمانەکان:**

بریتین لە بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی و زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی، کە زاراوەی جۆراوجۆر لە بواری زمان و ئەدەب لەخۆدەگرن و پێویستە لە فەرهەنگی فێرکاریدا ئەو زاراوانە شیبکرێنەوە و قوتابی واتای ئەو زاراوانە بزانێت.

**٢- بابەتی بیرکاری:**

یەکێکە لە بابەتەکانی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی، کە کۆمەڵێک زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە، وەک: شێوە ئەندازەییەکان و جۆرەکانی گۆشە... هتد و پێویستە لە فەرهەنگی فێرکاریدا ئەو زاراوانە بۆ قوتابی شیبکرێنەوە و قوتابی واتای ئەو زاراوانە بزانێت.

### ٣- بابەتی پەروەردەی ئیسلامی:

یەکێکە لە بابەتەکانی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی، لەم بابەتەدا هەندێکجار زاراوەی عەرەبی بەکاردەهێنرێت، کە بەشێکن لە فەرهەنگی گشتیی زمانی کوردی.

### ٤- بابەتی کۆمەڵایەتی:

یەکێکە لە بابەتەکانی قۆناغی بنەڕەتی، کە لە (جوگرافیا و مێژوو و پەروەردەی نیشتمانی) پێکدێت، زاراوەی تایبەت بە بوارە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆدەگرن.

### ٥- بابەتی زانستەکان:

یەکێکە لە بابەتەکانی قۆناغی بنەڕەتی، کە لە (فیزیا و کیمیا و زیندەزانی) پێکدێت، کە هەندێکجار زاراوەی جیهانی بەکاردەهێنرێت، کە بەشێکن لە فەرهەنگی گشتیی زمانی کوردی.

## ٥-١/٢) ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگی فێرکاری:

مەبەست لەو ئامرازانەیە، کە بە هۆیەوە زانیاری بە بەکارهێنەری فەرهەنگ دەدرێت و ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگ چەند جۆرێکن، وەک: (ئامرازە گۆکراوەکان و بینراوەکان و بیستراوەکان)، کە لە فەرهەنگدا دەبینرێن و فەرهەنگنووس بۆ گەیاندنی زانیاری ئەو ئامرازانە بەکاردەهێنێت. (شێخ تەیب، ٢٠٢١: ١٠٣- ١٠٤). ئامرازە گۆکراوەکان (زارەکی)یەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە فەرهەنگدا هەن، بەڵام ئامرازە بینراو و بیستراوەکان لە هەندێک فەرهەنگدا دانانرێن.

فەرهەنگسازی لەگەڵ دەرکەوتنی زانستی کۆمپیوتەر و ڕۆڵی لە کۆکردنەوە و لێکدانەوەی زانیاریی زمانی، تا ئێستا ئەم بوارە لە گەشەسەندندایە لە بواری فەرهەنگسازی و لە دروستکردنی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی و دروستکردنی ئەپلیکەیشن، کە لە مۆبایل و کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی تر بەکاردەهێنرێن، ئەم گەشەسەندنە سوودی زۆری لە بواری زمانەوانی و وەرگێڕان و فەرهەنگسازیدا هەیە و کۆمەڵێک تایبەتمەندیی باشی هەیە و کاری فەرهەنگنووسی ئاسانەکات لە ڕێگەی دروستکردنی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی، کە (توانای خەزنکردنی زۆری هەیە و ئەم ئەرکە بۆ فەرهەنگی کاغەزی کارێکی قورس و گرانە لە ڕووی قەبارەی فەرهەنگەوە، هەروەها فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە چەند ڕوویەکەوە لە فەرهەنگی کاغەزی جیاوازە، کە فەرهەنگی ئەلیکترۆنی دەتوانێت چارەسەری ڕێکخستنی ڕێنووس بکات و ڕێنووس ڕاستبکاتەوە و خوێندنەوە بۆ دەروازەکان زیادبکات). (مدکور، ٢٠١٨: ٣٥١- ٣٥٢).

### ١/٢-٥-١) ئامرازە گۆكراوەكان:

ئامرازی گۆکراو (زارەکی) ئەو ڕستە و پێکهاتە و ڕوونکردنەوانە دەگرێتەوە، کە لە فەرهەنگدا بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی دەروازەکانی فەرهەنگ بەکاردەهێنرێن، مەبەست لە ڕستە و دەستەواژە و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و دێڕە شیعرە، هەروەها لە فەرهەنگی عەرەبیدا (ئایەت و فەرمووده) بۆ ڕوونکردنەوەی واتای وشە و زاراوەکان بەکاردەهێنرێن. (القاسمي، ١٩٩١: ١٣٧). ئەم ئامرازانە دیار و سەرەکین لە فەرهەنگدا بە شێوەیەکی گشتی لە فەرهەنگەکاندا دەبینرێن، ئەم ئامرازە گۆکراوانە هەرچەندە قەبارەی فەرهەنگ گەورەدەکەن، بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی واتای وشە و زاراوەکانی فەرهەنگ پێویست و گرنگن.

ئامرازە گۆکراوەکان سوودیان زۆرە لە فەرهەنگدا و دەبێت چەند تایبەتمەندییەکیان تێدا بێت، کە پێویستە ئەم ئامرازە گۆکراوانە لە فەرهەنگدا کورت و پوخت بن، تا قوتابی دوورنەخەنەوە لە مەبەستی سەرەکی بەکارهێنانیان و پێویستە ئامرازی گۆکراو (زارەکی)ی ڕوون بۆ ڕوونکردنەوەی واتا بەکاربهێنرێت، هەروەها پێویستە بۆ لایەنی زمانەوانی و زیادکردنی ڕۆشنبیریی قوتابی بەسوود بێت، سەرەڕای ئەوەی ئامرازە گۆکراوەکان دەبێت نموونەی ڕاستی و زیندووی ژیانی قوتابی بێت و نابێت دوور بێت لە ژیانی ڕۆژانە و توانای عەقڵی قوتابی، تا قوتابی بتوانێت لێیان تێبگات. (تارش- مسعود، ٢٠٢٠: ١١٤٩- ١١٥٠).

ئامرازە گۆکراوەکان لە فەرهەنگدا چەند جۆرێکن، بریتین لە:

#### ١- بەکارهێنانی ڕستەکان:

ڕستەی جۆراوجۆر وەک ئامرازێکی سەرەکی لە شیکردنەوەی واتای وشە و زاراوە و یەکە مۆرفۆلۆژییەکان لە فەرهەنگدا بەکاردەهێنرێن، هەندێکجار ڕستەی جۆراوجۆر لە فەرهەنگدا بەکاردەهێنرێن، وەک: ڕستە لە ڕووی پێکهاتنەوە، وەک: (ڕستەی سادە و لێکدراو و ئاڵۆز) و ڕستە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، وەک: (ڕستەی هەواڵی و پرسیاری و سەرسوڕمان).

#### ٢- بەکارهێنانی پەندی پێشینان:

پەندی پێشینان لە ڕوونکردنەوەی واتای دەروازەکانی فەرهەنگدا بەکاردەهێنرێن، کە پێویستە لە فەرهەنگی فێرکاریدا پەندی ئاسان بەکاربهێنرێن و لە ئاستی توانای تێگەیشتنی قوتابیانی ئەو قۆناغە بێت، چونکە لێرەدا مەبەست لە ڕوونکردنەوەی واتای وشە و زاراوەکانە لە ڕێگەی پەندی ئاسانەوە، وەک لە فەرهەنگی هەرزە و فەرهەنگی هەراشاندا دەبینرێت.

### ٣- بەکارهێنانی شیعر:

نموونەی شیعری لە ڕوونکردنەوەی دەوازەکانی فەرهەنگدا بەکاردەهێنرێن و بەیتی شیعری شاعیرێک بە نموونە دەهێنرێتەوە و لە فەرهەنگی کوردیدا، هەندێکجار نموونەی شیعری لە زارەکانی زمانی کوردی بۆ ڕوونکردنەوەی واتا بەکاردەهێنرێن و ناوی شاعیرەکە لەناو دوو کەوانە دەنووسرێت، وەک: لە (فەرهەنگی هەرزە)دا دەبینرێت.

### ٤- بەکارهێنانی دەوروبەر (سیاق):

لە فەرهەنگدا لە ڕێگەی دەوروبەرەوە واتای دەروازەکان ڕووندەکرێتەوە، کاتێک بە وشەیەک واتای تەواو نەدات بە دەستەوە، هەرچەندە کاریگەری لەسەر قەبارەی فەرهەنگ هەیە و قەبارەی فەرهەنگ گەورەدەکات، ئەگەر لە ڕێگەکانی پێشوودا تەنیا وشەکان بەکاردەهێنران و پاشان واتاکانیان شیدەکرانەوە، بەڵام ئەم ڕێگەیە پشت بە بەکارهێنانی دەوروبەر (سیاق) دەبەستێت لە شیکردنەوەی واتای وشەکان، ئەم ڕێگەیە بەکاردەهێنرێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو وشانەی پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە و واتای جیاوازیان هەیە. (تارش، ٢٠١٢- ٢٠١٣: ١٠٦)، هەندێکجار فەرهەنگنووسی کورد بۆ شیکردنەوەی واتای دەروازەی فەرهەنگ لە ڕێگەی دەوروبەرەوە واتای وشەکانی ڕوونکردووەتەوە. (محمدصالح، ٢٠٢١: ١٨٠). لە بەکارهێنانی وشە لەناو دەوروبەری جیاوازدا، وەک: دەوروبەری زمانی، یان دەوروبەری کۆمەڵایەتی، واتای وشە بە وردی ڕووندەکرێتەوە. (سناني، ٢٠١٤: ١٩٣).

لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕستە و دەوروبەر (سیاق) چەند جۆرێکی پێناسە لە ڕوونکردنەوەی واتای دەروازەکان لە فەرهەنگدا بەکاردێت، بریتین لە:

#### ا- پێناسەی ئەرکی:

ئەم جۆرە لە پێناسە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی واتای وشەکان لە ڕووی ئەرکەوە، وەک: (سندوق) (ئەو شتەیە، کە شتی لەناو دادەنرێت)، واتە لە ڕووی ئەرکەوە وشەی (سندوق) ڕوونکراوەتەوە.

#### ب- پێناسەی شێوەیی یان هەستی:

ئەم جۆرە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی واتای وشەکان لە ڕووی شێوەوە، وەک: (سندوق) (شێوەی چوارگۆشەیە یان لاکێشەیە)، کە شێوەی (سندوق)ی ڕوونکردووەتەوە، یان (کتێب) (کتێب لە کاغەز پێکهاتووە)، واتە شێوەی پێکهاتنی (کتێب)ی ڕوونکردووەتەوە.

**ج- پێناسەی پەیوەندی:**

ئەم جۆرە بریتییە لە ڕوونکردنەوەی واتای وشەکان لە ڕووی پەیوەندی نێوان وشە لەگەڵ وشەکانی تر، وەک: (کتێب) (شێوەی وەک دەفتەر وایە)، واتە وشەی (کتێب)ی ڕوونکردووەتەوە لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ وشەی (دەفتەر) وایە. (عمر، ٢٠٠٩: ٤٤- ٤٥).

**٢-٥-١/٢) ئامرازە بینراوەکان:**

ئامرازە بینراوەکان بریتین، لە وێنە و نەخشە و هێڵکاری... هتد، کە بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی واتای دەروازەکان لە فەرهەنگدا بەکاردەهێنرێن، ئەو وێنانەی دەکەونە ناو فەرهەنگەوە بۆ ڕوونکردنەوەی دەروازەکانی فەرهەنگ و بە زۆری لە فەرهەنگی فێرکاری تایبەت بە منداڵان بەکاردەهێنرێن، کە یارمەتی تێگەیشتن دەدات و وشەی لێڵ و ناڕوون ڕووندەکاتەوە. (طاهر، ٢٠٢١: ٥٥٣)، چونکە هەندێکجار ئامرازە گۆکراوەکان ناتوانن واتا بە باشی ڕوونبکەنەوە، بۆیە فەرهەنگنووس هەوڵدەدات ڕێگەیەکی تر بەکاربهێنێت، وەک ئامرازە بینراوەکان، چونکە ئامرازە بینراوەکان یارمەتیدەرن لە تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی واتای وشەکان. (تارش، ٢٠١٢- ٢٠١٣: ١١٥).

فەرهەنگنووس هەندیکجار ناچارە پەنا بۆ وێنە و وێنەکێشان و هێڵکاری... هتد ببات لە چاپکردنی فەرهەنگدا بۆ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنی واتای وشەکان بە تایبەتی بۆ منداڵ و تازە پێگەیشتوان، بۆیە لە فەرهەنگی فێرکاریدا ئەم ئامرازانە دادەنرێن. (مامە، ٢٠١٣: ١٠٤).

ئەم جۆرە ئامرازانە گرنگی خۆیان لە فەرهەنگدا هەیە، بەڵام ناکرێت لە هەموو کاتێک ئامرازە بینراوەکان بەکاربهێنرێن، بەڵکو دەبێت لە چەند شوێنێک بەکاربهێنرێن، وەک:

١- دەبێت ئامرازە بینراوەکان تەنیا لە کاتی پێویستدا بەکاربهێنرێن و ڕەچاوی ئەوە بکرێت زۆر بەکارنەهێنرێن، چونکە کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر بەهای زانستی و ڕۆڵی فەرهەنگ، هەروەها قەبارەی فەرهەنگ گەورەدەکات و بە هۆی زۆری وێنەکان زیاتر بە ئەلبوومی وێنە دادەنرێت و لە فەرهەنگ دەردەچێت.

٢- کاتێک دەروازەکە بە ئامرازە گۆکراوەکان ڕووننەبێتەوە باشتر وایە وێنە بەکاربهێنرێت و نابێت وێنە وەک جوانکاری لاپەڕەکانی فەرهەنگ بەکاربهێنرێت، چونکە بەکارهێنانی بۆ شیکردنەوەی واتایە نەک جوانکاری.

٣- پێویستە وێنەی گونجاو بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی دەروازەکان بەکاربهێنرێن، بۆ ئەوەی تێکەڵبوون ڕوونەدات. (تارش- مسعود، ٢٠٢٠: ١١٥٣).

سەرەڕای لایەنی باشی ئەم ئامرازە بینراوانە چەند لایەنێکی خراپیشی هەیە، لەوانە:

١- منداڵ و قوتابی سەرقاڵ دەبێت بە وێنەکان و گرنگی زیاتر بە وێنەکان دەدەن، وەک لە زانیارییەکانی ناو فەرهەنگەکە.

٢- فەرهەنگ لە قەبارەدا گەورەدەکات و کێشی قورسدەکات و گرانتر دەبێت بە تایبەت بۆ منداڵ و تازە پێگەیشتوان.

٣- ناتوانرێت بۆ هەموو دەروازەیەک بەکاربهێنرێت و توانای لێکدانەوە و تێگەیشتنی لە لێکدانەوە قورسەکاندا نییە.

٤- هەندێکجار بۆ منداڵان بە تەواوی واتا ڕوونناکاتەوە. (مامە، ٢٠١٣: ١٠٥- ١٠٦).

### ١/٢-٥-٣) ئامرازە بیستراوەکان:

ئامرازە بیستراوەکان لە فەرهەنگدا ڕۆڵی گرنگیان لە چۆنیەتی خوێندنەوە و ئاماژەدان بە زانیارییە دەنگسازییەکان هەیە، ئەم ئامرازە بیستراوانە تۆماری دەنگین و لە فەرهەنگی فێرکاریدا بە شێوەی (سیدی)، یان (دیڤیدی) لە فەرهەنگە نوێیەکاندا دادەنرێن و سوودی بۆ چۆنیەتی خوێندنەوەی وشەکانی ناو فەرهەنگەکە هەیە. (مامە، ٢٠١٣: ١٠٦).

ئامرازە بیستراوەکان بە شێوەی دەنگ تۆماردەکرێن لەگەڵ فەرهەنگەکەدا دادەنرێن، کە پێویستییەکی گرنگی سەردەمە و سوودبەخشە بۆ بەکارهێنەری فەرهەنگ و بە تایبەتی لە فەرهەنگی جووتزمانی و فرەزمانی پێویستە و بە زۆری دەبینرێت، چونکە هەندێک زمان پێویستی بە ڕوونکردنەوەی چۆنێتی خوێندنەوەی وشە و زاراوەکانی هەیە و ئەم ئامرازانە زانیاریی گرنگی دەنگسازی بە قوتابی دەدەن، وەک: زانیاری لە بارەی (هێز و ئاوازە و تۆن و بڕگە و وەستان) و چۆنیەتی دەربڕین و تایبەتمەندییەکانی دەروازەکانی فەرهەنگ لە ڕووی دەنگسازییەوە، لە فەرهەنگی فێرکاریدا ئەم ئامرازانە بۆ قوتابی پیویستن بۆ چۆنیەتی دەربڕین و خوێندنەوەی دەروازەکانی فەرهەنگ بە دروستی.

ئامرازە بیستراوەکان چەند سوودێکیان لە فەرهەنگدا هەیە، لەوانە:

١- بۆ خوێندنەوەی وشەکانی زارە جیاوازەکانی زمانێک بەسوودە، کە ئەم وشانە پێویستییان بە ئامرازی بیستراو هەیە بۆ زانینی هێز و ئاوازە و جۆری دەربڕینی وشەکان. (مامە، ٢٠١٣: ١٦٢).

٢- ئامرازە بیستراوەکان بۆ خوێنەری فەرهەنگ بەسوودن بۆ چۆنیەتی خوێندنەوەی وشە و زاراوەکان بە شێوەیەکی دروست. (مامە، ٢٠١٣: ١٠٦).

ئامرازە بیستراوەکان لە فەرهەنگی فێرکاریدا دەتوانرێت لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دابنرێن، یان بە شێوەی (سیدی)، یان (دیڤیدی) لەگەڵ فەرهەنگەکە هاوپێچبکرێت، کە لە فەرهەنگە نوێیەکاندا دەبینرێت، هەروەها بە شێوەی ئەپلیکەیشن دەتوانرێت لە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان، وەک: مۆبایل و ئایپاد و کۆمپیوتەر... هتد دابنرێن، کە بۆ خوێندنەوەی دەروازەکان (وشە و زاراوەکان) بەسوودن.

## ٦-١/٢) پاشکۆکانی فەرهەنگی فێرکاری:

پاشکۆکان بەشی کۆتایی فەرهەنگن، کە لە زمانی عەرەبی بە (الملاحق) و لە زمانی ئینگلیزی بە (Appendixes) ناودەبرێن، بریتییە لەو لاپەڕانەی لە کۆتایی فەرهەنگدا بە شێوەی لیستی وشە، یان وێنە... هتد دادەنرێن، کە زانیاریی گرنگ بە بەکارهێنەری فەرهەنگ دەبەخشن، زانیارییەکانی پاشکۆکان گرنگن و هیچیان لە زانیارییەکانی ناوەڕۆکی فەرهەنگ کەمتر نییە، ئەو زانیارییانە بریتین لە زانیاریی گشتگیری (ئینسکلۆپیدی)، وەک: ناوی وەرزەکان و ڕۆژەکانی هەفتە و مانگەکانی ساڵ و ناوی دراوەکان و زانیاریی جوگرافی... هتد. (طاهر، ٢٠٢٠: ٥٠٨).

بە هۆی گرنگی و سوودی ئەم زانیارییانە لە کۆتایی فەرهەنگەکاندا فەرهەنگنووسان چەند خاڵێک دیاریدەکەن، وەک: لیستی وشە هاوواتا و دژواتاکان و زانیاریی گشتگیری، وەک: ڕۆژەکانی حەفتە و مانگەکانی ساڵ و ناوی شوێنە گشتییەکان... هتد. (مامە، ٢٠١٣: ١٠٧)، هەندێکجار لە فەرهەنگدا ئەم بەشە سەرەکی و گرنگە پشتگوێخراوە و لە فەرهەنگی فێرکاریدا دانانرێت.

لە فەرهەنگی فێرکاریدا پێکهاتەی پاشکۆکان بریتین لە:

١- دانانی کورتەی ژیاننامەی کەسایەتییە مێژووییەکان، کە لە پڕۆگرامی خوێندندا هەن.

٢- پەند و قسەی نەستەقی ئەو گەلە.

٣- لیستی یەکە نێودەوڵەتییەکان بۆ درێژی و کێش و پێوانەکان، وەک: ئینج و سانتیمەتر... هتد، دەبێت دانانیان بەپێی پێویستیی قوتابی بێت.

٤- کورتکراوە و لیستی هێما کیمیاییەکان، وەک: خشتەی خولی توخمەکان.

٥- نیشانەکانی خاڵبەندی و ئەرکەکانیان، وەک (. ، : ... هتد).

٦- کورتکراوە بەکارهاتووەکان لە خودی فەرهەنگەکە، وەک: (ن.) بۆ (ناو)، بەڵام جیاوازی بۆچوون لەم خاڵەدا هەیە و هەندێک بۆچوون دەڵێن: دەبێت ئەم زانیارییانە لە پێشەکیی فەرهەنگدا دابنرێن.

٧- زانیاریی کورت لەسەر ناوی ئەو دەوڵەتانەی کە لە پرۆگرامی خوێندندا هاتوون، وەک: ناوی وڵات و پایتەخت و ڕووبەر و ژمارەی دانیشتوان، لەگەڵ دانانی وێنەی ئاڵای وڵاتەکە، یان دابەشکردنی وڵاتەکان بەپێی کیشوەرەکان.

٨- لیستی ناوی مانگە کوردییەکان و مانگە کۆچییەکان و مانگە زایینییەکان.

٩- سیستەمی پلەکانی گەرما (فەهرەنهایت، سیلیزی (پلەی سەدی))، لەگەڵ دانانی زانیاریی پێویست بۆ قوتابی، وەک: ئاو لە پلەی سفری سیلیزی دەیبەستێت، کە بەرانبەر (٣٢) پلەی فەهرەنهایتە.

١٠- هێما بەکارهاتووەکان لە وانەکان، وەک: وانەی بیرکاری و فیزیا... هتد.

١١- لیستی وشە هاوواتا و دژواتاکان بەپێی پێویستی لە پاشکۆی فەرهەنگی فێرکاری دابنرێن.

١٢- بەکارهێنانی وێنە و هێڵکاری لە فەرهەنگی فێرکاریدا پێویستە، لەگەڵ وێنەکە وشەکە دابنرێت بۆ بابەتەکانی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی، بۆ نموونە: بۆ وانەی فیزیا (وێنەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان) و بۆ وانەی کیمیا (وێنەی مادە و کانزا کیمیاییەکان) و بۆ وانەی زیندەزانی (وێنەی ئێسکە پەیکەری مرۆڤ)، (ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ) و بۆ وانەی بیرکاری وێنەی (ئەندازەیی جیاواز) و (وێنەی گۆشە جیاوازەکان) و بۆ وانەی جوگرافیا (وێنەی نەخشەی جوگرافی)... هتد. (ضیاف، ٢٠١٩: ١١٩- ١٢٠).

# بەشی سێیەم:

# جێبەجێکردنی بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری لە فەرهەنگی هەراشان و هەرزە

## بەشی سێیەم:

## جێبەجێکردنی بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری لە فەرهەنگی هەراشان و هەرزە

### ١/٣) ناساندنی فەرهەنگی هەراشان:

ئەم فەرهەنگە یەکێکە لەو فەرهەنگانەی کە لەلایەن کۆڕی زانیارییەوە دانراوە و بە لیژنە نووسراوە و پێداچوونەوەی بۆ کراوە، فەرهەنگی هەراشان فەرهەنگێکی (کوردی – کوردی)یە و لەلایەن کۆمەڵێک مامۆستا و نووسەرەوە بە دوو لیژنە کۆکردنەوە و داڕشتن بۆ وشە و زاراوەکانی کراوە، کە پێکهاتبوون لە: (ئەحمەد فەقێ یوسف، ساجیدە مەعروف، شوان سەرابی، مەجید باجلووری، تارق خالد مەعروف، سەلام ناوخۆش، عەبدولرەحمان مستەفا، محەمەد نەزیف، هێرۆ عەبدولرەحمان، جەعفەر حەجی حوسێن، سدیق شرۆ عەلی، عومەر محەمەد عامر، نوری سەعید)،

دواتر ئامادەکاری و سەرپەرشتیکردن و سەرلەنوێ کاری داڕشتنەوە و دەوڵەمەندکردنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی فەرهەنگ لە کۆڕی زانیاری کوردستان، کە پێکهاتبوون لە: (د. کوردستان موکریانی، د. عەبدوڵڵا یاسین ئامێدی، پ. ی. سەلام ناوخۆش)، ئەم فەرهەنگە بۆ منداڵی تەمەن نۆ ساڵ و بەرەو ژوور نووسراوە.

ئەو زانیارییانەی لە سەرەتای فەرهەنگەکەدا هەن، بریتین لە:

ناوی فەرهەنگ: فەرهەنگی هەراشان، ساڵی چاپ: (٢٠٠٧)، تیراژ: (١٠٠٠).

بڵاوکراوەی: کۆڕی زانیاری کوردستان- لیژنەی فەرهەنگ، ژمارە (٤٢).

دەزگای چاپ: چاپخانەی دەزگای ئاراس – هەولێر.

### ٢/٣) بنەماکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان:

لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا بنەماکانی فەرهەنگمان باسکرد، بەڵام لێرەدا هەوڵدەدەین لەبەر ڕۆشنایی ئەو بنەمایانەی فەرهەنگ، فەرهەنگی هەراشان هەڵبسەنگێنین و ڕێژەی جێبەجێکردنی ئەو بنەمایانەی فەرهەنگ لەم فەرهەنگەدا بخەینەڕوو.

**١-٢/٣) پێشەکیی فەرهەنگی هەراشان:**

پێشەکیی فەرهەنگەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، کە برتیین لە: پێشەکی بۆ منداڵان، کە لە دوو لاپەڕە پێکهاتووە و ئاماژە بە ئەلفبێ دراوە و (٢٧) پیت دیاریکراوە، وەک ئەلفبێی فەرهەنگی، ئاماژە بەوە دراوە، کە ژمارەی ئەلفبێ هەر ئەو (٢٧) پیتە نییە، هەروەها ئاماژە بە پیتەکانی تر دراوە، وەک: (ڕ، ڵ، وو، ۆ، ێ)، بە هۆکاری ئەوەی نایەنە سەرەتای وشەوە، بەڵام وشەیان لێ پێکدێت، ئەم فەرهەنگە وشەی سادەی وەک: (ئافرەت، برا، پیاو، خوشک، کوڕ، گەورە، یاری... هتد) ناگرێتەخۆ، چونکە ئەم وشانە لەلای منداڵانی ئەو تەمەنە ناسراون و هەندێک لە وشەکانی ناو فەرهەنگەکە بە وێنە ڕوونکراونەتەوە، هەروەها ئاماژە بە وشە کورتکراوەکانی ناو فەرهەنگەکە دراوە. (هەراشان، ٢٠٠٧: ٣- ٤)، هەروەها پێشەکی بۆ گەوران، کە لە لاپەڕەی (٥ - ١٠) پێکهاتووە، ئاماژە بە هەندێک زانیاری دراوە، وەک هۆیەکانی دانانی فەرهەنگەکە و لیژنەکانی کارکردن لە فەرهەنگەکە و چەند زانیارییەکی تر و ڕوونکردنەوەی تایبەت بە بەکارهێنانی فەرهەنگەکە و چۆنیەتی کۆکردنەوە و دانانی فەرهەنگەکە، هەروەها بیرۆکەی دانانی ئەم فەرهەنگە، کە بۆ پایزی ساڵی (٢٠٠٥) دەگەڕێتەوە.

لە هۆکاری دانانی ئەم فەرهەنگەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک دراوە، کە بریتین لە:

١- نەبوونی فەرهەنگێکی کوردی – کوردی بۆ منداڵانی تەمەن (٩) ساڵ و بەرەو ژوور.

٢- یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان بایەخ دانە بە زمانی کوردی، کە دانانی فەرهەنگ ڕێگەیەکە بۆ وەدەستهێنانی ئەم ئامانجە.

٣- زۆر جار لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا باس لە زمانی کوردی دەکرێت، کە بە بارێکی نائاساییدا تێدەپەڕێت هەر کەس بە ڕێنووسی تایبەتی خۆی دەنووسێت، کۆڕی زانیاری کوردستان چەندین کتێب و گۆڤاری لە بواری زمانەوانی دەرکردووە، هەروەها کۆنفرانسی ئەنجامداوە و ئەم فەرهەنگەش وەڵامێکە بۆ ئەوان.

٤- بۆ بەشداریکردن لە بووژاندنەوەی زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ پەرەسەندنی زمانی کوردی کۆڕی زانیاری وای بە باش زانی، کە لە قۆناغی سەرەتاییەوە دەستپێبکات بە دانانی فەرهەنگ. (هەراشان، ٢٠٠٧: ٥).

لیژنەکانی دانانی فەرهەنگ لە دوو لیژنە پێکهاتبوون: لیژنەی هەولێر، کە پێکهاتوون لەم کەسانە: (ئەحمەد فەقێ یوسف، تارق خالد مەعروف، ساجیدە مەعروف، پ. ی. سەلام ناوخۆش، عەبدولرەحمان مستەفا، نوری سەعید، هێرۆ عەبدولرەحمن) و لیژنەی دهۆک پێکهاتبوون لەم

کەسانە: (جەعفەر حەجی حوسێن، سدیق شرۆ عەلی، عومەر محەمەد عامر، مەجید سەعید باجلووری، محەمەد نەزیف)، لەگەڵ کاری لیژنەکاندا بەڕێز (شوان سەرابی) سەدان وشەی لەناو کتێبی قوتابخانە سەرەتاییەکانی سلێمانی دەرهێنا، کە دواتر لە فەرهەنگەکەدا بەکارهێنران، بۆئەوەی سەرچاوەی ئەم پرۆژەیە هەموو کتێبی قوتابخانە سەرەتاییەکان بگرێتەوە، هەروەها بەڕێز (عەبدوڵڵا ئامێدی) بە هەموو فەرهەنگەکەدا چووەتەوە، بۆئەوەی بە دانانی کۆمەڵێک ڕستەی گونجاو بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو فەرهەنگەکە زیاتر دەوڵەمەندبکات، هەروەها ساغکردنەوەی ئەو وشانەی کە تێبینی لەسەر بوو، چونکە نموونەی ڕستەکان لە کاتی پێویستدا بە (شێوەزاری بادینی)ی کرمانجی ژووروو بەکارهاتوون. (هەراشان، ٢٠٠٧: ٦- ٨).

دوای ڕەچاوکردنی تێبینییەکان، پێداچوونەوە بە فەرهەنگەکەدا کراوە، لەم لایەنانە:

١- باری ڕێزمانی.

٢- لایەنی لێکدانەوەی وشەکان هەوڵدراوە تەنیا لێکدانەوەی وشە بە وشە نەبێت، بەڵکو تا کراوە ڕوونکردنەوەیەک بێت تایبەت بە منداڵی تەمەن (٩) ساڵ و بەرەو ژوور، تا بە ئاسانی تێیبگات.

٣- جۆری ئەو ڕستانەی کە وەک وێنە هێنرابوونەوە لەگەڵ تەمەنی (٩) ساڵ و بەرەو ژوور و ناوەڕۆک و چۆنیەتی و چەندیەتی و دەربڕینی مەبەست بگونجێت.

٤- لە ڕێگەی ڕێنووسەوە بۆ وێنە ئەو وشە ناسادانەی واتایەک دەبەخشن، ئەگەر شێوەی پیتەکان ڕێگە بدەن بە یەکەوە بنووسرێن باشتر و ڕاستترە، بۆ نموونە وشەی (جێبەجێکردن) وا بنووسرێت باشترە لە (جێ بە جێ کردن).

٥- بۆ ئەوەی ئەم فەرهەنگە بەسوودتر و هاوچەرختر بێت، وا بە پێویست زانرا سەدان وشە، کە لەم فەرهەنگەدا نەبوون لەناو چەند فەرهەنگێکی زمانی هۆڵەندی و ڕووسی و ئینگلیزی دانرابوون بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێڕدرێن، لەوانە: (ئەلبووم و ئەتڵەس و پنگوین... هتد).

٦- ڕیزبوونی وشەکان بەپێی ئەلفبێی کوردی.

٧- سەرلەنوێ تەماشاکردنی هەموو فەرهەنگەکە بۆ دڵنیابوون لە چاپکردنی ئەو لایەنانەی کە ڕاستکراونەتەوە. (هەراشان، ٢٠٠٧: ٨- ٩).

لە فەرهەنگی فێرکاریدا چەند ئەرکێک هەیە، کە لە پیشەکیی فەرهەنگدا دەبێت ڕەچاوبکرێن و پێویستە هەبن.

ئەرکەکانی پێشەکی لە فەرهەنگی هەراشان:

**١- ئاماژەدان بە هێما و کورتکراوەکانی فەرهەنگ:**

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە چەند کورتکراوەیەک دراوە، بەڵام ئاماژە بە چەند هێمایەک و هێماکانی خاڵبەندی نەدراوە، کە لە فەرهەنگەکەدا بەکارهاتوون، وەک:

هێمای (.) بۆ کۆتایی ڕستە و (،) بۆ جیاکردنەوەی واتای وشەی هاوواتا و دوو کەوان ( ) بۆ پەندی پێشینان و ناوی شاعیران و کورتکراوەی وشەکان و (١- ٢-) بۆ واتای جیاواز وەک: فرەواتا و دانانی چەند خاڵێک (...) بۆ مەبەستی هەتا دوایی (هتد) و دانانی دوو خاڵ لەسەر یەک (:) بۆ ڕوونکردنەوەی نموونە هێنانەوە بە ڕستە. کورتکراوەکان بە لیستێک لە پێشەکیی فەرهەنگی هەراشان دانراون، وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا دانراون.

خشتەی ژمارە (١) هێما کورتکراوەکانی فەرهەنگی هەراشان

| ژ | هێما کورتکراوەکان | وشە |
|---|---|---|
| ١ | (ئام.) | ئامراز |
| ٢ | (ئاک.) | ئاوەڵکار |
| ٣ | (ئان.) | ئاوەڵناو |
| ٤ | (ج.) | جێناو |
| ٥ | (چ.) | چاوگ |
| ٦ | (ن.) | ناو |

**٢- ئاماژەدان بە ئامانجی فەرهەنگ:**

ئاماژە بە ئامانجی فەرهەنگەکە دراوە، کە ئەم فەرهەنگە بۆ قوتابییانی قۆناغی سەرەتایی بۆ تەمەنی نۆ ساڵ و بەرەو ژوور دانراوە.

**٣- ئاماژەدان بە قەبارەی فەرهەنگ:**

لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە قەبارەی فەرهەنگەکە نەدراوە، کە ئەم فەرهەنگە لە چەند لاپەڕە پێکهاتووە.

**٤- ئاماژەدان بە ژمارەی دەروازەکان:**

لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە ژمارەی دەروازەکانی فەرهەنگەکە نەدراوە، کە چەند دەروازەی فەرهەنگی لە فەرهەنگەکەدا بەکارهاتوون.

**٥- ئاماژەدان بە بەکارهێنەری فەرهەنگ:**

ئاماژە بە چینی بەکارهێنەری فەرهەنگ دراوە، کە ئەم فەرهەنگە تایبەتە بە تەمەنی (٩)ساڵ و بەرەو ژوور و بۆ قوتابییانی قۆناغی سەرەتایی دانراوە.

**٦- ناوەڕۆکی فەرهەنگ:**

لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە کورتەیەک لە زانیاری لەسەر پێناسەی زمان و زانیاریی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی نەدراوە. لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی ئەرکەکانی پێشەکی لە پێشەکیی فەرهەنگی هەراشان دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٢) ئەرکەکانی پێشەکی لە پێشەکیی فەرهەنگی هەراشان

| ژ | ئەرکەکانی پێشەکی | فەرهەنگی هەراشان |
|---|---|---|
| ١ | ئاماژەدان بە هێما و کورتکراوەکانی فەرهەنگ | ✓ |
| ٢ | ئاماژەدان بە ئامانجی فەرهەنگ | ✓ |
| ٣ | ئاماژەدان بە قەبارەی فەرهەنگ | × |
| ٤ | ئاماژەدان بە ژمارەی دەروازەکان | × |
| ٥ | ئاماژەدان بە بەکارهێنەری فەرهەنگ | ✓ |
| ٦ | ناوەڕۆکی فەرهەنگ | × |
| | ڕێژەی سەدی | ٥٠٪ |

**٢-٢/٣) دەروازەکانی فەرهەنگی هەراشان:**

دەروازەکانی فەرهەنگەکە بە پیتی تۆخ بە شێوەی دوو ستوون لە لاپەڕەکانی فەرهەنگەکەدا ڕیزکراون و دانراون و واتاکانیان شیکراونەتەوە، هەروەها پیتی یەکەمی دەروازەکانی فەرهەنگەکە لە سەرەوەی لاپەڕەی سەرەتای هەر پیتێک لەناو فەرهەنگەکەدا لەناو شێوەی لاکێشەیەکی نارێک دانراون.

### ٢/٣-٢-١) هەڵبژاردنی دەروازەکان:

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە ڕێگەکانی هەڵبژاردنی دەروازەکانی فەرهەنگەکە دراوە، کە دەروازەکانی ئەم فەرهەنگە بە چەند ڕێگەیەک هەڵبژێردراون، کە بریتین لە:

١- وشە و زاراوەکان لە کتێبی قوتابخانەیی قۆناغی سەرەتایی بە دوو لیژنە کۆکراونەتەوە، کە لەگەڵ پێویستی ئەو قۆناغەدا بگونجێت و ڕەچاوی خوێندنی (شێوەزاری بادینی) و زاری کرمانجی ناوەڕاست لە وەرگرتنی وشە و زاراوەکاندا کراوە.

٢- وشە و زاروەی پێویست بۆ ئەم فەرهەنگە لە کتێبی چیرۆکی چاپکراوی منداڵان وەرگیراون و واتاکانیان ڕوونکراونەتەوە و دەروازەکانی فەرهەنگ بەپێی ئەلفبێی فەرهەنگی لە فەرهەنگەکەدا دانراون.

٣- وشە و زاراوەی پێویست و گونجاو لە فەرهەنگی زمانانی تر کۆکراونەتەوە، وەک زمانی ئینگلیزی و ڕووسی و هۆڵەندی بەپێی پێویستی ئەو تەمەنە دانراون. (هەراشان، ٢٠٠٧: ٦- ٨).

### ٢/٣-٢-٢) ژمارەی دەروازەکان:

دەروازەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان بەسەر (٢٨) پیت دابەشکراون، کە بریتین لە: (ئا، ئە، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، م، ن، هـ ، و، ی)، کە لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە (٢٧) پیت دراوە، کە دەروازەکانی فەرهەنگ بەسەریاندا دابەشکراون، بەڵام پیتی (ئـ) بە دوو شێوەی (ئا) (ئە) دانراون، هەندێک لە پیتەکان ژمارەی وشە و زاراوەیان لەم فەرهەنگەدا زۆرە، وەک: ئەو دەروازانەی بە پیتەکانی (ب، د، پ، ک) دەستپێدەکەن و هەندێکیان کەمن، وەک: ئەو دەروازانەی بە پیتەکانی (غ، ع، ح، ڤ) دەستپێدەکەن، بڕوانە خشتەی ژمارە (٣)، کە (٣٤٩٠) دەروازەی فەرهەنگی لە وشە و زاراوەی تایبەت بە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و زاراوەی جۆراوجۆر لە بابەتەکانی خوێندن لە فەرهەنگەکەدا بەکارهاتوون و لە فەرهەنگەکەدا ڕەچاوی هەردوو زارە سەرەکییەکەی زمانی کوردی کراوە، هەروەها دەروازە فەرهەنگییەکان بە شێوەی دوو ستوون لە لاپەڕەکانی فەرهەنگەکەدا دانراون.

لەم خشتەیەی خوارەوەدا پیتەکان و ژمارەی لاپەڕە و ژمارەی دەروازەکانی فەرهەنگ و ڕێژەی سەدی بۆ دەروازەکانی هەر پیتێک دەخرێنەڕوو.

خشتەی ژمارە (٣) دەروازەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان

| ژ | پیت | لاپەڕە | ژمارەی دەروازەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئا | ١١- ٢٣ | ١٤٢ | ٤.٠٦٨ |
| ٢ | ئە | ٢٥- ٣٤ | ١٢٢ | ٣.٦١٠ |
| ٣ | ب | ٣٥- ٦٥ | ٣٥٨ | ١٠.٢٥٧ |
| ٤ | پ | ٦٧- ٩١ | ٢٧٠ | ٧.٧٣٦ |
| ٥ | ت | ٩٣- ١٠٦ | ١٥١ | ٤.٣٢٦ |
| ٦ | ج | ١٠٧- ١١٢ | ٧٥ | ٢.١٤٨ |
| ٧ | چ | ١١٣- ١٢٤ | ١٣٣ | ٣.٨١٠ |
| ٨ | ح | ١٢٥- ١٢٦ | ١٤ | ٠.٤٠١ |
| ٩ | خ | ١٢٧- ١٣٩ | ١٥٤ | ٤.٥١٢ |
| ١٠ | د | ١٤١- ١٦٣ | ٢٨٣ | ٨.١٠٨ |
| ١١ | ڕ | ١٦٥- ١٨٢ | ٢٠١ | ٥.٧٥٩ |
| ١٢ | ز | ١٨٣- ١٩٠ | ١٠٥ | ٣.٠٠٨ |
| ١٣ | ژ | ١٩١- ١٩٣ | ٣٦ | ١.٠٣١ |
| ١٤ | س | ١٩٥- ٢١١ | ٢٠٤ | ٥.٨٤٥ |
| ١٥ | ش | ٢١٣- ٢٢٢ | ١٢٤ | ٣.٥٥٣ |
| ١٦ | ع | ٢٢٣- ٢٢٤ | ١٢ | ٠.٣٤٣ |
| ١٧ | غ | ٢٢٥- ٢٢٥ | ١١ | ٠.٣١٥ |
| ١٨ | ف | ٢٢٧- ٢٣٢ | ٥٨ | ١.٦٦١ |
| ١٩ | ڤ | ٢٣٣- ٢٣٤ | ١٣ | ٠.٣٧٢ |
| ٢٠ | ق | ٢٣٥- ٢٤٢ | ٧٣ | ٢.٠٩١ |
| ٢١ | ک | ٢٤٣- ٢٦١ | ٢١٦ | ٦.١٨٩ |
| ٢٢ | گ | ٢٦٣- ٢٧٤ | ١٥٤ | ٤.٤١٢ |
| ٢٣ | ل | ٢٧٥- ٢٨١ | ٨٠ | ٢.٢٩٢ |
| ٢٤ | م | ٢٨٣- ٢٩٤ | ١٢٦ | ٣.٦١٠ |
| ٢٥ | ن | ٢٩٥- ٣٠٣ | ١٠٣ | ٢.٩٥١ |
| ٢٦ | هـ | ٣٠٥- ٣١٩ | ١٨٤ | ٥.٢٧٢ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٧ | و | ٣٢١- ٣٢٦ | ٥٨ | ١.٦٦١ |
| ٢٨ | ی | ٣٢٧- ٣٢٩ | ٢٦ | ٠.٧٤٤ |
| کۆی گشتی | | ٣٢٩ | ٣٤٩٠ | ٪١٠٠ |

**٢/٣-٢-٣) جۆری دەروازەکان:**

لە فەرهەنگەکەدا دەروازەکان بە شێوەی دوو ستوون لە لاپەڕەکانی فەرهەنگەکەدا دانراون، جۆری جیاواز لە دەروازەی فەرهەنگی بەکارهاتوون، کە بریتین لە:

**١- یەکە مۆرفۆلۆژییەکان:**

لە فەرهەنگەکەدا یەکە مۆرفۆلۆژییەکان بەکارهاتوون و واتاکانیان ڕوونکراونەتەوە، وەک: ئامرازی پەیوەندی و ئامرازی لێکدەر و ئامرازی بانگکردن و سەرسوڕمان... هتد، وەک:

ئامرازی پێوەندی ل (ئام.) لە: ئەز ل ماردینێ ژ دایک بوومە. (ل ٢٧٥)

بۆ (ئام.) ١- ئامرازی پێوەندی: ئەو دەچێت بۆ هەولێر. ٢- لۆ، لەبەر چی وشەی پرس کردنە: دوێنێ بۆ نەهاتییە قوتابخانە. (ل ٦١)

**٢- وشەکان:**

لە فەرهەنگەکەدا جۆری جیاواز لە وشە، وەک: وشەی سادە و داڕێژراو و لێکدراو بەکارهاتوون.

وشەی سادە، وەک: چەور (ئان.) ئەگەر چێشتت لێنا و ڕۆنت زۆر تێکرد، بەو خواردنە دەڵێن چێشتی چەور. (ل ١١٩)

وشەی داڕێژراو، وەک: بۆچوون (ن.) بیرکردنەوە، هزرکرن: ئێمە یەک بۆچوونمان هەیە. (ل ٦١)

وشەی لێکدراو، وەک: داربەڕوو (ن.) داری بەڕی: داربەڕوو لە کوردستان زۆرە. (ل ١٤٢)

هەندێکجار وشەکان بە شێوەی دیارخراو و دیارخەر لە فەرهەنگەکەدا دانراون، وەک:

پلەی گەرما (ن.) بەرزی و نزمی گەرما، کە کار دەکاتە سەر ئاو و هەوا: لە کوێستانەکانی کوردستاندا پلەی گەرما نزمە. (ل ٨٢)

**٣- ئیدیۆم:**

کۆمەڵێک ئیدیۆم لە فەرهەنگەکەدا بەکارهاتوون و واتاکانیان ڕوونکراونەتەوە، وەک:

<u>لووت بەرز (ئان.)</u> بەفیز، دفن بڵند، لە ئاست خەڵکیدا هیچ کات لووت بەرز مەبە. (ل ٢٧٩)

<u>کاسەلێس (ئان.)</u> مرۆڤی خۆفرۆش، دەرباری: مرۆڤی کاسەلێس کەس خۆشی ناوێت. (ل ٢٤٥).

لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی دەروازەکانی فەرهەنگی هەراشان دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٤) بەکارهێنانی دەروازەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان

| ژ | دەروازەکانی فەرهەنگ | فەرهەنگی هەراشان |
|---|---|---|
| ١ | هەڵبژاردنی دەروازەکان | ✓ |
| ٢ | ژمارەی دەروازەکان | ✓ |
| ٣ | جۆری دەروازەکان | ✓ |
| | ڕێژەی سەدی | ١٠٠٪ |

**٢/٣-٣) ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگی هەراشان:**

ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ کارێکی گرنگە و لە فەرهەنگەکەدا بە دوو شێوە ڕێکخراون، بریتین لە: ڕێکخستنی دەرەکی، کە بەپێی ئەلفبێی فەرهەنگی ڕێکخراون و ڕێکخستنی ناوەکی، کە بەپێی ئەلفبێی زمانی ڕێکخراون.

**٢/٣-٣-١) ڕێکخستنی دەرەکی:**

ڕێکخستنی دەرەکی دەروازەکانی فەرهەنگ بە شێوەی ڕێکخستنی ئەلفبێی فەرهەنگی ڕێکخراون، وەک لە خشتەی ژمارە (٣) دانراون، ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان بریتین لە: (٢٨) پیت، هەرچەند لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا ئاماژە بەوە دراوە، کە لە فەرهەنگەکەدا (٢٧) پیت بەکارهاتوون، بەڵام پیتی (ئـ) بە دوو شێوەی (ئا) و (ئە) دانراون.

ڕێکخستنی دەرەکی لە فەرهەنگەکەدا بەم شێوەیە، دانراون: (ئا، ئە، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ڕ، ز، س، ژ، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، م، ن، هـ ، و، ی).

### ٢-٣-٢/٣) ڕێکخستنی ناوەکی:

ڕێکخستنی ناوەکی دەروازەکانی فەرهەنگ بەپێی ئەلفبێی زمانی لە فەرهەنگەکەدا ڕێکخراون، بەم شێوەیە: (ئـ ، ا، ە، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، هـ ، و، وو، ۆ، ی، ێ) جۆرەکانی ڕێکخستنی ناوەکی دوو جۆرن، کە بریتین لە:

**١- ڕێکخستنی هاوبەشی:**

لە فەرهەنگەکەدا ڕێکخستنی هاوبەشی بەکارهاتووە بۆ ئەو وشانەی کە چەند واتایەکیان هەیە، وەک:

ڕۆژ (ن.) ١- ماوەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەرامبەر شەو: سێ ڕۆژ بەر لە ئێستا گەڕامەوە. ٢- خۆر: گۆی زەوی بە دەوری ڕۆژدا دەسووڕێتەوە. (ل ١٧٧)

**٢- ڕێکخستنی هاوبێژی:**

لە فەرهەنگەکەدا ڕێکخستنی هاوبێژی بەکارنەهاتووە وەک دەروازەی سەربەخۆ، بەڵکو لەناو یەک دەروازەدا ئاماژە بە واتای جیاوازی وشەکان دراوە.

لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٥) ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان

| ژ | ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ | فەرهەنگی هەراشان |
|---|---|---|
| ١ | ڕێکخستنی دەرەکی | ✓ |
| ٢ | ڕێکخستنی ناوەکی | ✓ |
| | ڕێژەی سەدی | ٪١٠٠ |

### ٤-٢/٣) زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگی هەراشان:

زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگ زانیاریی پێویستن لە فەرهەنگدا، وەک: زانیاری ئاستەکانی زمان و زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن، کە لە فەرهەنگەکەدا بەکارهاتوون، دەتوانین ئەم زانیارییانە بۆ دوو بەش دابەشبکەین، یەکەم: زانیاریی ئاستەکانی زمان، دووەم: زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن.

### ٢/٣-٤-١) زانیاریی ئاستەکانی زمان:

زانیاریی ئاستەکانی زمان مەبەست لە زانیاریی ئاستەکانی (دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی)یە، کە پێویستە لە فەرهەنگی فێرکاریدا ئاماژە بەم جۆرە زانیارییانە بدرێت.

### ٢/٣-٤-١-١) زانیارییە دەنگسازییەکان:

لەم فەرهەنگەدا ئاماژە بە زانیاریی دەنگسازی نەدراوە، فەرهەنگەکە فەرهەنگی کوردی – کوردییە، چۆنیەتی خوێندنەوە و هێز و بڕگە و ئاوازە دیارینەکراوە.

زانیارییە دەنگسازییەکان دەکرێت بە شێوەی ئامرازە بیستراوەکان دابنرێن، کە چۆنیەتی خوێندنەوە و هێز و ئاوازە لە دەروازەکانی فەرهەنگدا ڕوونبکاتەوە، هەندێکجار بە (سیدی) یان (دیڤیدی)، لەگەڵ فەرهەنگەکەدا دادەنرێت.

لەم فەرهەنگەدا لە ڕوونکردنەوەی واتای دەروازەکاندا بە ڕستە، نیشانەکانی خاڵبەندی دانراون، بەڵام ئاماژە بە ئاوازە نەدراوە، وەک:

ڕستەی هەواڵی هێمای (.)ی بۆ دادەنرێت، وەک: <u>بۆڕی (ن.)</u> لوولەی ئاو: نەوت بە بۆڕی بۆ پاڵاوگەکان دەگوازرێتەوە. (ل ٦١)

ڕستەی سەرسوڕمان هێمای (!)ی بۆ دادەنرێت، وەک: <u>ئۆی (ئام.)</u> ١- هاوار لە دەست ئێش و ئازار: <u>ئۆی !</u> چاوم چەند دێشێت ٢- سەرسوڕمان (!): ئۆی ئەم گوڵە چەند جوانە! (ل ٣١)

ڕستەی پرسیاری هێمای (؟)ی بۆ دادەنرێت، وەک: <u>کەنگی (ج.)</u> کەی: کەنگی بە ئاوات دەگەین؟ (ل ٢٥١)

لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی زانیارییە دەنگسازییەکان دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٦) زانیارییە دەنگسازییەکان لە فەرهەنگی هەراشان

| ژ | زانیارییە دەنگسازییەکان | فەرهەنگی هەراشان |
|---|---|---|
| ١ | زانیاریی دەنگسازی | × |
| | ڕێژەی سەدی | ٪٠ |

**٢/٣-٤-١-٢) زانیارییە وشەسازییەکان:**

زانیارییە وشەسازییەکان لە فەرهەنگەکەدا بریتین لەم زانیارییانە:

**١- بەشەکانی ئاخاوتن:**

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە بەشەکانی ئاخاوتن دراوە، کە بەشێوەی کورتکراوە لە تەنیشت دەروازە فەرهەنگییەکان دانراون، وەک:

قارچک (ن.) کڤارک، کوارگ: خواردنی قارچک زۆر خۆشە. (ل ٢٣٥)

**٢- پێکهاتنی وشەکان:**

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە پێکهاتنی وشەکان نەدراوە، تەنیا هەموو جۆرێکی وشە لە ڕووی پێکهاتنەوە دانراون، وەک: وشەی سادە و داڕێژراو و لێکدراو.

وشەی سادە، وەک: کەو (ن.) باڵندەیەکی جوانە لە شاخەکانی کوردستاندا زۆرە: کەوەکەم خۆش دەخوێنێت. (ل ٢٥١)

وشەی داڕێژراو، وەک: ئاخنراو (ئان.) ئەو فەردەیە لە ئارد ئاخنراوە. (ل ١٢)

وشەی لێکدراو، وەک: ئاهەنگگێران (چ.) سازکردن و بەڕێوەبردنی بەزم: بۆ ئاهەنگگێڕانی برادەرەکەم داوەتکراوم. (ل ٢٢)

هەندێکجار دەروازە فەرهەنگییەکە بەشێوەی دیارخراو و دیارخەر لە فەرهەنگەکەدا دانراون، وەک: پەڕی گوڵ (ن.) پەڕێ گولێ، پەلکە گوڵ، بەلگێ گولێ: بەلگێن هەندەک گولان گەلەک دنازکن زوی دوەرییێن. (ل ٧٤)

**٣- ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە (ناوی نێرینە و مێینە):**

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە ناوی نێرینە و مێینە دراوە لە هەندێک دەروازەی فەرهەنگی، کە دەروازەکە واتای خۆی هەیە، هەروەها وەک ناوی نێرینە یان ناوی مێینە بەکاردێت، وەک:

ساکار (ئان.) سادە، ئاسایی: پیاوەکی سادە و ساکارە. (ن.) ٢- ناوە بۆ مێینە. (ل ١٩٦)

هەندێکجار ئاماژە بە ڕەگەز لە جێناوی نیشانە و هەوڵناوی نیشانە دراوە، وەک:

ڤی (ج.) ئەڤی، ئەم، بۆ نێری نزیک: ڤی وەرزی ئەم دچینە سەیرانێ. (ل ٢٣٣)

**٤- ناو لە ڕووی ژمارەوە (ناوی تاک و کۆ):**

لە فەرهەنگەکەدا بە کەمی ئاماژە بە ناوی تاک و کۆ دراوە، وەک:

هەراشان (ن.) نێوی ئەو فەرهەنگەی بەردەستتانە نێوەکە لە هەراش+ ان نیشانەی کۆ داڕێژراوە. (ل ٣١٠).

دیوان (ن.) دیو+ ان (ل ١٦٣)

**٥- ناو لە ڕووی ناسراوی (ناوی ناسراو و نەناسراو):**

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە ناوی ناسراو و نەناسراو نەدراوە.

لە فەرهەنگەکەدا لە ڕووی ڕەچەڵەکی وشەکانەوە زۆر بە کەمی ئاماژە بە لایەنی ڕەچەڵەکی وشەکان دراوە، وەک: ئەدەب (ن.) وشەیەکی عەرەبییە. (ل ٢٥)

برنووتی (ن.) (ل ٥٥) و وشەی ئۆین (ن.) (ل ٣٢) وشەی تورکین.

لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی زانیارییە وشەسازییەکان دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٧) زانیارییە وشەسازییەکان لە فەرهەنگی هەراشان

| ژ | زانیارییە وشەسازییەکان | فەرهەنگی هەراشان |
|---|---|---|
| ١ | بەشەکانی ئاخاوتن | ✓ |
| ٢ | پێکهاتنی وشەکان | × |
| ٣ | ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە (ناوی نێرینە و مێینە) | ✓ |
| ٤ | ناو لە ڕووی ژمارەوە (ناوی تاک و کۆ) | ✓ |
| ٥ | ناو لە ڕووی ناسراوی (ناوی ناسراو و نەناسراو) | × |
| | ڕێژەی سەدی | ٦٠٪ |

**٢/٣-٤-١-٣) زانیارییە ڕستەسازییەکان:**

زانیارییە ڕستەسازییەکان لە فەرهەنگەکەدا، بریتین لە:

**١- جۆرەکانی کار لە ڕووی کاتەوە (کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو):**

له فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە جۆرەکانی کار لە ڕووی کاتەوە (کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو) نەدراوە.

**٢- کار لە ڕووی هێزەوە (کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ):**

له فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە جۆرەکانی کار لە ڕووی هێزەوە (کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ) نەدراوە.

**٣- زانیاریی ڕێزمانی لە بەکارهێنانی وشەکان:**

له فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە زانیاریی ڕێزمانی لە بەکارهێنانی وشە و ئامراز دراوە. وەک:

بە (ئام.) ئامرازی پێوەندییە و هەمیشە دەکەوێتە پێش کۆمەڵەی ناو (ناو، ئاوەڵناو، جێناو، چاوگ): بە شاردا تێپەریم. (ل ٤١)

کە (ئام.) کو، ئامرازی گەیەنەرە، ڕستەیەکی سەرەکی بە ڕستەیەکی شوێنکەوتوو دەگەیەنێت: ئێوارە، کە باران باری، ژوورەکە دڵۆپەی کرد. (ل ٢٤٦-٢٤٧)

لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی زانیارییە ڕستەسازییەکان دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٨) زانیارییە ڕستەسازییەکان لە فەرهەنگی هەراشان

| ژ | زانیارییە ڕستەسازییەکان | فەرهەنگی هەراشان |
|---|---|---|
| ١ | کار لە ڕووی کاتەوە (کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو) | × |
| ٢ | کار لە ڕووی هێزەوە (کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ) | × |
| ٣ | زانیاریی ڕێزمانی لە بەکارهێنانی وشەکان | ✓ |
| | ڕێژەی سەدی | ٣٣.٣٣٪ |

**٢/٣-٤-١-٤) زانیارییە واتاسازییەکان:**

زانیارییە واتاسازییەکان لە فەرهەنگەکەدا بریتین لە:

**١- ئاماژەدان بە هاوواتا:**

له فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە هاوواتاکان نەدراوە، تەنیا لە ڕوونکردنەوەی واتای دەروازەکان بە نموونە وشەی هاوواتا دانراون، کە بە فاریزە لە فەرهەنگەکەدا جیاکراونەتەوە،

هەندێکجار دەروازە فەرهەنگییەکە بە یەک هاوواتا، یان زیاتر بۆ شیکردنەوەی واتای دەروازەکان بەکارهاتوون، وەک:

ڕوونکردنەوە بە یەک هاوواتا، وەک: بەکەڵک (ئان.) بەسوود (ل ٥٠)

ڕوونکردنەوە بە دوو هاوواتا، وەک: برادەر (ن.) هەڤاڵ، هاوڕێ (ل ٥٤)

ڕوونکردنەوە بە سێ هاوواتا، وەک: کەڤن (ئان.) کۆن، دێرین، کەون (ل ٢٤٩)

ڕوونکردنەوە بە چوار هاوواتا، وەک: ئینان (چ.) هێنان، ئانین، هاوردن، ئاوردن (ل ٣٢)

**٢- ئاماژەدان بە دژواتا:**

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە دژواتا دراوە و بەکەمی بەکارهاتووە، هەرچەندە دەکرا لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا هێمای تایبەت بۆ وشە دژواتاکان دابنرێت، لە فەرهەنگەکەدا هێمای (×)ی بۆ دانراوە، یان وشەی (پێچەوانە) بۆ دژواتاکان بەکارهاتووە، وەک:

تاڵ (ئان.) تاڵ×شیرین هێمای (×)ی بۆ دانراوە. (ل ٩٦)

وشەی پێچەوانە بەکارهاتووە، وەک: کورت (ئان.) پێچەوانەی درێژ: پەتی درۆ کورتە. (ل ٢٥٥)

لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی زانیارییە واتاسازییەکان دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٩) زانیارییە واتاسازییەکان لە فەرهەنگی هەراشان

| ژ | زانیارییە واتاسازییەکان | فەرهەنگی هەراشان |
|---|---|---|
| ١ | ئاماژەدان بە هاوواتا | × |
| ٢ | ئاماژەدان بە دژواتا | ✓ |
| | ڕێژەی سەدی | ٥٠٪ |

**٢/٣-٤-٢) زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن:**

لە فەرهەنگی هەراشان زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن بەکارهاتوون، کە لە چەند جۆرێک پێکهاتوون، نموونە لە فەرهەنگەکە وەردەگرین و لێرەدا ئەو زانیارییانە بۆ دوو بەش دابەشدەکرێن، کە بریتین لە: یەکەم: زانیاریی گشتگیری، دووەم: زاراوەی بوارەکانی خوێندن.

**٢/٣-٤-٢-١) زانیاریی گشتگیری:**

لە فەرهەنگی هەراشاندا ئاماژە بە زانیاریی گشتگیری (ئینسکلۆپیدی) دراوە، هەروەها ناوەکان چەند جۆرێکن، وەک:

**١- ناوی کەس:**

وەک: بێکەس (ئان.) ١- بێ خزم، هەژار: ئەم پیاوە هەژار و بێکەسە. ٢- نازناوی شاعیرەکی ناوداری کوردە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا ژیاوە. (ل ٦٤)

ئەسیری (ن.) هۆزانڤانەکی کوردی شاری کەرکوکە. (ل ٢٦)

**٢- ناوی ئاژەڵ:**

وەک: ناوی زیندەوەر، وەک: جاڵجاڵۆکە (ن.) داپیرۆچکە، تەڤنپیرک، پیرۆشک: تەونی جاڵجاڵۆکە تەنکە. (ل ١٠٨)

وەک: تاوس (ن.) باڵندەیەکی گەورەیە، پەڕی باڵەکانی ڕەنگینن. (ل ٩٦)

ناوی باڵندە، وەک: هەڵۆ (ن.) ئەلهۆ، جۆرە باڵندەیەکی گۆشتخۆر و بە هێزە: هەڵۆ گەلەک بەرز دەفڕێت. (ل ٣١٥)

**٣- ناوی ڕووک:**

ناوی ڕووەک، وەک: چنار (ن.) ناوی دارەکا قەد بەرزە: بەژنا تە دارچنارە. (ل ١٢١)

ناوی گیا، وەک: پونگ (ن.) پوینگ، پینگ، گیایەکی سروشتییە بۆن و تامەکی نەعناعی خۆشی هەیە و لە هەندێک جۆرە شیوی کوردەواری دا بەکاردەهێنرێ: دۆینەی بە پوونگ خۆشە. (ل ٨٣)

ناوی میوە، وەک: ئەناناس (ن.) جۆرە میوەیەکە، لە وڵاتانی گەرمدا دەڕوێت، ناوەوەی ئەناناس ڕەنگی زەردە. (ل ٢٩)

**٤- ناوی شوێن:**

ناوی وڵات، وەک: ئیتاڵیا (ن.) وڵاتێکە لە کیشوەری ئەوروپا: ئیتاڵیا خاوەن شارستانییەتێکی دێرینە (ل ٣٢)

ناوی شار، وەک: هەولێر (ن.) هەولێر لەو شارە کۆنانەی خڕکەی زەوییە، کە هەزاران ساڵە ژیانی تێدا بەردەوامە: هەولێر پایتەختی کوردستانە. (ل ٣١٦)

ناوی شارۆچکە، وەک: چەمچەماڵ (ن.) قەزایەکە سەر بە پارێزگای کەرکوکە. (ل ١١٨)

ناوی گوند، وەک: خلبیش (ن.) خلبیش ناوی گوندێکە لە پارێزگای دهۆک: گوندۆرێن خلبیشێ بناڤ و دەنگن. (ل ١٣٣)

ناوی گەڕەک، وەک: ئیمام قاسم (ن.) گەڕەکەکە لە کەرکوک. (ل ٣٢)

ناوی هاوینەهەوار، وەک: سەرچنار (ن.) ناڤێ هاڤینەهەوارەکا کوردستانێ یە: سەرچنار هاڤینە هەوارەکا خوشە. (ل ٢٠١)

ناوی شاخ، وەک: باواجی (ن.) چیایەکە لە شاری کۆیە: من بە چیای باواجی هەڵگەڕام. (ل ٤٠). چەندین ناوی تر لە فەرهەنگەکەدا بەکارهاتوون، وەک: ناوی ڕووداوی مێژوویی و ناوی دەشت و شوێنی بەناوبانگ و ناوی ئامراز و ئامێرەکان و دیاردەی جوگرافی و ناوی نەخۆشی... هتد.

**٢/٣-٤-٢-٢) زانیاریی زاراوەی بوارەکانی خوێندن:**

لەم فەرهەنگەدا ئاماژە بە زاراوەی بوارەکانی خوێندن دراوە، ئەو زاراوانەی کە لە کتێبەکانی ئەو قۆناغەدا هەیە، وەک: زاراوەی بابەتی زانستەکان و زاراوەی بابەتی کۆمەڵایەتی و زاراوەی بابەتی زمانی کوردی و بیرکاری و پەروەردەی ئیسلامی، کە لە فەرهەنگەکەدا ڕەچاوی ڕوونکردنەوەی زاراوەی بوارەکانی خوێندن لەم قۆناغەدا کراوە، وەک:

وانەی کوردی:

وەک: هاوواتا (ن.) هەڤواتا، دوو وشەی وەکو یەک لە واتا: ئەڤان هاوواتایان ژبەربکە. (ل ٣٠٩)

هاڤلناڤ (ن.) هەڤالناڤ، هاوەڵناو، ئاوەڵناو: ئەو وشەیە کە وەسفی ناو دەکات، وەک: جوان، شیرین، بەرز، بەهێز .... : هەڤالناڤی د کوردیدا سێ پلە هەنە، وەکی جوان، جوانتر، جوانترین. (ل ٣٠٧)

وانەی زمانی عەرەبی و وانەی زمانی ئینگلیزی بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی دانراون و لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە وشە و زاراوەکانی ئەم دوو وانەیە نادەین، چونکە ئەم فەرهەنگە فەرهەنگێکی (کوردی – کوردی)یە.

وانەی بیرکاری:

وەک: ڕاستەهێڵ (ن.) ڕاستەخێچ، هێڵەک بە ڕاستی، زاراوەیەکی بیرکارییە: ڕستەهێڵەک لە خاڵی (أ) بەرەو (ب) بکێشە. (ل ١٦٧)

چوارگۆشە (ن.) شێوەیەکی ئەندازەییە چوار لای وەک یەکە و یەکسانە: ڕووبەری ماڵەکەمان سێ سەد مەتر چوارگۆشەیە. (ل ١٢١)

وانەی زانستەکان لە بابەتەکانی فیزیا و کیمیا و زیندەزانی پێکدێت.

وانەی فیزیا:

وەک: هاوێنەی قۆقز (ن.) چاڤکا کوور، ئاوێنەی قۆقز. (ل ٣٠٩)

ئاوێنەی پەرت (ن.) چاڤکا خویل، جۆرە ئاوێنەیەکە. (ل ٣٠٩)

وانەی کیمیا:

وەک: کاغەزی پاڵاوتن (ن.) کاغەزا دێراندنێ، کاغەزا پارزنینێ، کاغەزی پاڵاوتن لە تاقیگەدا بەکاردێت. (ل ٢٤٥)

گازا سروشتی (ن.) ئەو ماددە هەواییانەی کە لە سروشتدا هەن و جۆراوجۆرن: گازی ئۆکسجین یارمەتی هەناسەدان دەدا. (ل ٢٦٣)

وانەی زیندەزانی:

وەک: ڕیخۆڵە (ن.) ڕیڤیک، ڕویڤیک، ریویەکانی ناو سک: ئادەمیزاد دوو جۆرە ڕیخۆڵەی هەیە، ئەستوور و باریک. (ل ١٧٩)

کرکراگە (ن.) کرکرک: گیانەوەرە مەمکدارەکان کرکراگەی گوێیان هەیە. (ل ٢٥٣)

وانەی کۆمەڵایەتی لە بابەتەکانی مێژوو و جوگرافیا و پەروەردەی نیشتمانی پێکدێت.

وانەی مێژوو:

وەک: ساڵی کۆچی (ن.) ئەو ساڵەی پێغەمبەر محەمەد (د. خ) بەرەو مەدینە کۆچی کرد. (ل ١٩٧)

وانەی جوگرافیا:

وەک: زۆنگاو (ن.) گۆماو، گەڕاڤک، ئەو چاڵەی کە ئاوی تێدا پەنگ دەخواتەوە و ڕادەوەستێ. (ل ١٨٩)

شۆرەکات (ن.) شۆرەزار، شامات، زەوی نەزۆک: زەوی شۆرەکات بۆ چاندنی دەغڵ و دان دەست نادات. (ل ٢٢٠)

وانەی پەروەردەی نیشتمانی:

وەک: دیموکراسی (ن.) دیموکراتی سیستەمەکی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتە. (ل ١٦٣)

سەربەخۆیی (ن.) خۆیی بوون، ئازادی، سەربەستی: سەربەخۆیی ئاواتی گەلانی ژێر دەستە. (ل ٢٠٠)

وانەی پەروەردەی ئیسلامی:

وەک: سەردەمی ڕاشدین (ن.) ماوەی فەرمانڕەوایی چوار خەلیفەکەی دوای پێغەمبەر (د.خ). (ل ٢٠٢).

لەم خشەتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن لەم فەرهەنگەدا دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (١٠) زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن لە فەرهەنگی هەراشان

| ژ | زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن | فەرهەنگی هەراشان |
|---|---|---|
| ١ | زانیاریی گشتگیری | ✓ |
| ٢ | زاراوەی بوارەکانی خوێندن | ✓ |
| | ڕێژەی سەدی | ١٠٠٪ |

لە کۆی ئەو خشتە ئامارییانەی تایبەت بە زانیارییە سەرەکییەکانی ئەم فەرهەنگە لەم توێژینەوەیەدا ئەنجامدراون، لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕێژەی بەکارهێنانی زانیارییە سەرەکییەکانی ناو فەرهەنگەکە دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (١١) زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان

| ژ | زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگ | فەرهەنگی هەراشان |
|---|---|---|
| ١ | زانیارییە دەنگسازییەکان | ٪٠ |
| ٢ | زانیارییە وشەسازییەکان | ٪٦٠ |
| ٣ | زانیارییە ڕستەسازییەکان | ٪٣٣.٣٣ |
| ٤ | زانیارییە واتاسازییەکان | ٪٥٠ |
| ٥ | زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن | ٪١٠٠ |
| | ڕێژەی سەدی | ٪٤٨.٦٦ |

**٣/٢-٥) ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگی هەراشان:**

ئەو ئامرازانەی کە دەبێت لە فەرهەنگدا بەکاربهێنرێن سێ جۆر ئامرازن، کە بریتین لە: ئامرازی گۆکراو و ئامرازی بینراو و ئامرازی بیستراو، کە لێرەدا ئەم بنەمایە لەسەر ئەم فەرهەنگە جێبەجێدەکرێت.

**٣/٢-٥-١) ئامرازە گۆکراوەکان**

لەم فەرهەنگەدا چەند جۆرێک لە ئامرازی گۆکراو بەکارهاتوون، کە بریتین لە: ڕستەکان و پەندی پێشینان و دەوروبەر (سیاق)، وەک:

**١- بەکارهێنانی ڕستەکان:**

ئەو ڕستانەی لە فەرهەنگەکەدا بەکارهاتوون لە ڕووی پێکهاتنەوە چەند جۆرێکن، وەک:

ڕستەی سادە، وەک: بە پەلە (ئاک.) بلەز، خێرا: بە پەلە چێشتەکەم خوارد. (ل ٤١)

ڕستەی لێکدراو، وەک: لێ (ئام.) بەڵام، وەلێ: زستان ساردە، لێ هاوین گەرمە. (ل ٢٨٠)

ڕستەی ئاڵۆز، وەک: کو (ئام.) ١- کە: ژ باوشکێن وی یا دیارە کو خەوا وی یا دهێت. ٢-چۆن: کو خۆتان دەرباز کرد. (ل ٢٤٥)

ڕستە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، وەک: ڕستەی هەواڵی و پرسیاری و سەرسوڕمان، کە ئەم جۆرە ڕستانە بۆ ڕوونکردنەوەی واتا لە فەرهەنگەکەدا بەپێی پێویست بەکارهاتوون.

**٢- بەکارهێنانی دەوروبەر (سیاق):**

لە فەرهەنگەکەدا چەند دەروازەیەک لە ڕێگەی دەوروبەرەوە ڕوونکراونەتەوە، وەک:

بۆق (ن.) قۆڕواق، بەق، گیانداریکی بچووکی ڕەنگ کەسکە، یان قاوەییە. بۆق لە نێو ئاو و نێزیک ئاودا دەژی. هەردوو لاقەکانی پشتەوەی درێژن، بۆیە دەتوانێت باز بدات: لەشی بۆق لە سەر و قەد پێکدێت ملی نییە. (ل ٦١- ٦٢)

وەک: قەڵا (ن.) قەڵات، کەلهە، کەلێ، بینایەکی گەورە و کۆنە، دیوارەکانی دەوروبەری پتەون. هێندێک جار بورجیشی هەیە، جاران دەسەڵاتداران و سوارچاکان و .. تێیدا دەژیان، خانووی بنکەی چەکداران لە سەر کێو، یا شوێنەکی بەرز. (ل ٢٣٨)

**٣- بەکارهێنانی پەندی پێشینان:**

لە فەرهەنگەکەدا چەند جارێک پەندی پێشینان لە ڕوونکردنەوەی واتای دەروازەکان بەکارهاتوون، ژمارەی پەندە بەکارهاتووەکان لە فەرهەنگەکەدا بریتین لە: (٤) پەند بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی واتا بەکارهاتوون، لەوانە: پەندی پێشینان بە زاری کرمانجی ناوەڕاست، وەک:

مارگەستە (ن.) مارگەستە لە گوریس دەترسێت. (پەند) (ل ٢٨٤)

ڕۆخانە (ن.) چۆم، بەست، لایەنە، بەستێن: ئاو ببڕێت لە ڕۆخانە خزم باشترە لە بێگانە. (پەند). (ل ١٧٧)

پەند بە زاری کرمانجی ژووروو، وەک: هەڕی (ن.) دەمێ بوو باران، دێ بیتە هەڕی. (پەند) (ل ٣١١)

ئەڤراز (ن.) هەوراز، بەرزایی، هەر ئەڤرازەکی سەرنشیشەک هەیە. (پەند) (ل ٢٧)

**٢/٣-٥-٢) ئامرازە بینراوەکان:**

ئامرازە بینراوەکان لەم فەرهەنگەدا تەنیا بریتین لە وێنە، کە بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی واتا لە فەرهەنگەکەدا بەکارهاتوون و لە سەررووی دەروازەکان دانراون، ژمارەی ئەو وێنانەی بەکارهاتوون لە فەرهەنگەکەدا بریتین لە (١٠٠) وێنە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١) ژمارەی وێنە بەکارهاتووەکان لە فەرهەنگی هەراشان، کە بەپێی پیتەکان ئاماژە بە ژمارەی وێنەکان دراوە.

**٣-٥-٢/٣) ئامرازە بیستراوەکان**

ئامرازە بیستراوەکان لەم فەرهەنگەدا بەکارنەهاتوون، کە دەبوو بە شێوەیەک بکرایە، کە بە (سیدی)، یان (دیڤیدی)، یان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، یان بە شێوەی ئەپلیکەیشن دابنرایە، چونکە ئەم ئامرازانە لە فەرهەنگی فێرکاریدا سوودی زۆریان هەیە.

لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگەکەدا دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (١٢) ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان

| ژ | ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگ | فەرهەنگی هەراشان |
|---|---|---|
| ١ | ئامرازە گۆکراوەکان | ✓ |
| ٢ | ئامرازە بینراوەکان | ✓ |
| ٣ | ئامرازە بیستراوەکان | × |
| | ڕێژەی سەدی | ٦٦.٦٦٪ |

**٦-٢/٣) پاشکۆکان لە فەرهەنگی هەراشان:**

فەرهەنگەکە پاشکۆی نییە، کە هەبوونی پاشکۆکان بنەمایەکی گرنگە لە بنەماکانی فەرهەنگ و بە تایبەتی بۆ فەرهەنگی فێرکاری زۆر پێویست و بەسوودن، کە دەکرا بە شێوەی لیستی وشە هاوواتا و دژواتاکان و وێنە و هێڵکاری تایبەت بە بوارەکانی خوێندن لە پاشکۆ دابنرایە.

لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی پاشکۆکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگەکەدا دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (١٣) پاشکۆکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان


| ژ | پاشکۆکانی فەرهەنگ | فەرهەنگی هەراشان |
|---|---|---|
| ١ | پاشکۆکان | × |
| | ڕێژەی سەدی | ٪٠ |

له كۆی گشتی ئەو خشته ئامارییانەی لەم توێژینەوەیەدا بۆ فەرهەنگی هەراشان بەكارهێنراون، هەوڵدراوە بەكارهێنانی بنەماكانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان لەم خشتەیەی خوارەوە بە ڕێژەی سەدی بخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (١٤) جێبەجێكردنی بنەماكانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان

| ژ | بنەماكانی فەرهەنگ | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١ | پێشەكیی فەرهەنگ | ٪٥٠ |
| ٢ | دەروازەكانی فەرهەنگ | ٪١٠٠ |
| ٣ | ڕێكخستنی دەروازەكانی فەرهەنگ | ٪١٠٠ |
| ٤ | زانیارییە سەرەكییەكانی فەرهەنگ | ٪٤٨.٦٦ |
| ٥ | ئامرازە دیارەكانی فەرهەنگ | ٪٦٦.٦٦ |
| ٦ | پاشكۆكان | ٪٠ |
| | ڕێژەی سەدی | ٪٦٠.٨٨ |

هەروەها لەم چارتەی خوارەوەدا بەكارهێنانی هەر یەكە لە بنەماكانی فەرهەنگ بە ڕێژەی سەدی لە فەرهەنگی هەراشان دەخرێتەڕوو.




چارتی ژمارە (١) جێبەجێكردنی بنەماكانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان

### ٣/٣) ناساندنی فەرهەنگی هەرزە:

ئەم فەرهەنگە بۆ قوتابییانی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی دانراوە، لەلایەن لیژنەی فەرهەنگی کۆڕی زانیاری کوردستان و ئەکادیمیای کوردی بە هەرەوەزی کاریان لەسەر نووسین و دانانی ئەم فەرهەنگە کردووە، کە لەگەڵ تەمەن و ئاستی زانیاریی زمانیی قوتابییانی قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی بگونجێت.

فەرهەنگی هەرزە فەرهەنگێکی کوردی - کوردییە، کە تایبەتە بە قوتابییانی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی، ئەم فەرهەنگە لەلایەن کۆمەڵێک مامۆستاوە ئامادەکراوە و کۆکراوەتەوە و لەلایەن ئەکادیمیای کوردی سەرپەرشتیکراوە، وشە و زاراوەکان لە کتێبی قوتابخانەکانی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی کۆکراونەتەوە و دانراون.

فەرهەنگەکە لە (٢٦٨) لاپەڕە پێکهاتووە و لەلایەن کۆمەڵێک لە مامۆستایانی زمانی کوردی ئامادەکراوە، کە پێکهاتبوون لە: (سادق ئەحمەد عوسمان ڕۆستایی، جنان سەعید محەمەد، ڕەسووڵ عەلی، ڕەسووڵ ئەحمەد، بێگەرد تەها، حەیدەر حاجی خدر).

پێداچوونەوەی فەرهەنگەکە لەلایەن (سەلام ناوخۆش بەکر) ئەنجامدراوە.

ئەو زانیارییانەی لە سەرەتای فەرهەنگەکەدا هەن، بریتین لە:

ناوی کتێب: فەرهەنگی هەرزە.

ساڵی چاپ (٢٠١٢)، چاپکراوە.

تیراژ: (٥٠٠) دانەی لێ چاپکراوە.

چاپخانە: چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.

### ٤/٣) بنەماکانی فەرهەنگی هەرزە:

بنەماکانی فەرهەنگ، کە لە دانانی فەرهەنگدا پێویستە ڕەچاوبکرێن، لێرەدا هەوڵدەدرێت ئەو بنەمایانەی فەرهەنگ، کە لە بەشی دووەمدا باسکراون لەسەر ئەم فەرهەنگە جێبەجێبکرێن و فەرهەنگەکە هەڵبسەنگێنرێت، هەروەها ئاماژە بە ڕێژەی بەکارهێنانی بنەماکانی فەرهەنگ لەم فەرهەنگەدا بدرێت.

**١-٤/٣) پێشەکیی فەرهەنگی هەرزە:**

پێشەکیی فەرهەنگەکە پێکهاتووە لە (٤) لاپەڕە، کە باس لە ناوەڕۆکی کاری لیژنەی فەرهەنگ و کورتکراوەکانی ناو فەرهەنگەکە کراوە، ئەم فەرهەنگە یەکێک لە پرۆژەکانی فەرهەنگی کۆڕی زانیاری کوردستانە، لەژێر چاودێری لیژنەی فەرهەنگی کۆڕدا ئەنجامدراوە، کە پێکهاتبوون لە: (د. کوردستان موکریانی و د. عەبدوڵلا ئامێدی و مامۆستا سەلام ناوخۆش)، وەک کارێکی هەرەوەزی لەگەڵ کۆمەڵێک مامۆستای قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی پێکهاتبوون لە (حەوت تا دوازدە) مامۆستا، لە پێشەکییەکەدا ئاماژە بەوە دراوە، کە ئەم فەرهەنگە بەرهەمی لیژنەی کۆڕی زانیاری کوردستان و لیژنەی فەرهەنگی ئەکادیمیای کوردییە، لە فەرهەنگەکەدا وشە و زاراوەکان لە کتێبە کوردییەکانی ئەو دوو قۆناغە کۆکراونەتەوە، بۆ شیکردنەوەی واتای وشە و زاراوەکان ئەندامانی لیژنە هەر یەکە بە پاڵپشتی فەرهەنگی تری کوردی – کوردی، یان بە سەلیقەی خۆیان ڕامانی وشەکانیان کردووە. هەروەها ئاماژە بەوە کراوە فەرهەنگی هەرزە تەواوکەری (فەرهەنگی هەراشان)ە، کە لە ساڵی (٢٠٠٧) چاپکراوە، ئەگەرچی کەرەستەکانی ئەم فەرهەنگە لە سەردەمی دەوری پێشتری کۆڕی زانیاری کوردستاندا کۆکراونەتەوە، بەڵام ئەرکی تەواوکردن و ئامادەکردنی بۆ چاپکردن مایەوە، وەک ئەرکی لیژنەی فەرهەنگی ئەکادیمیای کوردی بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە (سەلام ناوخۆش) ڕاسپێردرا بۆ پێداچوونەوە بە دۆسییەی ئەم پرۆژەیە و پەیوەندی پێویست لەگەڵ ئەو مامۆستایانەی کە پێشتر پەیوەندییان بەم پرۆژەیەوە هەبووە ئەنجامدراوە، ئاماژە بەوە دراوە، کە فەرهەنگی هەرزە بە هەمان ڕێسا و ڕێنووسی فەرهەنگی هەراشان ئامادەکراوە، تەنیا ژمارەی وشەکان بەپێی ژمارە و تەمەن جیاوازن. (هەرزە، ٢٠١٢: ٣- ٤).

ئەرکەکانی پێشەکی لە فەرهەنگی هەرزەدا:

**١- ئاماژەدان بە هێما و کورتکراوەکان:**

بە لیستێک شەش کورتکراوە لە لاپەڕە (٤)ی پێشەکیی فەرهەنگەکەدا دانراوە، بەڵام ئاماژە بە چەند هێمایەک و هێماکانی خاڵبەندی نەدراوە، کە لە فەرهەنگەکەدا بەکارهاتوون، وەک: (.) بۆ کۆتایی ڕستە و (،) بۆ جیاکردنەوەی وشەی هاوواتا و ( ) بۆ پەند یان ناوی شاعیر، کە شیعرەکەی بەکارهاتووە، یان بۆ کورتکراوەی وشەکان بەکارهاتووە و (١- ٢-) بۆ ڕوونکردنەوەی واتای جیاواز یان فرەواتا بەکارهاتووە و (...هتد) بۆ هەتا دوایی و (:) بۆ نموونەی ڕستە بەکارهاتووە، لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا ئاماژە بەکورتکراوە بەکارهاتووەکان دراوە، وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (١٥) هێما کورتکراوەکانی فەرهەنگی هەرزە

| ژ | هێما کوتکراوەکان | وشە |
|---|---|---|
| ١ | (ئام.) | ئامراز |
| ٢ | (ئاک.) | ئاوەڵکار |
| ٣ | (ئان.) | ئاوەڵناو |
| ٤ | (ج.) | جێناو |
| ٥ | (چ.) | چاوگ |
| ٦ | (ن.) | ناو |

لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە چەند کورتکراوەیەک نەدراوە لە لیستی کورتکراوەکان، بەڵام لەناو فەرهەنگەکەدا بەکارهاتوون، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢) کورتکراوە ئاماژە پێنەکراوەکانی فەرهەنگی هەرزە.

**٢- ئاماژەدان بە ئامانجی فەرهەنگ:**

لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە ئامانجی فەرهەنگەکە دراوە، کە بۆ قوتابییانی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی دانراوە.

**٣- ئاماژەدان بە قەبارەی فەرهەنگ:**

لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە قەبارەی فەرهەنگەکە نەدراوە، کە فەرهەنگەکە لە چەند لاپەڕە پێکهاتووە.

**٤- ئاماژەدان بە ژمارەی دەروازەکان:**

لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە ژمارەی دەروازەکانی فەرهەنگەکە نەدراوە، کە چەند دەروازەی فەرهەنگی لە فەرهەنگەکەدا بەکارهاتوون.

**٥- ئاماژەدان بە بەکارهێنەری فەرهەنگ:**

لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە چینی بەکارهێنەری فەرهەنگەکە دراوە، کە بۆ قوتابییانی قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی دانراوە.

**٦- ناوەڕۆکی فەرهەنگ:**

لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە کورتەیەک لە زانیاری لەسەر پێناسەی زمان و زانیاریی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی نەدراوە، لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی ئەرکەکانی پێشەکیی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (١٦) ئەرکەکانی پێشەکی لە پێشەکیی فەرهەنگی هەرزە

| ژ | ئەرکەکانی پێشەکیی فەرهەنگ | فەرهەنگی هەرزە |
|---|---|---|
| ١ | ئاماژەدان بە هێما و کورتکراوەکان | ✓ |
| ٢ | ئاماژەدان بە ئامانجی فەرهەنگ | ✓ |
| ٣ | ئاماژەدان بە قەربارەی فەرهەنگ | × |
| ٤ | ئاماژەدان بە ژمارەی دەروازەکان | × |
| ٥ | ئاماژەدان بە بەکارهێنەری فەرهەنگ | ✓ |
| ٦ | ناوەڕۆکی فەرهەنگ | × |
| | ڕێژەی سەدی | ٪٥٠ |

**٣/٤-٢) دەروازەکانی فەرهەنگی هەرزە:**

دەروازەکانی فەرهەنگەکە بە پیتی تۆخ بە شێوەی یەک ستوون لە لاپەڕەکانی فەرهەنگەکەدا ڕیزکراون و دانراون و واتاکانیان شیکراونەتەوە، هەروەها پیتی یەکەمی دەروازەکانی فەرهەنگەکە لە سەرەوەی لاپەڕەی سەرەتای هەر پیتێک لەناو فەرهەنگەکەدا بە شێوەی گەورەکراوە دانراون.

**٣/٤-٢-١) هەڵبژاردنی دەروازەکان:**

لە فەرهەنگەکە ئاماژە بە دوو ڕێگە دراوە بۆ هەڵبژاردنی دەروازەکانی فەرهەنگ، بریتین لە:

١- دەروازەکانی فەرهەنگ لە کتێبەکانی قوتابخانە لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی کۆکراونەتەوە و ڕەچاوی خوێندنی (شێوەزاری بادینی) و زاری کرمانجی ناوەڕاست لە وەرگرتنی وشە و زاراوەکاندا کراوە، لیستی وشە و زاراوەکان لەگەڵ وشە و زاراوەی پێویست بۆ ئەم قۆناغە کۆکراونەتەوە و دانراون.

٢- سوود لە فەرهەنگی تری کوردی - کوردی وەرگیراوە بۆ ئەم فەرهەنگە و نووسەرانی فەرهەنگەکە بە سەلیقەی خۆیان ڕامان و شیکردنەوەیان بۆ واتای وشەکان کردووە، بە لیژنە وشە و زاراوەکان بۆ فەرهەنگی ئەم دوو قۆناغە کۆکراونەتەوە. (فەرهەنگی هەرزە، ٢٠١٢: ٣).

### ٤/٣-٢-٢) ژمارەی دەروازەکان:

ژمارەی دەروازەکان لە فەرهەنگی هەرزە بریتین لە (٣٤٣٩) دەروازەی فەرهەنگی، کە لە وشە و زاراوەی تایبەت بە قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی و زاراوەی جۆراوجۆر لە بابەتەکانی خوێندن پێکهاتوون و ڕەچاوی هەردوو زارە سەرەکییەکەی زمانی کوردی کراوە، دەروازەکانی فەرهەنگەکە بەسەر (٢٥) پیت دابەشکراون، کە بریتین لە: (ئ ، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ڕ، ز، س، ش، ع، غ، ف، ق، ک، گ، ل، م، ن، ھ ، و، ی)، کە هەندێکیان ژمارەی زۆری دەروازەیان لەخۆگرتووە، وەک: (ب، د، پ، ک)، بەڵام هەندێکیان ژمارەیەکی کەم لە دەروازەی فەرهەنگی وشە و زاراوەیان لەخۆگرتووە، وەک: (غ، ع، ح، ی) و دەروازەکانی فەرهەنگ بە شێوەی یەک ستوون لە لاپەڕەکانی فەرهەنگەکەدا ڕیزکراون و دانراون، بڕوانە خشتەی ژمارە (١٧) تایبەت بە پیتەکان و ژمارەی لاپەڕەی دەروازەکانی فەرهەنگ و ژمارەی دەروازەکانی هەر پیتێک. لەم خشتەیەی خوارەوە پیتەکان و ژمارەی لاپەڕە و ژمارەی دەروازەکانی فەرهەنگ و ڕێژەی سەدی بەکارهێنانی دەروازەکان دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (١٧) دەروازەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە

| ژ | پیت | لاپەڕە | ژمارەی دەروازەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئ | ٧- ٢٠ | ١٩٩ | ٥.٩٠ |
| ٢ | ب | ٢١- ٤٨ | ٣٥٧ | ١٠.٣٨ |
| ٣ | پ | ٤٩- ٦٦ | ٢٥٥ | ٧.٥٢ |
| ٤ | ت | ٦٧- ٨٢ | ٢١٧ | ٥.٩٣ |
| ٥ | ج | ٨٣- ٨٨ | ٦٧ | ٢.١٢ |
| ٦ | چ | ٨٩- ٩٨ | ١٣٠ | ٢.٩٥ |
| ٧ | ح | ٩٩- ١٠٠ | ٣١ | ٠.٩٧ |
| ٨ | خ | ١٠١- ١١٢ | ١٧١ | ٥.٠٤ |
| ٩ | د | ١١٣- ١٣٢ | ٢٧٤ | ٨.٠٢ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠ | ڕ | ١٣٣ -١٤٦ | ١٨٨ | ٥.٥٤ |
| ١١ | ز | ١٤٧ -١٥٤ | ٩٢ | ٢.٧٤ |
| ١٢ | س | ١٥٥ -١٦٨ | ١٨٤ | ٥.٤٣ |
| ١٣ | ش | ١٦٩ -١٧٨ | ١٢٠ | ٣.٥٤ |
| ١٤ | ع | ١٧٩ -١٧٩ | ١٤ | ٠.٤١ |
| ١٥ | غ | ١٨٠ -١٨٠ | ٦ | ٠.١٧ |
| ١٦ | ف | ١٨١ -١٨٤ | ٤٦ | ١.٣٥ |
| ١٧ | ق | ١٨٥ -١٩٠ | ٧١ | ٢.٠٩ |
| ١٨ | ک | ١٩١ -٢٠٤ | ٢٠٢ | ٥.٩٦ |
| ١٩ | گ | ٢٠٥ -٢١٦ | ١٤٥ | ٤.٢٧ |
| ٢٠ | ل | ٢١٧ -٢٢٤ | ٩٧ | ٢.٣٣ |
| ٢١ | م | ٢٢٥ -٢٣٦ | ١٥٥ | ٤.٥٧ |
| ٢٢ | ن | ٢٣٧ -٢٤٦ | ١٣٦ | ٣.٩٨ |
| ٢٣ | ھ | ٢٤٧ -٢٦٠ | ١٧٠ | ٥.٠١ |
| ٢٤ | و | ٢٦١ -٢٦٦ | ٨١ | ٢.٣٩ |
| ٢٥ | ی | ٢٦٧ -٢٦٨ | ٢٥ | ٠.٧٣ |
| کۆی گشتی | | ٢٦٨ | ٣٤٣٩ | ٪١٠٠ |

**٣/٤-٢-٣) جۆری دەروازەکان:**

لە فەرهەنگی هەرزەدا ئاماژە بە جۆری جیاواز لە دەروازەکانی فەرهەنگ دراوە، وەک:

**١- یەکە مۆرفۆلۆژییەکان:**

لە فەرهەنگەکەدا یەکە مۆرفۆلۆژییەکان بەکارهاتوون و واتاکانیان ڕوونکراونەتەوە، وەک:

لە (ئام.) ئامرازێکی پەیوەندییە لە تەک وشەی دی بۆ چەند واتایەک بەکاردێ: قەڵەمەکە لە گیرفانتدایە. (ل ٢١٩)

چونکە (ئام.) ئامرازی مەرجە لە ڕستەی ئاوێتەدا لەبەرئەوەی، بۆیە، چونکی، مادام، ژ بەر هندێ، چون، چونکو: چونکە، نەتخوێند دەرناچی. (ل ٩٦)

**٢- وشەکان:**

لە فەرهەنگەکەدا چەند جۆرێک لە وشە لە ڕووی پێکهاتنەوە بەکارهاتوون، وەک:

وشەی سادە، وەک: دەشت (ن.) زەوی نێوان شاخەکان، پانایی، زەوییەکی بەرفراوان: لە هەرێمی کوردستاندا چەندان دەشتی بەناو بانگ هەن وەک دەشتی سندی و هەریر... هتد. (ل ١٢٣- ١٢٤)

وشەی دارێژراو، وەک: دەستک (ن.) بۆ باقەکا تشتان بکاردهێت کو پێکڤەبن، وەکی دەستکێ پیڤازان، دەستکێ گیای. (ل ١٢٣)

وشەی لێکدراو، وەک: ئامادەکردن (چ.) سازکردن، حازرکردن، چاک کردن: ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکە کۆتایی هات. (ل ١٢)

وشەی لێکدراو (بە ئامراز)، وەک: دەغڵ و دان (ن.) بەروبوومی دانەوێڵە، گەنم و جۆ: دەغڵ و دانی ئەم ساڵ زۆر باشە.

**٣- ئیدیۆم:**

لە فەرهەنگەکەدا کۆمەڵێک ئیدیۆم بەکارهاتوون و واتاکانیان ڕوونکراونەتەوە، وەک:

چاوتێر مەرد، سەخی: سیروان مرۆڤێکی چاوتێرە. (ل ٩٢)

زمان پاک دەم پاک: زمانپاکی بۆ مرۆڤ پێویستە. (ل ١٥١)

لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی دەروازەکانی فەرهەنگ دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (١٨) بەکارهێنانی دەروازەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە

| ژ | دەروازەکانی فەرهەنگ | فەرهەنگی هەرزە |
|---|---|---|
| ١ | هەڵبژادنی دەروازەکان | ✓ |
| ٢ | ژمارەی دەروازەکان | ✓ |
| ٣ | جۆری دەروازەکان | ✓ |
| | ڕێژەی سەدی | ٪١٠٠ |

**٤/٣-٣) ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگی هەرزە:**

لەم فەرهەنگەدا ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ بە دوو جۆر ڕێکخراون، بریتین لە: ڕێکخستنی دەرەکی، کە بەپێی ئەلفبێی فەرهەنگی ڕێکخراون و ڕێکخستنی ناوەکی، کە بە پێی ئەلفبێی زمانی ڕێکخراون.

**٤/٣-٣-١) ڕێکخستنی دەرەکی:**

ڕێکخستنی دەرەکی لە دەروازەکانی فەرهەنگدا بە شێوەی ڕێکخستنی ئەلفبێی سەرەتایی ڕێکخراون، لەم فەرهەنگەدا دەروازەکانی فەرهەنگ بەسەر لە (٢٥) پیت دابەشکراون، کە بەم شێوەیە ڕێکخراون (ئـ ، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ڕ، ز، س، ش، ع، غ، ف، ق، ک، گ، ل، م، ن، هـ ، و، ی) دەروازەکانی فەرهەنگ بە شێوەی یەک ستوون لە لاپەڕەکانی فەرهەنگەکەدا ڕێکخراون.

لە پێشەکیی فەرهەنگەکەدا ئاماژەدراوە بەوەی هەمان ڕێنووسی (فەرهەنگی هەراشان) بۆ (فەرهەنگی هەرزە) بەکارهاتووە، بەڵام دەروازەکانی ئەم دوو فەرهەنگە جیاوازییان هەیە، وەک: لە فەرهەنگی هەرزە (٢٥) پیت بۆ دەروازەکانی فەرهەنگەکە دیاریکراوە، بەڵام لە فەرهەنگی هەراشان (٢٨) پیت بۆ دەروازەکانی فەرهەنگەکە دیاریکراوە و لە ڕووی ژمارەی ئەلفبێی دەروازەکانەوە لە فەرهەنگی هەراشان دەروازەکان بە پیتی (ژ) و (ڤ) هەیە، بەڵام لە فەرهەنگی هەرزەدا نییە و پیتی (ئـ) لە فەرهەنگی هەراشان بە دوو شێوەی (ئا) و (ئە) دانراون، بەڵام لە فەرهەنگی هەرزە بە یەک شێوە پیتی (ئـ) دانراوە.

**٤/٣-٣-٢) ڕێکخستنی ناوەکی:**

لە ڕێکخستنی ناوەکی دەروازەکان لە فەرهەنگەکەدا ڕەچاوی ئەلفبێی زمانی کراوە و بەم شێوەیە ڕێکخراون (ئـ ، ا، ە، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، هـ ، و، وو، ۆ، ی، ێ)، کە لە هەندێک شوێن پاش و پێش کراون، وەک: پیتی (ێ) پێش پیتی (ی) کەوتووە،

بۆ نموونە: وشەی (جێ نزرگە) (ن.) لە پێش (جیاکردنەوە) (چ.) هاتووە و لە هەمان لاپەڕە پیتی (ی) پێش پیتی (ێ) کەوتووە لە وشەی (جێگا) پێش وشەی (جیاوازی) (ن. د.) کەوتووە (ل

٨٨)، ڕێکخستنی ناوەکی دەروازەکانی فەرهەنگ بە دوو شێوە ڕێکخراون، کە بریتین لە: ڕێکخستنی هاوبەشی و ڕێکخستنی هاوبێژی.

**١- ڕێکخستنی هاوبەشی:**

لە فەرهەنگەکەدا دەروازەکانی فەرهەنگەکە بە زۆری بە شێوەی یەک دەروازە واتا جیاوازەکانیان دانراون و ڕوونکراونەتەوە، کە بەم شێوەیە ڕێکخراون:

ئازار (ن.) ١- ژان و ئێش: شکان زۆر بە ئازارە. ٢- ناوی مانگی سێیەم لە ساڵی لە دایک بووندا: بەهار لە ٢١ ی ئازارەوە دەست پێدەکات. ( ل ٩)

**٢- ڕێکخستنی هاوبێژ:**

لەم فەرهەنگەدا هەندێکجار بە شێوەی جیاواز دەروازەکانی فەرهەنگ دانراون و واتاکانیان شیکراونەتەوە، کە بەم شێوەیە ڕێکخراون:

سەرەتا (ئاک.) دەستپێک، پێش وتار و نووسین: سەرەتای دارشتنەکەی جوانە.

سەرەتا (ن.) دەستپێک، پێش دەست، پێشەکی، بەرایی: سەرەتایەکی باشم بۆ گۆڤارەکە دارشت. (ل ١٦٠)

لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (١٩) ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە

| ژ | ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ | فەرهەنگی هەرزە |
|---|---|---|
| ١ | ڕێکخستنی دەرەکی | ✓ |
| ٢ | ڕێکخستنی ناوەکی | ✓ |
| | ڕێژەی سەدی | ١٠٠٪ |

**٤-٤/٣) زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگی هەرزە:**

لە فەرهەنگەکەدا زانیارییە سەرەکییەکان بەکارهاتوون، کە دەتوانرێت بۆ دوو بەش دابەشبکرێن، وەک: یەکەم: زانیاریی ئاستەکانی زمان، دووەم: زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن.

### ٤/٣-٤-١) زانیاریی ئاستەکانی زمان:

لە فەرهەنگەدا ئاماژە بە زانیاریی جۆراوجۆری چەند ئاستێک دراوە، زانیاریی ئاستەکانی زمان بریتین لە: زانیاریی ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی.

### ٤/٣-٤-١-١) زانیارییە دەنگسازییەکان:

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە زانیارییە دەنگسازییەکان نەدراوە، وەک: ئاماژە بە چۆنیەتی خوێندنەوە و هێز و بڕگە و ئاوازە نەدراوە، نیشانەی خاڵبەندی لە فەرهەنگەکەدا لە ڕوونکردنەوەی دەروازەکان بەکاردەهێنرێن، وەک:

بۆ ڕستەی هەواڵی نیشانەی (.)ی بۆ دانراوە، وەک: ئەگینا (ئام.) ئەگەرنا، نەخۆ، ئامرازی مەرجە: زوو بنوو ئەگینا زوو هەڵناستی. (ل ١٦)

ڕستەی سەرسوڕمان نیشانەی (!)ی بۆ دانراوە، وەک: بنە (ن.) ١- بنکە، بارەگا. ٢- پێداویستی سەفەر، کەل و پەل: بنەو بارگەتان تێک نێن با بڕۆین. ٣- گای ناوەند لە گێرەکردندا: خۆ گای بنە نی بۆ ناجوولێی؟! ... هتد. (ل ٤٣-٤٤)

ڕستەی پرسیاری نیشانەی (؟)ی بۆ دانراوە، وەک: چ (ئام پ.) چی ١- چ بکەیە کارێ ئەو دێ هێتە خارێ (پەند) ٢- تە چ گۆت؟ (ل ٨٩)

لە هەندێک شوێنی فەرهەنگەکەدا هەڵەی چاپ و ڕێنووس دەبینرێت، وەک:

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە (مەلایێ جزیری) بە شێوەی (وەلایێ جزیری) (ل ٨٦) دراوە، کە هەڵەی ڕێنووس و چاپە.

لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی زانیارییە دەنگسازییەکان لە فەرهەنگەکەدا دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٢٠) زانیارییە دەنگسازییەکان لە فەرهەنگی هەرزە

| ژ | زانیارییە دەنگسازییەکان | فەرهەنگی هەرزە |
|---|---|---|
| ١ | زانیارییە دەنگسازییەکان | × |
| | ڕێژەی سەدی | ٪٠ |

**٤/٣-٤-١-٢) زانيارییە وشەسازییەکان:**

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە زانیارییە وشەسازییەکان دراوە، کە بریتین لە:

**١- بەشەکانی ئاخاوتن:**

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە بەشەکانی ئاخاوتن دراوە و بە شێوەی کورتکراوە لە تەنیشت دەروازەکان دانراون، وەک:

بەنرخ (ئان.) بەقیمەت، گران: قسەی جوان بەنرخە. (ل ٣٨)

لێرەدا (ئان.) بە واتای (ئاوەڵناو) بەکارهاتووە.

هەندێکجار بە هەڵە بەشەکانی ئاخاوتن بە کورتکراوە دانراون، وەک: پەرش بوونەوە (ئان. د.) (ل ٥٤) بە هاوەڵناو دانراوە، بەڵام چاوگی لێکدراوە.

هەندێکجار کورتکراوە لە تەنیشت دەروازەکە دانەنراوە، وەک: پیاوانە (ل ٦٢) هیچ کورتکراوەیەک لە بەرانبەری دانەنراوە.

**٢- پێکهاتنی وشەکان:**

لە فەرهەنگەکەدا زۆر بە کەمی شێوەی پێکهاتنی وشەکان ڕوونکراونەتەوە، وەک:

پاشگەزبوونەوە (پاش+ گەز+ بوونەوە) (ل ٥١) و پۆلاین (پۆلا+ ین) (ل ٦١)

لە فەرهەنگەکەدا بە زۆری ئاماژە بە پێکهاتنی وشەکان نەدراوە، بەڵام هەموو جۆرێکی وشە، وەک: وشەی سادە و داڕێژراو و لێکدراو بەکارهاتوون، بەم شێوەیە:

وشەی سادە، وەک: بادام (ن.) بادەم: بادامی کوردستان بە تامە. (ل ٢١)

وشەی داڕێژراو، وەک: ئاودار (ئان.) بەئاو و تەڕ: ڕێواسی ئەمساڵ ئاودارە. (ل ١٤)

وشەی لێکدراو، وەک: بەرزکردنەوە (چ.) بڵندکردن: بەرزکردنەوەی هۆشیاری پلانی باشی دەوێ. (ل ٣٠)

**٣- ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە (ناوی نێرینە و مێینە):**

لە فەرهەنگەکەدا لە هەندێک شوێندا ئاماژە بە ناوەکان دراوە، کە ناوی نێرینەن یان مێینەن.

وەک: هشک (ئان.) وشک، ووشک، کزر، بێ ئاڤ، حشک: ددیالێکتا کرمانجیا باکووردا (دار) ئەگەر هشک بوو (نێر) و ئەگەر (تەڕ) بوو (مێیە). (ل ٢٥٨)

ئاماژە بە ناوەکان دراوە، کە بۆ ناوی نێرینە یان مێینە بەکاردێن، وەک:

باپیر (ن.) ١- باوکی دایک و باوک، بابە گەورە: چوار ساڵ لە ماڵی باپیرم ژیاوم. ٢- ناوە بۆ نێرینە: باپیر جوتیارێکی کارامە بوو. (ل ٢١)

هەروەها لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە ڕەگەز لە جێناوی کەسی و جێناوی نیشانە و هاوەڵناوی نیشانە دراوە.

**٤- ناو لە ڕووی ناسراوی (ناوی ناسراو و نەناسراو):**

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە ناوی ناسراو و نەناسراو نەدراوە.

**٥- ناو لە ڕووی ژمارەوە (ناوی تاک و کۆ):**

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە ناوی تاک و کۆ نەدراوە.

لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی زانیارییە وشەسازییەکان دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٢١) زانیارییە وشەسازییەکان لە فەرهەنگی هەرزە

| ژ | زانیارییە وشەسازییەکان | فەرهەنگی هەرزە |
|---|---|---|
| ١ | بەشەکانی ئاخاوتن | ✓ |
| ٢ | پێکهاتنی وشەکان | ✓ |
| ٣ | ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە (ناوی نێرینە و مێینە) | ✓ |
| ٤ | ناو لە ڕووی ناسراوی (ناوی ناسراو و نەناسراو) | × |
| ٥ | ناو لە ڕووی ژمارەوە (ناوی تاک و کۆ) | × |
| | ڕێژەی سەدی | ٪٦٠ |

**٤/٣-٤-١-٣) زانیارییە ڕستەسازییەکان:**

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە زانیارییە ڕستەسازییەکان دراوە، کە بریتین لە:

**١- کار لە ڕووی کاتەوە (کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو):**

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە کار لە ڕووی کاتەوە دراوە، وەک:

کاتی ڕابروو، وەک: ئانین (چ.) ئینان، هێنان، هاوردن، ئانی (کاری ڕابردوویە): بەفرێ سەرما د گەل خوە ئانی. (ل ١٢)

کاتی ڕانەبروو، وەک: پرسین (چ.) پرسیارکرن بپرسیت: (کارێ ڕانەبردوویە)، تشتێ مرۆڤ نەزانیت بپرسیت شەرم نینە. (ل ٥٨)

هەندێکجار ئاماژە بە جۆری ڕێژەی کار دراوە، وەک:

کارێ مەرج، وەک: دڤێ (کاری مەرجە) پێدڤییە، پێویستە، دڤێت. دڤێ ئەو هەر بیت. (ل ١٢٧)

**٢- کار لە ڕووی هێزەوە (کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ):**

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە کار لە ڕووی هێزەوە (کاری تێپەڕ و تێنەپەر) نەدراوە.

**٣-زانیاریی ڕێزمانی لە بەکارهێنانی دەروازەکان:**

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە زانیاریی ڕێزمانی لە بەکارهێنانی دەروازەکان دراوە، وەک:

بۆ (ئام.) ١- بۆ پرسیارکردن، بۆچی؟: بۆ ناخوینیت؟ ٢- تەرخان کردنی شتێک بۆ یەکێک: ئەسیەکە بۆ تۆ بێت. ٣- هۆیەتی دەگەیەنێ: بۆ خوێندن هاتووم. (ل ٤٥)

ئەم ... ە (ئان.) ئاوەڵنای نیشانەیە، ناوەکە دەکەوێتە نێوان هەر دوو پارچەکە: ئەم کتێبە زۆر بەسوودە. (ل ١٧). لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی زانیارییە ڕستەسازییەکان لە فەرهەنگەکە دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٢٢) زانیارییە ڕستەسازییەکان لە فەرهەنگی هەرزە

| ژ | زانیارییە ڕاستەسازییەکان | فەرهەنگی هەرزە |
| --- | --- | --- |
| ١ | کار لە ڕووی کاتەوە (کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو) | ✓ |
| ٢ | کار لە ڕووی هێزەوە (کاری تێپەڕ تێنەپەڕ) | × |
| ٣ | زانیاریی ڕێزمانی لە بەکارهێنانی دەروازەکان | ✓ |
| | ڕێژەی سەدی | ٦٦.٦٦٪ |

**٤/٣-٤-١-٤) زانیارییە واتاسازییەکان:**

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە زانیارییە واتاسازییەکان دراوە، کە بریتین لە:

**١- ئاماژەدان بە هاوواتا:**

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە هاوواتا نەدراوە، تەنیا لە ڕوونکردنەوەی واتای وشەدا بەکارهاتوون بە زۆری لە فەرهەنگدا بەکاردێن و بە فاریزە جیادەکرێنەوە، وەک:

ڕوونکردنەوە بە یەک هاوواتا، وەک: چۆک (ن.) ئەژنۆ (ل ٩٥)

ڕوونکردنەوە بە دوو هاوواتا، وەک: دراوسێ (ن.) هاوسێ، جیران (ل ١٢٦)

ڕوونکردنەوە بە سێ هاوواتا، وەک: یاری (ن.) وازی، گاڵتە، گەمە (ل ٢٦٧)

ڕوونکردنەوە بە چوار هاوواتا، وەک: هاوڕێ (ن. ل.) هاوەڵ، هەڤاڵ، برادەر، دۆست (ل ٢٤٩)

**٢- ئاماژەدان بە دژواتا:**

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە دژواتا دراوە و دژواتا بە وشەی (پێچەوانە) و (بەروڤاژیا) یان (دژ) نووسراوە، دەکرا لە پێشەکیی فەرهەنگەکە وشەکە ڕوونبکرایەتەوە، یان هێمایەکی تایبەت بە دژواتا دابنرایە بۆ تێگەیشتن، نموونەی دژواتا لە فەرهەنگەکە وەک:

خوار (ئان.) ١- چەوت پێچەوانەی ڕاست لار: هێڵەکە خوار نەکێشی. (ئاک.) ٢- لای ژێرەوە، بن، بەر، ژێر. (ل ١٠٩)

ئازاد (ئان.) سەربەست، خۆسەر، سەربەخۆ، بێ سانسۆر بەروڤاژیا (بن دەستی) یە ... هتد (ن.) ناوە بۆ نێر: ئازاد هاریکاری باوکی دەکات. (ل ٩). و تەنک (ئان.) دژی ئەستوور ... هتد (ل ٧٣). لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی زانیارییە واتاسازییەکان دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٢٣) زانیارییە واتاسازییەکان لە فەرهەنگی هەرزە

| ژ | زانیارییە واتاسازییەکان | فەرهەنگی هەراشان |
|---|---|---|
| ١ | ئاماژەدان بە هاوواتا | × |
| ٢ | ئاماژەدان بە دژواتا | ✓ |
| | ڕێژەی سەدی | ٪٥٠ |

**٤/٣-٤-٢) زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن:**

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن دراوە، زانیارییەکان جۆراوجۆرن و بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشیاندەکەین.

**٤/٣-٤-٢-١) زانیاریی گشتگیری:**

لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە زانیاریی گشتگیری (ئینسکلۆپیدی) دراوە و زانیاریی جۆراوجۆر دانراون، کە چەند جۆرێکن. وەک:

**١- ناوی کەس:**

وەک: قەدەم خێر (ن. ک) ناوی ژنە کوردێکە: قەدەم خێر شێرە ژنێکی کورد بوو. (ل ١٨٦)

مەولەوی (ن.) شاعیری کوردی (مەلا عبدالرەحیم تاوەگۆزی) لە هەورەما ژیاوە: مەولەوی شاعیرێکی ناودارە. (ل ٢٣٠)

**٢- ناوی ئاژەڵ:**

وەک: ناوی ئاژەڵ، وەک: پڵنگ (ن.) گیانداری دڕندەی بەناوبانگ: پڵنگ گیاندارکی بەتوانایە. (ل ٦٠)

ناوی باڵندە، وەک: هەڵۆ (ن.) باڵدارێکی ڕەشی گەورەیە: هەڵۆ چاوەکانی تیژە. (ل ٢٥٢)

**٣- ناوی ڕووەک:**

وەک: ناوی ڕووەک، وەک: گوڵە بەیبوون (ن.ل.) جۆرە گوڵێکە: گوڵە بەیبوون گوڵێکی بۆنخۆشە. (ل ٢١٤)

ناوی گیا، وەک: ڕێحانە کێویلە (ن.) جۆرە ڕێحانەیەکی دەشتی بۆنخۆشە: ڕێحانە کێویلە بۆنی خۆشە. (ل ١٤٥)

ناوی میوە، وەک: لیمۆ (ن.) میوەیەکی زەردە وەکو نارنج و پرتەقاڵ: لیمۆ میوەیەکی بەتامە. ٢- ناوی ژنانە: لیمۆ ژنێکی شۆخ و شەنگە. (ل ٢٢٤)

**٤- ناوی شوێن:**

وەک: ناوی وڵات، وەک: عێراق (ن.) ناوی وڵاتە: عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێک دێت. (ل ١٧٩)

ناوی شار، وەک: دهۆک (ن.) شارێکی باشووری کوردستانە: دهۆک شارێکی دڵگیری کوردستانە. (ل ١٢٩)

ناوی شارۆچکە، وەک: ئامێدی (ن.) ناوی شارۆچکەیەکی کوردستانە لە پارێزگای دهۆک: ئامێدی هاوینەهەواری سۆلاڤی لێیە. (ل ١٢)

ناوی گوند، وەک: گڵەزەردە (ن. ل.) ناوی شوێنە، گڵەزەردە گوندێکی کوردستانە. (ل ٢١١)

ناوی هاوینەهەوار، وەک: زاوێتە (ن.) ناوی سەیرانگایەکە لە دهۆک: زاوێتە ناوچەیەکی خۆش و دڵگیرە. (ل ١٤٨)

ناوی شاخ، وەک: بەمۆ (ن.) ناوی شاخێکە: لوتکەی شاخی بەمۆ بەرزە. (ل ٣٧)

لە فەرهەنگەکەدا چەندین ناو وەک: ناوی شوێنی بەناوبانگ و ڕووداوی مێژوویی و دیاردەی جوگرافی و ناوی ئامراز و ئامێرەکان و ناوی نەخۆشی و زانیاری لە بارەی دابونەریت... هتد بەکارهاتوون.

**٤/٣-٤-٢-٢) زانیاریی زاراوەی بوارەکانی خوێندن:**

زانیاریی زاراوەی بوارەکانی خوێندن لەم فەرهەنگەدا بەکارهاتوون، زاراوەی بوارە جیاوازەکانی قۆناغی خوێندن لە بابەتەکانی خوێندن وەرگیراون و ئەم فەرهەنگە ڕەچاوی ڕوونکردنەوەی زاراوەی بوارەکانی خوێندنی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی کردووە، لێرەدا نموونەکان بەپێی وانەکان بە جیا دەخەینەڕوو، بەم شێوەیە:

وانەی کوردی:

وەک: ئەندێشە (ن.) خەیاڵ، بیر: هۆنراوە ئەندێشەی وردی دەوێ. (ل ١٨)

قسەی نەستەق (ن.) وتەی بەنرخ و باش، هەموو نەتەوەیەک قسەی نەستەقی هەیە. (ل ١٨٨)

وانەی زمانی عەرەبی و وانەی زمانی ئینگلیزی بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی دانراون و لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە وشە و زاراوەکانی ئەم دوو وانەیە نادەین، چونکە ئەم فەرهەنگە فەرهەنگێکی (کوردی – کوردی)یە.

بابەتی زانستەکان لە فیزیا و کیمیا و زیندەزانی پێکدێت.

<u>وانەی فیزیا:</u>

وەک: <u>هەلم (ن.)</u> هەڵم، هلم، هێلم: ئاو گەرم بێ، دەبتە هەڵم. (ل ٢٥٤)

<u>تەرمۆمەتر (ن.)</u> پێوەری گەرمی، تەرمۆمەتر جیوەی تێدایە. (ل ٧١)

<u>وانەی کیمیا:</u>

وەک: <u>زێڕ (ن.)</u> کانزایەکی بەنرخ و زەردە: زێڕ لە ئاگردا نافەوتێ. (ل ١٥٣)

<u>زیو (ن.)</u> زیڤ، کانزایەکی لە زێڕ نرخ کەمتەرە و سپی یە، سینی یەکە لە زیو دروست کراوە. (ل ١٥٤)

<u>گۆگرد (ن.)</u> کانزایەکی زەردە زوو گڕ دەگرێ هێمای کیمیایی گۆگرد (S)ە. (ل ٢١٢)

<u>وانەی زیندەزانی:</u>

وەک: <u>ئێسقان (ن.)</u> ئێسک هی مرۆڤ یان ئاژەڵ: خواردنی شیر ئێسقان پتەو دەکات. (ل ١٩)

<u>گەردبین (ن. ل.)</u> وردبین، میکرۆسکۆب: ڤایرۆس بە گەردبین دەدیترێ. (ل ٢٠٥)

<u>وانەی بیرکاری:</u>

وەک: <u>درێژی (ن.)</u> ماوەی نێوان دوو خاڵە، درێژترە لە پانی: ڕووبەری لاکێشە یەکسانە درێژی× پانی. (ل ١٢٧)

بابەتی کۆمەڵایەتی لە مێژوو و جوگرافیا و پەروەردەی نیشتمانی پێکدێت.

<u>وانەی مێژوو:</u>

وەک: <u>هیجری (ن.)</u> کۆچی، ساڵنامەی ئیسلامییە. بەو ناوەش ناونراوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێت) لە مەککە کۆچی کردووە بۆ مەدینە. (ل ٢٥٨)

وانەی جوگرافی:

وەک: ڕووتەن (ئان.) زەوی گیا و گوڵی لێ نەڕواوە، ڕووتاو: زەوی ڕووتەن لە کوردستان کەمە. (ل ١٤٣)

کیشوەر (ن.) قاڕە، چەند وڵاتێک بەیەکەوە کیشوەرێک پێکدێنن: کیشوەری ئاسیا گەورەترین کیشوەرە لە جیهاندا. (ل ٢٠٤)

وانەی ئابووری:

وەک: دەرامەت (ن.) داهات، دەستکەوتێک گوزەرانی پێ بکرێ: دەرامەتی فەرمانبەران دیاری کراوە. (ل ١١٨)

وانەی پەروەردەی نیشتمانی:

وەک: نیشتمان پەروەر (ئان.) وڵات پارێز، خزمەتکاری زێد، نیشتمان پەروەری ئەرکە. (ل ٢٤٦)

وانەی پەروەردەی ئیسلامی:

وەک: حەڵاڵ (ئان.) حەرار، ڕەوا، دژی حەرام، گونجاو. ڕێپێدراو: ئەوەی خوا ڕێی پێداوە حەڵاڵە. (ل ١٠٠).

لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٢٤) زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن لە فەرهەنگی هەرزە

| ژ | زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن | فەرهەنگی هەراشان |
| --- | --- | --- |
| ١ | زانیاریی گشتگیری | ✓ |
| ٢ | زاراوەی بوارەکانی خوێندن | ✓ |
| | ڕێژەی سەدی | ٪١٠٠ |

لە کۆی ئەو خشتە ئامارییانەی تایبەت بە زانیارییە سەرەکییەکانی ئەم فەرهەنگە لەم توێژینەوەیەدا ئەنجامدراون، هەوڵدراوە لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕێژەی بەکارهێنانی زانیارییە سەرەکییەکانی ناو فەرهەنگەکە بخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٢٥) زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە

| ژ | زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگ | فەرهەنگی هەرزە |
|---|---|---|
| ١ | زانیارییە دەنگسازییەکان | ٪٠ |
| ٢ | زانیارییە وشەسازییەکان | ٪٦٠ |
| ٣ | زانیارییە ڕستەسازییەکان | ٪٦٦.٦٦ |
| ٤ | زانیارییە واتاسازییەکان | ٪٥٠ |
| ٥ | زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن | ٪١٠٠ |
| | ڕێژەی سەدی | ٪٥٥.٣٣٢ |

**٤/٣-٥) ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگی هەرزە:**

ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگ چەند جۆرێکن، وەک: ئامرازە گۆکراوەکان و ئامرازە بینراوەکان و ئامرازە بیستراوەکان، بەڵام لەم فەرهەنگەدا تەنیا ئامرازە گۆکراوەکان بەکارهاتوون.

**٤/٣-٥-١) ئامرازە گۆکراوەکان:**

لەم فەرهەنگەدا چەند جۆرێک لە ئامرازی گۆکراو بەکارهاتوون، وەک ڕستە و شیعر و پەندی پێشینان و دەوروبەر (سیاق) ئامرازی گۆکراون لەم فەرهەنگەدا، وەک:

**١- بەکارهێنانی ڕستە:**

ئەو ڕستانەی لەم فەرهەنگە بەکارهاتوون لە ڕووی پێکهاتن و ناوەڕۆکەوە جۆراوجۆرن، وەک: لە ڕووی پێکهاتنەوە، وەک:

ڕستەی سادە، وەک: باڵابەرز (ئان.) بەژن بەرز، بەژن بڵند، کچە باڵابەزەکە هات. (ل ٢٤)

ڕستەی لێکدراو، وەک: ئنجا (ئام.) ئینجا، ئەم جار، ئەم جاریش، ئمجا: نانەکە بخۆ ئنجا برۆ. (ل ١٨)

ڕستەی ئاڵۆز، وەک: کە (ئام.) ئامرازی لێکدەرە لە ڕستەی ئاوێتە: کە هاتی منیش دەڕۆم. (ل ١٩٤)

ڕستە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، وەک: ڕستەی هەواڵی و پرسیاری و سەرسوڕمان، کە لە فەرهەنگەکەدا بەپێی پێویست بەکارهاتوون.

لە پێناسەی ناوەکاندا چەند جۆرێک لە پێناسەی ناوەکان بەکارهاتوون، لەوانە: پێناسەی ئەرکی، وەک: دووربین (ن.) دویربین، وردبین، هویربین، ئامێرێکە شتی دوور نزیک دەکاتەوە. (ل ١٣٠)

**٢- بەکارهێنانی شیعر:**

نموونەی شیعری لە ڕوونکردنەوەی دەروازەی فەرهەنگی بریتین لە (٢٠) نموونەی شیعری، کە لە فەرهەنگەکەدا بەکارهاتوون، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣) تایبەت بە ژمارەی شیعرە بەکارهاتووەکان لە فەرهەنگی هەرزە، کە نموونەی شیعری شاعیران بە زاری گۆران، وەک: (مەولەوی) و زاری کرمانجی ژووروو، وەک: (مەلای جزیری) و زاری کرمانجی ناوەڕاست، وەک: (نالی و پیرەمێرد و کامەران موکری... هتد) بەکارهاتوون، وەک:

چونکی (ئام.) بە ئاڵتوون کوڵمی ناسکی وەک گوڵ، ئەتوانن بەرن بەڵام هیوای دڵ، کڕینی نییە وەکو ئەو گوڵە، چونکە نرخی دڵ تەنیا هەر دڵە. (کامەران موکری) (ل ٩٦)

**٣- بەکارهێنانی پەندی پێشینان:**

لە ڕوونکردنەوەی دەروازەکانی فەرهەنگەکەدا کۆمەڵێک پەند لە هەردوو زارە سەرەکییەکەی زمانی کوردی بەکارهاتوون و ژمارەی پەندە بەکارهاتووەکان بریتین لە (٥٨) پەند بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٤) تایبەت بە ژمارەی پەندە بەکارهاتووەکان لە فەرهەنگی هەرزەدا، لەوانە: پەند بە زاری کرمانجی ژووروو، وەک: ئەرزان (ئاف.) ئەرزان کرۆ هەمبان دڕۆ. (پەند) (ل ١٥) و پەند بە زاری کرمانجی ناوەڕاست، وەک: کۆش (ن.) پاروو بکەوێتە کۆش لە ئەرزی باشترە. (پەند) (ل ٢٠٠)

**٤- بەکارهێنانی دەوروبەر (سیاق):**

لە فەرهەنگەکەدا هەندێکجار لە ڕێگەی دەوروبەرەوە واتای وشەکان ڕوونکراونەتەوە و لێکدراونەتەوە، وەک:

ئاش (ن.) دەستگەهەکە بەرەکێ مەزنێ خڕ ب ئاڤێ یان بە هەوای دزڤڕیت و بۆ هێڕانا گەنمی یان نیسک و نۆکان ب کار دهێت. (ل ١٠)

کوێستان (ن.) ١- زۆزان، کوێستان، کۆسار، شوێنێکی ناو چیایە، لە هاویندا ئاو و هەوای فێنکە و ئاو و لەوەڕی باشی بۆ مەڕ و ماڵات هەیە و سەیرانگایەکی دڵڕفێنە: ڕەوەندەکان لە بەهاردا بەرەو کوێستانەکان هەڵدەکشێن. ٢- ناوە بۆ مێینە. (ل ٢٠٤)

### ٤/٣-٥-٢) ئامرازە بینراوەکان:

ئامرازە بینراوەکان لە فەرهەنگەکەدا بەکارنەهاتوون، کە پێویستییەکی سەرەکی فەرهەنگە و بریتییە لەو وێنە و هێڵکارییانەی کە تایبەتن بە ڕوونکردنەوەی واتای دەروازەکانی فەرهەنگ، و بەکارنەهێنانی ئەم ئامرازانە لە فەرهەنگەکەدا بە کەموکوڕی بۆ فەرهەنگەکە دادەنرێت، چونکە ئەم ئامرازانە لە فەرهەنگی فێرکاری ڕۆڵی گرنگیان هەیە.

### ٤/٣-٥-٣) ئامرازە بیستراوەکان:

ئامرازە بیستراوەکان لە فەرهەنگەکەدا بەکارنەهاتووە، کە پێویستییەکی سەرەکیی فەرهەنگی فێرکارییە دەبوو بە شێوەی (سیدی) یان (دیڤیدی) یان لە ئینتەرنێت یان بە ئەپلیکەیشن دابنرایە. لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگەکە دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٢٦) ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە

| ژ | ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگ | فەرهەنگی هەرزە |
|---|---|---|
| ١ | ئامرازە گۆکراوەکان | ✓ |
| ٢ | ئامرازە بینراوەکان | × |
| ٣ | ئامرازە بیستراوەکان | × |
| | ڕێژەی سەدی | ٣٣.٣٣٪ |

### ٤/٣-٦) پاشکۆکان لە فەرهەنگی هەرزە:

فەرهەنگی هەرزە هیچ پاشکۆیەکی نییە، و پاشکۆکان لە فەرهەنگی فێرکاری گرنگی زۆریان هەیە و زانیاریی گرنگ لەخۆدەگرن و لەم فەرهەنگەدا ئەم بنەمایەی فەرهەنگ ڕەچاونەکراوە،

که لایەنێکی کەموکوورپییە بۆ فەرهەنگەکە، دەکرا بە شێوەی لیستی وشە هاوواتا و دژواتاکان و وێنە و هێڵکاری تایبەت بەو دوو قۆناغەی خوێندن لە پاشکۆی فەرهەنگەکە دابنرایە.

لەم خشتەیە خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی پاشکۆکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگەکەدا دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٢٧) پاشکۆکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە


| ژ | پاشکۆکان | فەرهەنگی هەرزە |
|---|---|---|
| ١ | پاشکۆ | × |
| | ڕێژەی سەدی | ٪٠ |

لە کۆی گشتی ئەو خشتە ئامارییانەی لە بەکارهێنانی بنەماکانی فەرهەنگەکەدا لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراون، هەوڵدراوە جێبەجێکردنی بنەماکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە لەم خشتەیەی خوارەوە بە ڕێژەی سەدی بخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٢٨) جێبەجێکردنی بنەماکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە


| ژ | بنەماکانی فەرهەنگ | فەرهەنگی هەرزە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکیی فەرهەنگ | ٪٥٠ |
| ٢ | دەروازەکانی فەرهەنگ | ٪١٠٠ |
| ٣ | ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ | ٪١٠٠ |
| ٤ | زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگ | ٪٥٥.٣٣٢ |
| ٥ | ئامرازە دیارەکانی فەرهەنگ | ٪٣٣.٣٣ |
| ٦ | پاشکۆکان | ٪٠ |
| | ڕێژەی سەدی | ٪٥٦.٤٤ |

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا دەگەین بەو ئەنجامانەی کە لە کۆی گشتی ئەو خشتە ئامارییانەی لەم توێژینەوەیەدا ئەنجامدراون، هەوڵدراوە لەم چارتەی خوارەوەدا جێبەجێکردنی بنەماکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە بخەینەڕوو.




چارتی ژمارە (٢) جێبەجێکردنی بنەماکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە

لەم توێژینەوەیەدا لە کۆی گشتی ئەو خشتە ئامارییانەی بۆ هەڵسەنگاندنی بەکارهێنانی بنەماکانی فەرهەنگ لە هەردوو (فەرهەنگی هەراشان) و (فەرهەنگی هەرزە) ئەنجامدراون، هەوڵدراوە لەم چارتەی خوارەوەدا جیاوازی بەکارهێنانی بنەماکانی فەرهەنگ لە هەردوو فەرهەنگەکەدا بخرێتەڕوو.




چارتی ژمارە (٣) جێبەجێکردنی بنەماکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەراشان و هەرزە

# ئەنجام

١- پێشەکیی فەرهەنگی فێرکاری پێویستی بە زانیاریی زمانەوانی هەیە، کە لە پێشەکیی فەرهەنگی هەراشان و فەرهەنگی هەرزەدا ئاماژە بەم زانیارییانە نەدراوە و زیاتر کاری لیژنەکانی دانانی فەرهەنگ ڕوونکراوەتەوە.

٢- لە هەردوو فەرهەنگەکەدا لە ڕێکخستنی دەروازەکانی فەرهەنگ لە ڕووی ژمارەی ئەلفبێی فەرهەنگی جیاوازییان هەیە، کە پێویستە ئەلفبێی فەرهەنگی لە ڕووی ژمارەی پیتەکان و ڕیزبەندییان لە فەرهەنگدا هاوشێوە بن.

٣- لە هەردوو فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە ئامرازە بیستراوەکان نەدراوە، کە هەبوونی ئەم ئامرازانە کارێکی گرنگە لە فەرهەنگە نوێیەکاندا و دەبوو بە شێوەی سیدی یان دیڤیدی لەگەڵ فەرهەنگەکەدا هاوپێچبکرایە.

٤- لە هەردوو فەرهەنگەکەدا پاشکۆکان بەکارنەهاتوون، کە لە فەرهەنگدا بنەمایەکی سەرەکییە و بە تایبەتی لە فەرهەنگی فێرکاریدا، کە دەبوو پاشکۆی تایبەت بە وانەکانی خوێندن دابنرایە.

٥- لە هەردوو فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە زانیاریی زاراوەی زانستی لە بوارە جیاوازەکانی بابەتەکانی خوێندن دراوە.

٦- زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگ وەک زانیاریی ئاستەکانی زمان و زانیاریی گشتگیری (ئینسکلۆپیدی) و زاراوەی بوارەکانی خوێندن لەم جۆرە فەرهەنگانە پێویست و گرنگن، کە لە هەردوو فەرهەنگەکەدا بە باشی ئاماژەی بۆ کراوە.

٧- ڕەچاوی بەکارهێنانی جۆری جیاوازی دەروازە فەرهەنگییەکان کراوە لە هەردوو فەرهەنگەکە، وەک یەکە مۆرفۆلۆژییەکان و وشەکان و ئیدیۆمەکان و لە هەردوو فەرهەنگەکەدا بەکارهاتوون و واتاکانیان شیکراونەتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی

### کتێب


- ئەمین، وریا عومەر (٢٠٠٩)، *ئاسۆیەکی تری زمانەوانی*، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

- البصیر، کامل حسن (١٩٧٩)، *زاراوەی کوردی لیکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن*، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سلێمانی لەبەڕێوەبەریتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی لە چاپدراوە.

- حاجی مارف، ئەوڕەحمان (١٩٧٥)، *وشەی زمانی کوردی*، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

- حاجی مارف، ئەوڕەحمان (١٩٨٧)، *لە بواری فەرهەنگنووسیی کوردیدا*، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیریی و لاوان، بەغدا.

- حاجی مارف، ئەوڕەحمان (٢٠١٤)، *ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، وشەسازی، بەشی پێنجەم کردار*، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی دووەم، هەولێر.

- حسەین، شیلان عومەر (٢٠٠٩)، *ئیدیۆم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا*، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا (٢٠٠٩)، *ڕێزمانی کوردی بەشەکانی ئاخاوتن*، چاپخانەی منارە، چاپی یەکەم، هەولێر.

- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا (٢٠١٥)، *ڕستەسازی*، ناوەندی ئاوێر، چاپی سێیەم، هەولێر.

- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا (٢٠١٦)، *زمانەوانی کارەکی، بەرگی دووم*، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی یەکەم، هەولێر.

- دزەیی، عبدولواحید موشیر (٢٠١٤)، *واتاسازی وشە و ڕستە*، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی سێیەم، هەولێر.

- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١١)، *لێکسیکۆلۆجی*، چاپخانەی ماردین، چاپی یەکەم، هەولێر.

- سەعید، یووسف شەریف (٢٠١٣)، *وشەسازی چالاکی لێژنەی ڕێزمان*، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر.

- شێخ تەیب، شەهاب (٢٠٢١)، *فەرهەنگسازی*، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، هەولێر.

- عەبدوڵڵا، ڕۆژان نووری (٢٠١٣)، *فەرهەنگی زمان و زاراوەسازیی کوردی*، لە بڵاوکراوەی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی دووەم، سلێمانی.

- عەلی، تاڵیب حوسێن (٢٠١٤)، *هەندێ لایەنی پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە زمانی کوردیدا*، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم، هەولێر.

- فتاح، محمد معروف (٢٠١١)، *زمانەوانی*، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم، هەولێر.

- مەحویی، محمد (٢٠٠٩)، *زانستی هێما هێما، واتا و واتالێکدانەوە، بەرگی دووەم*، چاپخانەی پەیوەند، زانکۆی سلێمانی.

- محمدصالح، شکۆفە حسین (٢٠٢١)، *هەڵسەنگاندنێکی زمانەوانیی فەرهەنگنووسیی کوردی فەرهەنگەکەی زەبیحی بە نموونە*، دەزگای نارین، هەولێر.

- ناوخۆش، سەلام - نەریمان خۆشناو (٢٠١٠)، *زمانەوانی، بەرگەکانی (١،٢،٣)*، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر.

- وەیس، غازی فاتح (١٩٨٤)، *فۆنەتیک*، لە بڵاوکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان زنجیرە /٥/، چاپخانەی الأدیب البغدادیة، چاپی یەکەم، بەغدا.

**نامە ئاکادیمییەکان**

- تۆفیق، بەناز ڕەفیق (٢٠٠٨)، *ڕێگە بنەڕەتییەکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی لە دیالێکتی خوارووا*، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.

- سەعید، محەمەد مەجید (٢٠١٥)، فەرهەنگ و پرۆسەی بەلێکسیمبوون، نامەی ماستەر، فەکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- عەبدولڕەحیم، عوسمان کەریم (٢٠١٤)، *وشەی زمانی کوردی و ڕێگەکانی دەوڵەمەندکردنی*، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- عەبدولغەنی، سۆزان سەعدوڵڵا (٢٠١٩)، *وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوە لە زمانی کوردیدا*، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- غریب، دڵشاد محمد (٢٠١٩) ، *هێز و ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکوکدا*، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

- محمدامین، هاژە چیچۆ (٢٠١٥) *داڕشتەی زمانی یاسایی لە زمانی کوردیدا*، نامەی ماستەر، زانکۆی سۆران.

**گۆڤارەکان**

- حسین، ڕێژنە معروف – شنۆ عەوڵا حمەدئەمین (٢٠٢٠)، *تەکنەلۆژیا و دەروازەیەک بە ڕووی کراونەوەی فەرهەنگدا*، مجلة جامعة کرکوک/ للدراسات الانسانیة، المجلد ١٥، العدد ١.

- حمەئەمین، خۆشناو عەزیز - سەلام ڕەحیم ڕەشید (٢٠١٩)، *فەرهەنگی زمان و پرۆسە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا*، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ٦ (١).

- طاهر، شەهاب طیب (٢٠٢٠)، *بنەما و ڕەگەزەکانی فەرهەنگی قوتابخانەیی*، مجلة جامعة کرکوک/ للدراسات الانسانیة، المجلد ١٥، العدد ٢.

- طاهر، شهاب طیب (٢٠١٩)، *بنەما نوێیەکانی فەرهەنگنووسی کوردی (فەرهەنگی کوردستان) و (قامووسی زمانی کوردی) بە نموونە*، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ١، بەرگی ٦.

- عەلی، سەباح موسا (٢٠١٨)، *فەرهەنگ و لێکسیکۆگرافیای گشتی و فەرهەنگی زمانی کوردی*، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی پێنجەم، ژمارە ١٥.

- فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠٠١)، *زمانەوانی و فەرهەنگسازی و دەوڵەمەندکردنی دەروازە فەرهەنگییەکان*، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە (١٩).

**فەرهەنگەکان**

- فەرهەنگی هەراشان (٢٠٠٧)، کۆمەڵێک مامۆستا، لیژنەی فەرهەنگی کۆڕی زانیاری کوردستان، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- فەرهەنگی هەرزە (٢٠١٢)، کۆمەڵێک مامۆستا، لیژنەی فەرهەنگی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**به زمانی عەرەبی**

**کتێب**

- القاسمي، علي (١٩٩١)، *علم اللغة و صناعة المعجم*، مطابع جامعة الملك سعود، الطبعة الثانية.

- القاسمي، علي (٢٠٠٢)، *المعجمية العربية: بين النظرية و التطبيق*، مكتبة لبنان ناشرون، الطبعة الأولى، بيروت- لبنان.

- عبدالجليل، عبدالقادر (٢٠١٤)، *المدارس المعجمية دراسة في البنية التركيبية*، دار الصفاء للنشر و التوزيع، الطبعة الثانية، عمان، الاردن.

- عمر، أحمد مختار (٢٠٠٩)، *صناعة معجم الحديث*، عالم الكتب، الطبعة الثانية، القاهرة.

**نامە ئەکادیمییەکان**

- بن دخان، سارة (٢٠١٥- ٢٠١٦)، *المعجم العربي بين النشأة و التطور "دراسة مقارنة للتعريف بين معجم أساس البلاغة و معجم الوسيط"*، رسالة ماجستير، جامعة العربي بن مهيدي – أم البواقي، كلية الاداب و اللغات، الجزائر.

- بن مدور، سليمة (٢٠٠٥- ٢٠٠٦)، *المعجم المدرسي بين التأليف و الاستعمال دراسة وصفية تحليلية ميدانية*، رسالة ماجستير، جامعة الجزائر.

- بوشنة، عبدالقادر (٢٠١٨- ٢٠١٩)، *المعجم العربي المدرسي- دراسة وصفية في ضوء الدرس اللساني*، اطروحة، جامعة محمد لمين دباغين –سطيف٢، كلية الاداب و اللغات، الجزائر.

- بوقنه، صفية (٢٠١٤- ٢٠١٥)، *معاجم المعاني في اللغة العربية –فقه اللغة و سر العربية للثعالبي أنموذجا- دراسة دلالية معجمية، رسالة ماجستير*، جامعة الشهيد حمه لخضر- الوادي- الجزائر.

- تارش، جموعي (٢٠١٢- ٢٠١٣)، *المعاجم الموجهة للطلاب في ضوء المعجمية الحديثة معجم الطلاب ليوسف شكري فرحات* – عينة، رسالة ماجستير جامعة قاصدي مرباح - ورقلة.

- صديقى، ليندة – زينب تكلال (٢٠١٩- ٢٠٢٠)، *الشاهد في المعاجم المدرسية دراسة في قاموس مرشد الطلاب عربي – عربي انموذجا*، رسالة ماجستير، جامعة مولود معمري -تيزي وزو، كلية الاداب و اللغات.

- طريلى، العربي (٢٠١١- ٢٠١٢)، *معالجة المادة المعجمية في القاموس المحيط للفيروزأبادي*، رسالة ماجستير جامعة الحاج لخضر – باتنة، الجزائر.

- لشهب، حياة (٢٠١٠- ٢٠١١)، *المعجم العربي الحديث بين التقليد و التجديد المعجم الوسيط نموذجا*، رسالة ماجستير، كلية الاداب و اللغات، جامعة فرحات عباس –سطيف، الجزائر.

- مامه، سەنگەر علي (٢٠١٣)، *صناعة معجم بين اللغتين العربية و الكردية – دراسة تقابلية في معاجم احادي اللغة*، اطروحة دكتورا، كلية التربية ابن رشد، جامعة بغداد.

**گۆڤارەکان**

- البار، عبدالقادر (٢٠١٤)، *مكانة المعجم في علم اللغة*، جامعة قاصدي مرباح – ورقلة، الجزائر.

- أمرير، يوسف (٢٠٢٠) *دور المعجم في تعليم وتعلم اللغة العربية و ثقافتها: (معجم الغني الزاهر نموذجا)* مجلة الميادين للدراسات في علوم الانسانية، المجلد الثاني، العدد الثالث.

- بلخيرى، عبد المالك (٢٠١٨)، *المعجم بين المقاربة الافرادية و الفرضية المعرفية دراسة في صناعة المعجم المدرسي*، جامعة زيان عاشور – الجلفة- ، مجلة المرتقى، المجلد١، العدد١.

- تارش، جموعى – لبوخ بوجملين (٢٠١٥)، *المعجم التعليمى: مفهومه، خطوات صناعته*، المعلومات المقدمه فيه، المجلة الأثر، العدد ٢٣.

- تارش، جموعى – مسعود غريب (٢٠٢٠)، *المعجم التعليمى : مفهومه و مواسفاته*، مجلة علوم اللغة العربية و ادابها، المجلد ١٢، العدد ١.

- سناني، سناني (٢٠١٤)، *التعريف المعجمى.. انواعه ووسائله في المعاجم العربية*، مجلة مجمع اللغة العربية على الشبكة العالمية، العدد السادس.

- ضياف، فاطمة الزهراء (٢٠١٩)، *دور المقدمة و الملاحق في المعجم المدرسي*، مجلة العربية، العدد (٢)، المجلد (٦).

- محمد، حسن محمد (٢٠١٦)، *نظام وترتيب معاجم الالفاظ العربية: (معجم العين للخليل نموذجا)*، journal of education and social sciences, vol 4 (june).

- مدكور، عمرو (٢٠١٨)، *المعجم بين اليات الصناعة و وسائط المستخدم*، مجلة كلية الأداب- جامعة بني سويف، عدد ٤٨.

**به زمانی ئینگلیزی**

- Jack C Richards, John Platt, Heidi Plat (1992), *Longman Dictionary of Language and Applied Linguistics*, Second Edition, Longman Dictionaries.

- R. R. K. Hartmann, Gregory James, (2002), *Dictionary of Lexicography*, Taylor & Francis e-Library, Second Published.

# پاشکۆکان

## پاشکۆی ژمارە (١) ژمارەی وێنە بەکارهاتووەکان لە فەرهەنگی هەراشان

| ژ | دەروازەکانی فەرهەنگ | ژ. وێنە | ژ | دەروازەکانی فەرهەنگ | ژ. وێنە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئا | ٣ | ١٥ | ش | ٢ |
| ٢ | ئە | ٥ | ١٦ | ع | نییە |
| ٣ | ب | ١٢ | ١٧ | غ | نییە |
| ٤ | پ | ٨ | ١٨ | ف | ٣ |
| ٥ | ت | ٥ | ١٩ | ڤ | نییە |
| ٦ | ج | ٤ | ٢٠ | ق | ٣ |
| ٧ | چ | ٥ | ٢١ | ک | ٨ |
| ٨ | ح | نییە | ٢٢ | گ | ١ |
| ٩ | خ | ٢ | ٢٣ | ل | ٢ |
| ١٠ | د | ٥ | ٢٤ | م | ١٠ |
| ١١ | ڕ | ٤ | ٢٥ | ن | ٢ |
| ١٢ | ز | ٢ | ٢٦ | هـ | ١ |
| ١٣ | ژ | نییە | ٢٧ | و | ٤ |
| ١٤ | س | ٨ | ٢٨ | ی | ١ |

## پاشکۆی ژمارە (٢) کورتکراوە ئاماژە پێنەکراوەکان لە فەرهەنگی هەرزە

| ژ | کورتکراوە | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ئەسپایی (ن. و.) | ل ١٦ |
| ٢ | ئاواتەخواز (ن. ب.) | ل ١٣ |
| ٣ | ئاوارەیی (ن. م.) | ل ١٣ |
| ٤ | ئاوداشتن (ن. ک.) | ل ١٤ |
| ٥ | ئەدەبدۆست (ن. ن.) | ل ١٤ |
| ٦ | ئەڤە (ج. ن.) | ل ١٦ |
| ٧ | بە باشی (ئاک. چ.) | ل ٢٦ |
| ٨ | پێوەبەستراو (ئا. ک. د.) | ل ٦٦ |
| ٩ | کرنووش بردن (چ. ل) | ل ١٩٨ |
| ١٠ | ئەز (ج .ک.) | ل ١٥ |
| ١١ | ئەنتیکەخانە (ن. ل.) | ل ١٧ |
| ١٢ | ئاوایی (ن. د.) | ل ١٣ |
| ١٣ | ئەرێ (ج. پ.) | ل ١٥ |
| ١٤ | بەدەمار (ئان. ل.) | ل ٢٨ |
| ١٥ | پەرش بوونەوە (ئان. د.) | ل ٤٥ |
| ١٦ | زرنگانەوە (ک. د.) | ل١٥٠ |
| ١٧ | کتکت (ئان. ژ) | ل ١٩٥ |
| ١٨ | حەچی (ئان. ن.) | ل ٩٩ |
| ١٩ | ی (ئام. خ) | ل ٢٦٧ |

**پاشكۆی ژمارە (٣) ژمارەی شیعرە بەكارهاتووەكان لە فەرهەنگی هەرزە**

| ژ | دەروازە و ناوی شاعیر | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ئاخر (ئا ن.) قانع | ل ٧ |
| ٢ | ئازادی (ن. و) بێكەس | ل ٩ |
| ٣ | ئالاّ (ن.) مەولەوی | ل ١١ |
| ٤ | ئەستێرە (ن.) (پیرەمێر) | ل ١٦ |
| ٥ | جۆ (ن.) (مەلای جزیری) | ل ٨٦ |
| ٦ | جۆش سەندن (چ.) (حاجی قادر) | ل ٨٦ |
| ٧ | چونكی (ئام.) (كامەران موكری) | ل ٩٦ |
| ٨ | خەو (ن.) (ئەحمەد موختار) | ل ١٠٤ |
| ٩ | خەون (ن.) (مەولەوی) | ل ١٠٥ |
| ١٠ | خۆ (ج. خ.) (حەریق) | ل ١٠٦ |
| ١١ | خۆش(ئان.) (كامەران موكری) | ل ١٠٧ |
| ١٢ | دەركەڤتن (چ.) (پیرەمێرد) | ل ١١٩ |
| ١٣ | دەڤ (ن.) (نالی) | ل ١٢٤ |
| ١٤ | دوڕ (ن.) (نالی) | ل ١٢٩-١٣٠ |
| ١٥ | دیسا (ئاک.) (مەلایێ جزیری) | ل ١٣١ |
| ١٦ | دیل (ن.) (هیوا) | ل ١٣١-١٣٢ |
| ١٧ | زڤستان (ن.) (نالی) | ل ١٥١ |
| ١٨ | شەڤ (ن.) (پیرەمێرد) | ل ١٧٣ |
| ١٩ | گەر (ئام.) (هێمن موكریانی) | ل ٢٠٥ |
| ٢٠ | مەهـ (ن.) (حاجی قادری كۆیی) | ل ٢٣٠ |

**پاشکۆی ژمارە (٤) ژمارەی پەندە بەکارهاتووەکان لە فەرهەنگی هەرزە**

| ژ | دەروازە | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ئاخافتن (چ.) | ل ٧ |
| ٢ | ئەرزان (ئاف.) | ل ١٥ |
| ٣ | ئەڤە (ج. ن.) | ل ١٦ |
| ٤ | بەرامبەر (ئاک.) | ل ٢٩ |
| ٥ | برسی | ل ٤١ |
| ٦ | بلا (ئام.) با | ل ٤٢ |
| ٧ | بلەز (ئاک.) | ل ٤٢ |
| ٨ | پار (ئان.) | ل ٤٩ |
| ٩ | پویش (ن.) | ل٦١-٦٢ |
| ١٠ | تەخت (ئان.) | ل ٧٠ |
| ١١ | تەکبیرکردن (چ.) | ل ٧٢ |
| ١٢ | تەنک (ئان.) | ل ٧٣-٧٤ |
| ١٣ | تڕاش (ن.) | ل ٧٥ |
| ١٤ | تشت (ن.) | ل ٧٦ |
| ١٥ | تۆڤ (ن.) | ل ٧٧ |
| ١٦ | جلک (ن.) | ل ٨٥ |
| ١٧ | جهـ (ن.) | ل ٨٦ |
| ١٨ | جۆ (ن.) | ل ٨٦ |
| ١٩ | چ (ئام. پ) | ل ٨٩ |
| ٢٠ | چاڤ (ن.) | ل ٩٠ |
| ٢١ | چاکی (ن. و.) | ل ٩٠ |
| ٢٢ | چەرین (چ.) | ل ٩٣ |
| ٢٣ | حەتا (ئام.) | ل ٩٩ |
| ٢٤ | حەچی (ئان. ن.) | ل ٩٩ |
| ٢٥ | خازتن (چ.) | ل ١٠١ |
| ٢٦ | خەون (ن.) | ل ١٠٥ |
| ٢٧ | خۆش (ئان.) | ل ١٠٧ |
| ٢٨ | خولک (ن.) | ل ١١١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٩ | داوەت (ن.) | ل ١١٧ |
| ٣٠ | دەرزی (ن.) | ل ١١٩ |
| ٣١ | دڕیان (چ.) | ل ١٢٧ |
| ٣٢ | دوژمن (ن.) | ل ١٢٩ |
| ٣٣ | دیاری (ن.) | ل ١٣١ |
| ٣٤ | ڕوی (ن.) | ل ١٤٤ |
| ٣٥ | سڤک (ئان.) | ل ١٦٥ |
| ٣٦ | شیرین (ئان.) | ل ١٧٧ |
| ٣٧ | کەڤر (ن.) | ل ١٩٥ |
| ٣٨ | کەڤن (ن. ئان.) | ل ١٩٥ |
| ٣٩ | کردە (ن. ب.) | ل ١٩٨ |
| ٤٠ | کچ (ن.) | ل ١٩٨-١٩٩ |
| ٤١ | کۆش (ن.) | ل ٢٠٠ |
| ٤٢ | کورت (ئان.) | ل ٢٠٢ |
| ٤٣ | کولاڤ (ن.) | ل ٢٠٢ |
| ٤٤ | کویر (ئان.) | ل ٢٠٣ |
| ٤٥ | گەشبوون (چ.) | ل ٢٠٦ |
| ٤٦ | گەلەک (ئان.) | ل ٢٠٧ |
| ٤٧ | گران (ئان.) | ل ٢٠٩ |
| ٤٨ | گرێ (ن.) | ل ٢١٠ |
| ٤٩ | گۆتن (چ.) | ل ٢١١ |
| ٥٠ | گونەهبار (ن. ئان) | ل ٢١٤ |
| ٥١ | گوهـ (ن.) | ل ٢١٤ |
| ٥٢ | لۆمە (ن.) | ل ٢١٧ |
| ٥٣ | مال (ن.) | ل ٢٢٦ |
| ٥٤ | ناڤ (ن.) | ل ٢٣٨ |
| ٥٥ | هەڕی (ن.) | ل ٢٥١ |
| ٥٦ | هەکە (ئام.) | ل ٢٥٢ |
| ٥٧ | هەمی (ئان.) | ل ٢٥٥ |
| ٥٨ | هەیڤ (ن.) | ل ٢٥٧ |

## Abstract

This thesis which is entitled "Principles of Didactic Dictionary (Harashan، Harza) as a Case of Study", We used statistical method, described Lexicology, the concept of didactic dictionary and those nessessary principles used in didactic dictionary specific for basic education students. We mentioned the properties of those kinds of dictionary and showed statistical tables on using principles of didactic dictionary. The percentage of using and applying those principles are mentioned in detail on two dictionaries (Harashan Dictionary), (Kurdish – Kurdish) didactic dictionary for primary schools and (Harza Dictionary), (Kurdish – Kurdish) didactic dictionary for secondary and high school students. We assessed both dictionaries from the perspective of the principles and showed the percentage of using the principles of didactic dictionary.



Keywords: Didactic Dictionary, Principles of Dictionary, Lexical Entry, Lexicography.

# Principles of Didactic Dictionary

# (Harashan, Harza) as a Case of Study

A Thesis

Submitted to the Council of the College of Education and Language at Charmo University - Chamchamal in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Language

by

**Fakhir Najmadeen Qara Mohammed**

BA Degree in Kurdish Language and literature, Kirkuk University year (2015)

Supervised by

**Dr. Suzan Saadulla Abdulghany**

Bafranbar 2722 K January 2023 AD